# پێشەنگ

گۆڤارێکی ڕامیاری و ڕۆشنبیرییە ڕاگەیاندنی ناوەندی پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان دەریدەکات

ژمارە (٩) — ساڵی: ٣ — تەموزی ١٩٨٥



شەهید فارس (عیزەت عەبدولعەزیز)



شەهید جەمال
(جەمال محمد باکۆزی)



شەهید هەکار
(ئەنوەر محمد سالح)



شەهید جەنگۆ (یونس مستەفا شێخانی)



شەهید دەشتی
(ئەحمەد تەها عوبەید)



شەهید مەمۆ
( مسکین برو عەلی )



شەهید سیامەند
( ئەحمەد تاهیر ئەرتووشی)

دەستنەسارتێک: چالاک
chalakmuhamad@gmail.com

بۆ یادی سی و پێنج ساڵەی کۆچی
دوایی شاعیرو ئەدیب و ڕۆژنامەنووسی
پایە بڵند ( پیرە میرد )ی نەمر



وەفدی
کوردستان

وەفدی کوردستان میللەت فرۆشان
هەرزە وەکیلی شاری خامۆشان
چەپکێ لە گوڵەکەی باغەکەی سەرا
کە بە خوێناوی لاوان ئاو درا
بی بەنە خزمەت عەرشی عێراقی

بڵێن یار باقی و هەم سوحبەت باقی
پەردەو تارای سوور بەرن بۆ ئەمیر
بڵێن پاشکوشتار ، هێشتا تۆی دڵگیر
دەک خەجاڵەت بن لەڕووی مەحشەرا !!
ئێمە خاکی غەم ئەکەین بە سەرا
ئێوەش ئەو عەرشی بەخوێن گوڵڕەنگە

سوجدەی بۆ ئەبەن هیچ ناڵێن نەنگە
کورد نەمردووە ، خەیاڵتان خاوە
بەراتی نەجات بەخوێن نووسراوە
من ڕەنگی سوورم بۆیە خۆش ئەوی
مژدەی شەفەقی لێ دەر ئەکەوی



خوپیشاندان دژی ڕژێمی خوێنڕێژی عێراق لەسوید





# پێشـەنگ

گۆڤارێکی ڕامیاری و ڕۆشنبیرییە ڕاگەیاندنی ناوەندی پارتـی دێموکراتی گەلی کوردسـتان دەری دەکـات .







نرخی (٥٠٠) فلسـه

# لەم ژمارەیەدا


٤ـ بەیاننامەی کۆتایی هێنان بەکۆبونەوەیکۆمیتەی ناوەندی .

٨ـ شەهیدانی کوردستان شەهیدانی گـــــەل

١١ـ لە بیرەۋەرییەکانم .... نوری شاوەیسی نەمر

١٥ـ نـــۆی حوزەیران ... ئۆردوگای زیـــــوە

١٦ـ قەزافی : لایەنگرتنی میللەتی کـــورد

١٧ـ حەیدەر کۆتلو: ئەمینداری پارتی کۆمۆنیستـــی تورکیا : گەلی کوردومافی خۆبڕیاردانی چارە نووس و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ .

١٩ ئیسماعیل باشکچی..نامەیەکی مێژووی بـــــۆ بەرگری لە نەتەوەی کورد ....

٢٠ـ یادی چل ساڵەی کۆتایی هێنان بەجەنگی جیهانی دوۋەم ..........

٢٢ـ لەکەلەپووری شۆڕشگێرانەی گەلەکەمان ......

٢٤ـ کێشـەی چینایەتی ..... نەحمەددینی کەریـــم

٢٧ـ ئانابازیس .. نووسینی کزینفۆن .. وەرگێڕانی جەمشیـــد کـوردو .

٣٤ـ ڕۆژ ژمێری کـــوردستان .........

٣٥ـ لەیادی قارەمانێکی نەمردا ..... سەلام

٣٨ـ ئاخ دەبا ڕۆژگار وابێ ..شیعر .. کرمانـج

٣٨ـ دیارییەکی نەورۆز .. شیعر ... سەمیـرە

٣٩ـ ژانە کانی ئەودیو سنوور .. شیعر.. چیـــا

٣٩ـ گـــۆڕ ... شیعر ... فخرالدین محی الدین

٣٩ـ سووتان .... شیعر ...کاروان پەرەنـــگ

HELBEST.............................(4I)

ÇAVPÊKETİNEK Bİ PİSPORA SOVÊTÎ....(44)

DÎWANA ENSÎKLOPÎDÎA ERMENÎAYE.SOVÊTÎ DERHEQA KURDA DA ..............(45)

CEJNA ROJNAMEVANÎYA KURDÎ..........(47)

JÎ RAPORTA POLETÎKÎYA P.D.G.K.....(48)

NERAZÎBÛNÊN CEMAWERÎ LÎ SER TÎRBARAN KIRINA HEVALÊN ME.................(49)

ÇAVPÊKETINEK LÎ GEL SİKRETÊRÊ PARTÎYA KED A KOMUNÎSTA TİRKÎ..........(52)

SİKRETÊRÊ PARTİYA KOMUNÎSTA TİRKÎ DERHEQA DOZA KURDÎ DİPEYVE..........(53)

BEYANNAMA DAWÎYA CİVÎNA KOMÎTA NAVÎNÎYA PARTÎYA ME.................(57)

# بەیاننامەی کۆتایی هێنان بەکۆبونەوەی کۆمیتەی ناوەندی پارتییە

# خەباتگێڕەکەمان پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان

کۆمیتەی ناوەندی پارتییە خەباتگێڕەکەمان، پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان، لەمانگی ئایاری ئەمساڵ، کۆبونەوەیەکی ئاسایی سازکرد، سەرەتا کۆبوونەوەکە بە دوو دەقیقە بێ دەنگی بۆ گیانی شەهیدانی پارتیمان، فارس، جەنگۆ، شەمۆ و هەڤاڵە نەمرەکانیان و هەموو شەهیدانی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردو بزووتنەوەی نیشتمانی عێراق دەستی پێکرد. دوا بەدوای ئەوە راپۆرتێک خوێندرایەوە دەربارەی باری جیهانی و رۆژهەلاتی ناوەراست و عێراق و کوردستان. سەرەرای ئەوەش لایەنێکی راپۆرتەکە تەرخان کرابوو بۆ لێکۆڵینەوە و ووردبوونەوە لە کاروباری پارتایەتی لە هەموو رووێەکەوە، لەگەڵ ئەو ئەرکانەی، کە بەتایبەتی لەم قۆناغەدا، لەبەردەم پارتیمان دایە.

## لەسەر ئاستی جیهانی:

راپۆرتەکەی کۆمیتەی ناوەندی پارتیمان، تێبینی ئەوەی کردبوو کە ئیمپریالیزم، بەتایبەتی ئیمپریالیزمی ئەمریکی، بەردەوامە لە ئالۆز کردنی باری جیهانی و سەپاندنی پێشبرکێی خۆ پرچەککردن و بەکارهێنانی رامیاری دوژمنکاریانە لە زۆر لە ناوچەکانی جیهان. وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، هێشتا بەتەواوی لە کاری چاندنی مووشەکی پیرشنگ و کەروز نەبۆتەوەلە ئەوروپای رۆژئاوا، دەستی کردووە بە خۆ ئامادەکردن بۆ گواستنەوەی پێشبرکێی خۆ پرچەک کردن بۆ ئاسمان، واتە دانانی ئەو پرۆژەیەی کە ناو دەبرێ بە (ئەستێرە جەنگ) هەروەها خەون دەبینێ بۆ بەدەستهێنانی زال بوونی سەربازی بەسەر رێکخراوی وولاتە سۆشیالیستەکان، بەتایبەتی بەسەر یەکێتی سۆڤیێتی دا. ئەمەش کارێکە هەموو وولاتانی سۆشیالیستی و هێزە پێشکەوتنخوازەکان و شۆرشگێرەکانی جیهان رەفزی دەکەن. لەلایەکی تریشەوە دام ودەزگای "ریگن" و هاوپەیمانەکانی، بەپێی پەیرەوکردنیان بۆ ئەو رامیارییەی پاشجەنگی جیهانی دووەم دانراوە، هەوڵ دەدەن بۆ ناچارکردنی وولاتە سۆشیالیستیەکان بە تەرخان کردنی ریژەی بەرز لە داهاتی وولاتەکانیان بۆ کاروباری بەرگری، تا نەتوانن کامەرانی و ژیانی خۆش بۆ گەلەکانیان بهێننە دی و تا نەتوانن بەپێی پێویست یارمەتی گەلانی وولاتانی تازە پێگەیشتوو بدەن یمایارمەتی بزووتنەوە ئازادیخوازییەکان بدەن. هەر بۆ نموونە بودجەی بەرگری ئەمریکا ساڵی ۱۹۸۰ کە نزیکەی (۱۱۰) ملیار دولار بوو ساڵی ۱۹۸۵ بەرز بوتەوە بۆ پتر لە (۲۲۰) ملیار دولار.

هەموو گەلان، تەنانەت بەشێکی زۆری گەلانی وولاتانی ناتۆ، بەرەنگاری ئەم رامیارییە دەکەن، هەر وەک لە بزووتنەوە ئاشتیخوازییە جەماوەرییە فراوانەکان و لە وەرگرتنی رای گشتی دا و لەسەرنەکەوتنی چوونی ئەم دوایەی "ریگن" بۆ ئەوروپا دەردەکەوی. بەلام لە لایەنی ئابووری یەوە بودجەی جەنگ هەمیشە کە روو لە زیاد بوونە بۆتە هۆی دروستکردنی زۆر تەنگ و چەلەمە بۆ ئابووری ئەمریکا خۆی، بەتایبەتی پەککەوتن(العجز) لە بودجەی فیدرالی و پر کردنەوەی بە رێگای قەرزکردن و بەرێژەی بەرزی سوو. بۆ یەکەم جار لەماوەی دەیان ساڵی رابوردوو دا وولاتە یەکگرتووەکان بووە بە دەولەتێکی قەرزدار. لەهەمان کاتیش دا هاو پەیمانەکانی نارەزایی دەردەبرن بەرامبەر ئەم رامیاریە ئابوورییانە، لەبەر ئەو زیانەی دەیگەیەنی بە ئابووری ئەمان، بەتایبەتی لە گواستنەوەی سەرمایە لەم وولاتانەوە بۆ واشنتون لەبەر رێژەی بەرزی سوو.

## رۆژ هەلاتی ناوەراست:

گرنگترین بەرەو پێشەوە چوون لە رووداوەکانی رۆژهەلاتی ناوەراستدا، خەباتی پیرۆزی خوارووی لوبنانە دژی هێزەئیسرائیلیە داگیرکەرەکان. هەر لە چەند مانگی یەکەمەوە، لە لوبنان، لە رووی ئەخلاقی و رامیارییەوە ئیسرائیل جەنگەکەی دوراند، دوابەدوای ئەوەی دوو چاری زیانی بەردەوامی ئابووری بوو. کە بووە مەزنترین هۆ لە کێشەی ئابووری کۆمەڵگای زایۆنیدا. پاشئەوەش تێکشکانی سەربازیهێزەکانی زایونی بەدوادا هات لە سەر دەستی پاڵەوانانی بەرگری نیشتمانی لوبنان. لەراستی دا ئەمە یەکەم جەنگە ئیسرائیل هەموو شتێکی تیا دەدورێنی و ناچار دەبێ لە ژێر پالە پەستۆی سەربازی و بەرگری چەکدارانە و لە بەرچاوی هەموو جیهان ناچاری کشانەوە بێ. سەرکەوتنی نیشتمانی لە خوارووی لوبنان، کە بەر لەمەش هێزەکانی مارینز و ناتۆلەبێروت راونران. گەورەترین سەرکەوتنی عەرەبی یە بەسەر زایونیزم و ئیمپریالیزم دا لەم سەردەمەدا کە بە هوی شیوازی یەکگرتنی هێزە نیشتمانییەکان و پشتگیری کردنی سوریا و جەماهیری لیبیا و هێزە شۆرشگیرە عەرەبی و ناوچەیی و جیهانییەکان هاتە دی.

لە رووێەکی تریشەوە، وەک لایەنێکی سەلبی دژوار لە ناوچەکەدا، ریکەوتنی عەمان، سەری

هەڵ دا ، لە نێوان مەلیک حوسەین و عەرەفات ، کە دەبێتە بەردی بناغە بۆ چارەسەرکردنی سەر شۆڕ کەرانە :- لێرەدا هەڵوێستی ڕاسترەوی فەلەستینی لە بنکەی بورژوایی فەلەستینی - کەنداوی و بورژوای بیروکراتی و لەو بۆ چوونانەوە سەری هەڵدا کە دەڵێ بزووتنەوەی نیشتمانی لە ناوچەکەدا ، دوای گەمارو دانی بیرووت ، هەرەسی هێناوە ، هەموو هۆیەکانی چارەسەرکردن لەنێو مستی ئەمریکادایە . بەڵام خەباتکردن لە خوارووی لوبنان ئاشکرای کرد کە هۆیەکانی چارە سەر کردن لە نێو مستی کچە پاڵەوانی شەهید" سناء محیدلی " و هەڤاڵەکانی دایە .

ریکەوتننامەی عەمان گەورەترین زیانی گەیاند بە کێشەی ڕەوای فەلەستین و کەرتکردنی ڕێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستین ، لەکاتێکدا کە ئیسرائیل ڕازی نابێ بە دامەزراندنی دەولەتی فەلەستینی ، بەتایبەتی لە ژێر سایەی پارسەنگی هێزەکانی ئەم کاتانەدا . ئەوپەری تەنازل کردن لەلایەن ئیسرائیل ، دەست هەڵگرتنە لە هەندێ زەوی و زاری فەلەستینن کە دەخرێتە ژێر ئیدارەی ئەردەن بێ ئەوەی دەسەلاتی تەواوی بەسەریان دا هەبێ ، چونکە ئیسرائیل مافی ئەوە دەهێلێتەوە بۆ خوی . سەرگرتنی ئەو ڕێکەوتننامەیە کارێکی گرانە بە هۆی دژایەتی کردنی یەوە لەلایەن بەرگری نیشتمانی فەلەستینی و عەرەبی و نیونەتەوەیی. لەژێر سایەی ئەم بارو دۆخەشدا خەباتکردن لە پێناوی گێڕانەوەی یەکێتی بۆ ڕێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستین، لەسەر بناغەیەکی نیشتمانی دژ بە زایونیزم و ئیمپریالیزم و دژ بە پرۆژەکانی خۆ بەدەستەوە - دان و لە سەر بنچینەی بریارەکانی خولەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانی فەلەستین ، ئەو ئەرکە سەرەکی یە یە کە ڕوو بەڕووی گەلی خەباتگێڕی فەلەستین و هێزە شۆڕشگێڕو پێشکەوتنخوازەکانی دەبێتەوە .

## لە سەر ئاستی عێراق:

زۆر ئاسایی یە جەنگە شێتانەکەی " صدام " زاڵ بێ بەسەر هەموو ڕووداوەکانی ژیانی سەربازی و ڕامیاری و ئابووریی و کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری لە وولاتەکەمان دا . ئەوجەنگەی، کە ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستان بوونە هاندەری " صدام " بۆ هەڵگیرساندنی ، تائێستاش خزمەتی ئاوات و ئامانجی هاوپەیمانەکانی دەکات کە ئیسرائیلیش دەگرێتەوە . جەنگ ووزەو توانای هەردو وولاتی دراوسێی لاواز کردوە ، هەروەها زیانێکی بێ ئەژماری گەیاندووە بە گەلی هەردوو وولات بێ ئەوەی هیچ سوودێکی لێ بەدەست بێنن . ئێمەش لەگەڵ خۆزگەو ئاواتی گەلەکەمانین بو داواکردن بەکوتایی هێنان بەجەنگ ، لەسەر بناغەی دیموکراسیانەی رەوا و ڕووخاندنی رژێمی فاشی و خوێنمژی " صدام "، کە پێویستە لە هەموو لایەکەوە دەنگ بەرز بێتەوە بۆ داواکردنی گۆڕ کردنی رژێمە رەش و شومەکەی "صدام" . بۆ ئەم مەبەستە دەبێ هەموو هۆ ورێگایەک بگیرێتە بەر ، بەلام دەبێ ڕێگای سەرەکی ، پشت بەستن بێ بە خەباتی گەلی عێراق و هێزە نیشتمانییەکانی ، بەهەموو لایەنە جۆربەجورەکانییەوە .

ماوەیەکی درێژە ، لەبواری سەربازی دا ، جەنگ ، لە کێشەو گیرو گرفت دایە ، بەبۆچوونی ئێمە گرنگترین رێگای سەرکەوتن بەسەر ئەو گیرو گرفتەدا ، رێگا ئاسان کردنە لە بەردەم هێزە نیشتمانییە عێراقی یەکان دا بۆ پتەو کردنی خەبات و بەرەو پێشەوە بردنی و بەدیهێنانی رادەی زیاتری یەکگرتن لە سەر ڕێی بەرەنگار بوونەوەی فاشیستی دا .

کوردستان، لە ماوەی جەنگدا ، دوو راپەرینی بەخۆیەوە دیوە، یەکەم لە بەهاری ١٩٨٢، ئەوی تر بەهاری ١٩٨٤ ، کە خەباتگێرانی پارتیمان تیایان دا رۆڵێکی باشیان هەبوو، بەلام رژێم ناروخێ گەر راپەرینی میللی ناوچەی عەرەبیش نەگرێتەوە لە عێراق بەتایبەتی گەر بەغداد نەگرێتەوە . پێویستە خەبات بکرێ بۆ هێنانەدی ئەم ئەرکە .

لەلایەکی تریشەوە کێشەی رژێم کەڵەکە دەبێ و قوڵتر دەبێتەوە و لوتکەی رژێمی گرتوتەوە ، پاککردنەوەو لەناوبردن لە ناو رژێم دا بەردەوامە ، تەنانەت لەم دواییەدا گەیشتە سەر "عەماش و "غەیدان" گەرچی ئەمان دووریش بوون لە مەلبەندی دەسەلاتداری . لەوەش گرنگتر ناکۆکی نێوان بنەماڵەو گێرەو کێشەی نێوان " صدام" و " بەرزان " و زۆرانبازی نێوان دەسەلاتی ئینگلیز و ئەمریکایە لەعێراقلەپشت ئەو گێرەو کێشەیەوە ، بەلگەش هەیە کە " عدنان طلفاحیش" لە ناو چوار چێوەی ئەو گێرەو کێشەیەدایە .

هەروەها بۆردمان کردنی بەغداد، کەهێشتا بەردەوامە ، بە مووشەک کارێکی گەورەی کردوتە سەر وورەی خەلکی ، بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ جەنگ بۆتە میوانی هەموو ماڵێک ، هەر لەبەر ئەو کاریگەرییە خێزانی داروودەستەکانی رژێم کەوتوونەتە خۆپێچانەوەو کۆچ کردن بەرەو کێڵگەو هەوار - گەکانیان لەنێوان بەغداد و دۆرە و تکریت و چەندەها شوێنی تر .

سەرەرای کەڵەکە بوونی خەم و پەژارەی جەنگ ، هێرشێکی نوێی کوشتن و برین هەیە کەلەگەڵ راگەیاندنی لێبووردنی " قەرەقووشی" ئەم دواییەدا دەستی پێکرد، لەم هێرشەدا شەهیدان"فارس جەنگۆ ، شەمۆ و هەڤاڵە نەمرەکانیان لەسێدارەدران و ژمارەیەکی زۆر لە کەس و کاری خەباتگێرانی پارتیمان زیندان کران . ئاشکرایە کە ئەم هێرشە تەنیا بۆ سەر پارتیمان نەبوو، بەڵکو سەرتاپای هێزە نیشتمانییەکانی گرتۆتەوە ، بەتایبەتی پارتییەکانی ناو بەرەی " جود " .

بەهەرحاڵ، جەنگ رژێمی فاشی و شۆڤینی " صدام "ی بەرەو هەڵدێری مەرگ بردووەو هۆیەکانی مانەوەی پێ لەدەست داوە . بەڵام هێشتا بەهۆی لێدان و کوشتن و برین دەستی گرتووە بەسەر چارەنووسی رۆڵەکانی گەلی عێراقدا .

بەلای پارتیمانەوە، پێویستە خەباتکردن لە پێناوی رووخاندنی دیکتاتۆری فاشی دا شان بە شانی خەباتکردن بێ لە پێناوی کۆتایی هێنان بە جەنگ و بەدیهێنانی ئاشتییەکی دیموکراسیانە و ڕەوا لەگەڵ ئێران ، بەبێ زەوتکردن و داگیر کردنی خاکی یەکتر ، دیارە رژێمی فاشی توانای نیە بۆ بەدیهێنانی ئاشتی دیموکراسیانەی ڕەوا و بەڕاستیش هەوڵی بۆ نادات .

## گرنگترین گۆڕانی ئیجابی :

راپۆرتەکەی کۆمیتەی ناوەندی ، تیبینی کردبوو کە لەماوەی ساڵ و نیوی رابووردوودا چەند گۆرانێکی ئیجابی گرنگی بەخۆیەوە دیوە، وەکَ :

١- نزم بوونەوەی رادەی شەری برا کوژی و هەموو شێوەکانی شەری ناوخۆ لە هەموو گۆرەپانەکانی کوردستان. بێ گومان هێرشی نارەزایی دەربرین لەلایەن جەماوەری ووشیارەوە، کاریگەرییەکی بێ هاوتای هەبوو بۆ لەناوبردنی بەگژ یەکدا چوونی خوێناوی . پارتیمان داوا لە هەموو هێزە خێر خوازەکانی گەلەکەمانودوستان و جەماوەری بەئاگادەکات بۆ ووریایی و ووشیاری ، تا رەگ و ریشەی بەگژ یەکدا چوونی خوێناوی دەردەهێنرێ و شێوازەکانی گفتوگۆی دیموکراسیانە دەچەسپێنرێ بۆ چارەسەر کردنی ناکۆکی نێوان هێزە نیشتمانییەکان .

٢- فراوان بوونی بەرەی نیشتمانی دیموکراسی عێراق( جود ) بە چوونە ریزی پارتیمان وپارتی ئیشتراکی عیراق و تەجەموعی دیموکراتی عێراقی بۆ ناو ئەم بەرەیە ، تاقیکردنەوەی پراکتیکی،لە ماوەی ئەم شەش مانگەی دوایی دا ، سەلماندوویەتی ئەم فراوانبوونە هەنگاوێکی چۆنیەتی بووە لە بەرژەوەندی گەلی عێراق بە عەرەب و کوردو کەمایەتی یەکان و لەبەرژەوەندی هەمووپارتیەکانی ناو " جود " بوو بەبێ جیاوازی ، هەروەها بووە هۆی زیاد بوونی شکۆی بەرە و هەموو لایەنەکانی ، تائێستاش بواری گەلێ فراوان هەیە لە بەردەم " جود " دا بۆ بەرەو پێشەوەبردنی کارو خەباتی هاوبەش .

٣- دامەزراندنی یەکگرتنی چەپ لە تورکیا ، کە بریتی یە لە یەکگرتنی چوار پارتی تورکی پێشکەوتنخواز و دوو پارتی کوردستانی پێشکەوتنخواز . دامەزراندنی یەکگرتنی چەپ هەنگاوێکی پێشکەوتووە لەپێناوی یەکخستنی خەباتی میللی و نیشتمانی تورکی و کوردی دا .
باوەرمان وایە بواری زۆر باشهەیە بۆ زیاتر فراوانکردنی ئەم یەکگرتنە بە چوونی پارت و هێزی پێشکەوتنخوازی تری کوردی بۆ ناو ئەم یەکگرتنە .

٤- سەرنەگرتنی رێکەوتنی ( ی .ن . ک ) لەگەڵ رژێمی فاشی شۆفینی . کە سەر لەنوی مەترسی و زیانی پەیوەندی بەستنی سەلماند لەگەل ئەم رژێمەی کە تا بنا گوێ نقومی کلکایەتی یە بۆ ئیمپریالیزم و کونەپەرستان .

ئاواتە خوازین پاش ئەم تاقیکردنەوە تاڵە، (ی.ن.ک) بچێتە سەر رێگای بەرەو پێشەوەچوونی خۆی لە چوارچێوەی یەکگرتنی هێزە نیشتمانییە کوردستانی و عیراقییەکان. لەو بروایەشداین هەڵوێستی ( جود ) بەرامبەر راگرتنی ( مفاوضات) کەلەبەیاننامەیەکی تایبەتی خۆی دا دیاری کردبوو سەبارەت بەم مەسەلەیە هەڵوێستێکی ئیجابی و دروستکەربوو .

## بەرەو پێشەوە چوونی خەباتی پارتیمان :

بلاوبوونەوەی بەر فراوانی رۆژنامەی ( گەل ) و گۆڤاری ( پێشەنگ ) و سەرجەمی چاپەمەنیەکانی تری پارتیمان لەناو جەماوەری کوردستان و پێشوازی لێ وەکردنی بە شێوەیەکی گشتی لە لایەنهەموو لایەنە نیشتمانیەکان ، جارێکی تریش راستی و دروستی رێبازی پێشرەوی فیکریی دەسەلمێنی،ئەو رێبازەی پارتیمان دیاریکردبوو بۆ خۆی ، کە دەربری ئاوات و خواستەکانی هێزە نیشتمانی و پێشکەوتنخوازەکانی جەماوەری گەلەکەمانە ، کە تینووی یەکگرتن و پێشکەوتن و ئازادی یە .

چاپەمەنیەکانی پارتیمان توانیویەتی زیاتر لە (٦٠) شەست نووسەرو شاعیر و هونەرمەند بەلای خۆی دا رابکێشێ ، چ لە هەڤالانی پارتیمان و چ لە پێشکەوتنخوازە سەربەخوکان، ئەمەش لەخوی دا خزمەتێکی گەورەیە ، بەوپەری دلخۆشی یەوە پێشکەشی دەکەین بە نووسەران و خوێنەران بەشێوەیەکی تایبەتی و بە گەلەکەمان بە شێوەیکی گشتی . ئەم ووتەیە دەدرکێنین بێ ئەوەی لە خۆمان بایی ببینآ، دووپاتی دەکەینەوە کە هێشتا چەندەها بواری چاک هەیە بۆ بەرەو پێشەوە بردنی راگەیاندنی پارتیمان ، بە تایبەتی بە زیاتر قوولبونەوەو چوونە ناو ژان و ئازارو ئاواتەکانی جەماوەر ، کەلەژێر چەپۆکی مێردەزمەی فاشی دا دەژی .

لەبواری رێکخستن دا ، دەتوانین ، بەژمارە، بیسەلمینین کە هێڵی بەیانی فراوانکردنی بنکەی پارتایەتی لە بەرز بوونەوەدایە ، سەرەرای ئەو گیرو گرفتە مەوزووعیە مەزنانەی هاتونەتە سەر رێی پارتیمان لە رۆژی دامەزرا ندنیەوە ،کە لەم دوایەدا تا رادەیەک ئەو گیرو گرفتانە کز بوون . کادرە خەباتگێرەکانی پارتیمان خاوەن بەخشش بوون و پالەوانی هەستپێکراویان نواندووە ، لە پێناوی چەسپاندنی رێکخستنی پارتایەتی لەناو نیشتمان دا بۆ ئەوەی خوێنەر بتوانێ بەئاسانی ئەو گیرو گرفتە گەورانە بهێنێتە پێش چاوی خۆی ، کە پارتیمان بەسەری دا زاڵ بووە ، بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم ئەرکە خەباتگێرییە بنەرەتی یە ، ئەوەندە بەسە کە ئاشکرای بکەین ، زیاد لە بیست شەهیدمان داوە ، لە چاکترین سەرکردەو کادر ، لە پێناوی ئەم رێگایەدا ،لەوانە : فارس، جەنگۆ ، شەمۆ ، جەمال ، مسکینوهەڤالە نەمرەکانیان ، بەر لەوانیش شەهیدان کاوە، رزگار، گوندی و چەندان شەهیدی تر ، ئەمە جگە لە بریندارانودەیان زیندانی . لە رابووردو ئێستاشدا هەڤالەکانمان پێشبرکێ دەکەن لەم رێگا دژوارو پڕ مەترسیە دا .

بەڵام لەرووی چۆنیەتیشەوە ، پارتیمان ، بەردەوام ، وەک رێبازێکی نەگۆڕی خۆی، لەگەل هەر هەڤاڵێک کە دێتە ناو ریزەکانی ، بە هەموو شێوەیەک کە لە تواناداِ بێ یارمەتی دەدات بو بەرز کردنەوەی ئاستی ووشیاری و رۆشنبیر کردن و فراوانکردنی بیرو زیاتر کردنی خۆبەستنەوەی ووشیارانە .

دەزانین پارتیمان رێگایەکی درێژو چەندەها بواری بەرفراوانی لەپێشدایە بۆ دامەزراندنی رێکخستنی خۆی لەسەر ئاستی جەماوەری و قوڵکردنەوەی خۆ بەستنەوە لە ریزەکانی دا، دووبارە

دەشزانین ئەوە پێویستی هەیە بە تێکوشانێکی بێ ووچان و لێهاتوویی داهێنەرانە و قوربانی مەزن .

## رامیاری پەیمان بەستن

کۆمیتەی ناوەندی ، بەشێوەیەکی ئیجابی ، رامیاری پەیمان بەستن(تحالفات )ی هەڵسەنگاند،ئەو رامیارییەی پارتیمان لەسەری رۆیشتووە لەگەڵ سەرئەنجامەکانی . هەر لە دەرکردنی بەیانامەی چوارقۆڵی و حەوت‌قۆڵی یەوە تا دەگاتە فراوان بوونی بەرەی نیشتمانی دیموکراسی ( جود) لە ماوەی ساڵی رابووردوودا . هەروەها هاوپەیمانێتی پارتیمان ، کە بەردەوام پتەو تر دەبێ لەگەڵ هێزە پێشکەوتنخوازە کوردستانی یەکان و پەیوەندی قووڵی خەباتگیرانە لەگەڵ هێزە نیشتمانی و پێشکەوتنخوازە عەرەبی یەکان تا دەگاتە سوریا و جەماهیری لیبیا و لایەنە خەباتگێرەکانی شۆرشی فەلەستین .

هەروەها ، کۆمیتەی ناوەندی ، دامەزراندنی سەرکردایەتی نەتەوەیی هێزەکانی شۆرشی عەرەبی ( القيادة القومية لقيادة القوات الثورة العربية )ی هەڵسەنگاند لەگەڵ هەڵوێستی سەرکردەی ئەم سەرکردایەتی یە ( معمر القذافي) کە لە کونگرەی دامەزراندنی دا هەڵوێستی خۆی دووبارەکردەوە دەربارەی مافی میللەتی کورد بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆی و دامەزراندنی دەوڵەتی سەر بەخۆی بە تەنیشت میللەتی عەرەب و تورک و میللەتانی ئێرانی و بۆ دووبارە کردنەوەی پشت گیری کردنی خۆی و سەرکردایەتی نەتەوایەتی لەگەڵ خەباتی رەوای میللەتی کورد .

هەروەها راپۆرتەکەی کۆمیتەی ناوەندی ، دووپاتی کردەوە ، ئەو دەستکە و تانەی بە دەست هاتوون لە بواری پەیمان بەستن دا بۆ پارتیمان و گەلەکەمان لە پراکتیکی دروستکەرانەی بەر دەوام ئەنجام دراوە، پێویستە هەر بەردەوام بێ بە تێکوشان و قوربانی مەزنترەوە .

کۆمیتەی ناوەندی پارتیمان، دووپاتی کردەوە کە پێویستە هیچ بایەخێک نەدرێ بە هێرشی روخسار شێواندن و درۆ وبوختان بۆ هەڵبەستن. کەهەندێک دژی پارتیمان و(جود) ولایەنەکانی بەرپایان کردووە، ئەو هێرشەی هیچ لایەنێکی نیشتمانی عێراقی نەماوە لێی قوتار بووبێ. هۆی سەرەکی ئەم کارە دەگەرێتەوە بۆ لات بوونی هەندێک و سەرنەکەوتنی هەندێکی تر، لەکاتێک دا ئاشکرا بووە ئەم هێرشە بەردەوام خەریکە سەرئەنجامی سەلبی دژی بەرپاکەرانی دەدا بەدەستەوە، هیچ کاریگەرییەکی نەبووە بۆ سەر پارتیمان ، جگە لەوەی پتر ریزەکانی پتەو بوون و پەیمان بەستنەکانمان زیاتر بەهێز بوون و پەیوەندییەگشتییەکانمان زیاتر رەگیان داکوتا .

## ئەو ئەرکانەی لەبەردەم پارتیمان دایە بۆئەنجام دان لەم قۆناغەدا :

کۆمیتەی ناوەندی ، پێویستی سێ ئەرکی فیکری دەست‌نیشان کرد ، بۆ ئەنجام دانی سێ هەڤاڵی ئەندامی کۆمیتەی دانا کە دەربارەی ئەو بابەتانە لێکۆڵینەوە ئامادە بکەن ، ئەو بابەتانەش ئەمانەن ١) بابەتی دیموکراسی شۆرشگێری و رۆڵی لە رۆوی کوردستانی و جیهانی یەوە، ٢) دیاری کردنی پەیوەندی نێوان کوردستان و حکوومەتە مەرکەزییەکان لە سەر بناغەیەکی زانستی و بابەتی بە پشت‌بەستن بە سەرچاوەی زانستی ، ٣) دروشمی ناوەندی پارتیمان .

لەرووی پراکتیکەوە ، ئەو ئەرکە سەرەکییەی ئەمرۆ لەبەردەم پارتیمان دایە ، مەسەلەی بوونی چەکداریی پارتیمانە لە کوردستان ، بە هاوکاری و شان بەشانی لایەنەکانی تری ناو (جود ) پارتیمان دەزانی بەدیهێنانی ئەم ئەرکە بە سەرکەوتویی، پێویستی بە خەباتی رامیاری وبەرەیی بی ووچان هەیە بو زال بوون بەسەر ئەو گیرو گرفت و بارودۆخەئالوزانەی لەم بوارەدا دێنە سەر رێی کارکردن لە کوردستان .

کۆمیتەی ناوەندی ، چەند بریارێکی گرنگی دا دەربارەی رێکخستن ، بەئامانجی جێ بەجێ کردنی ئەو ئەرکانەی لەبەردەم پارتیمان دایە لەبەر رۆشنایی راپورتەکەو پێشنیاری هەڤالان .

کۆمیتەی ناوەندی پێویستی بەردەوام بوونی خەباتی دووبارە کردەوە بۆ پتەو کردنی‌پایەی پارتی یە خەباتگێرەکەمان وەکیەکی لە هێزە نیشتمانییە پێشکەوتنخوازەکان لە سەر گورەپانی کوردی و کوردستانی و عێراقی و فراوانکردنی رۆڵی فیکری و راگەیاندنی کە پارتیمان پێی هەڵدەستێت لەگەڵ لەخۆ بوردنی بێ رادە بۆ خزمەتی جەماوەری گەل و ئاوات و خواستە رەواکانی، ئەو جەماوەرەی لەهەموو هەلێکدا پشتگیری و سۆزی خۆی دەربریوە لەگەڵ خەبات و شەهیدان و قوربانییەکانی پارتیمان دا .

لە کۆتایی دا ، راپۆرتەکەی کۆمیتەی ناوەندی ، داوای لە گشت‌ئەندام و لایەنگرانی پارتیمان کرد بۆ زیاتر بەرز کردنەوەی رادەی چالاکی و پەرە بەخەبات‌بدەن و پتر قوربانی بدەن ، تا پارتی یە خەباتگیرەکەمان بتوانێ رۆڵی پێویستی خۆی ببینێ و ئەو ئەرکانەی گرتویەتییە ئەستۆی خۆی ئەنجام بداتە لە پێناوی خزمەتی گەل و نیشتمان دا، شان بەشانی گشت پارتی یە نیشتمانی یە هاوپەیمانەکانی ناو " جود" و بەیارمەتی و هاوکاری لەگەڵ گشت هێزو لایەنە کانی تری عێراق .

حوزەیرانی / ١٩٨٥

کۆمیتەی ناوەندی

پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان

# شەهیدانی کوردستان ... شەهیدانی گەل

لەسەر ڕێی ئازادی و سەرفرازی کوردستان،لە پێناوی هێنانەدی داهاتوویەکی ڕووناک بۆگەلە بەشخوراوو چەوساوەکەمان، کاروانی خەبات هەر بەردەوام بووە، هەردەم ڕۆڵە نەبەردو دلێرەکانی کوردستان بەدەم سروودی(شەیرەقیب) ەوەشێرانەو چاونەترسانە بەرەو کۆڕی خەبات هەنگاویان ناوە.. ڕووبەڕووی دڕندەترین دوژمن ڕاوەستاون و نیشتمانیان کردۆتە دۆزەخ و گۆڕستان بۆ دوژمنان و داگیرکەران.

ئەمجارەش سیانزە پێشمەرگەی بەجەرگ ،دوانزە کادری لێهاتوو وئەندامێکی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان، لەگەڵدەیان ڕۆڵەی تری ئەم خاکە زامدارە گیانی خۆیان کردە قوربانی بۆ ئەو خاکە شیرینەیکوردستان.

شەوی١٣-١٤/ئازاری ئەمساڵ، ڕژێمی فاشی و شۆڤێنی و خوێنمژی"صدام" ی تینو بە خوێن سیانزە کادری سیاسی و عەسکەری پارتیدیموکراتی گەلی کوردستانی لە سێدارەدا لەزیندانی موسڵ.. ئەم خەباتگێڕانە ڕۆژی ١٩٨٤/٥/١٣ لە نزیک ڕووباری دیجلە لە ناوچەی زاخۆ بەدیل گیرابوون.. پاشئازارو ئەشکەنجەیەکی زۆر لە زیندانەکانی ڕژێمە بۆگەنەکەی "صدام " دا دوای محاکمە کردنێکی سەرپێیی لە دادگایەکی سەربازی کارتۆنی لەسێدارەدران.. هەرهەمان شەو ئەو ڕژێمە خوێنمژە چەندەها ڕۆڵەی تری گەلەکەمانی لە سێدارەداوە ، هەواڵەکان دەڵێن ئەوشەوە ژمارەی لە سێدارەدراوەکان گەیشتە (١١٦) شەهید .

زۆربەی ئەم شەهیدانە ماوەیەکی زۆری ژیانی خۆیان تەرخان کردبوو بۆ خەبات و تێکۆشان.

هەڤاڵ فارس(**عیزەت عبدالعزیز**)کەبەناوی مامیەوە( ئەفسەری شەهید عیزەتعبدالعزیز) ناونرابوو.. ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوو، یەکێکە لە دامەزرێنەرانی پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان. خێزانەکەی و کوڕێکی کۆرپەی لە ئەوروپا بەجێهێشت و ڕووی کردە چیا سەرکەشەکانی کوردستان .

هەڤاڵ جەنگۆ(**یونس مستەفا شێخانی** )لەسەرەتای لاوێتی یەوە تا دواڕۆژی ژیانی هەرپێشمەرگە بوو ، چەند جار زیندان کراوە، لەزیندانی ساڤاکی سەردەمی شای گۆڕکراودا ئازارێکی زۆری چەشتووە ، شاعیرێکی شۆڕشگێڕو نووسەرێکی زیرەکبووە شیعری بۆ کوردستان وفەلەستین و هەموو ئازادیخوازانی جیهان ووتووە، تاکاتی بەدیل گیرانی لێپرسراوی لقی یەکی پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان بوو.

هەڤاڵ شەمۆ(**شمس الدین محمدحاجی**) ڕۆڵەی خێزانێکی ڕەنجدەری هەژارە ، لەپێناویئازادی کوردستان دا ، وازی لەکرێکاری هێناو بووە بە پێشمەرگە ..سەرکردەیەکی عەسکەری ئازا و لێهاتوو زیرەکبوو.. دووجار لەلایەن ڕژێمی ڕەگەز پەرستی تورکیاوە.. خێزانەکەی و کیژۆڵەیەکی ساوای جێ هێشتووە.. بەناوی ئەم گوڤارەوە کیژۆڵە نازدارەکەی ناونا (پێشەنگ).

هەڤاڵ ڕزگار(**جەمال محمد شینۆ**) لەسەرەتای لاوێتی یەوە هاتۆتە ڕیزی شۆڕشی ئەیلول ، کادرێکی سیاسی و عەسکەری چالاک وژیرە بوو... خێزانەکەی و چوار منداڵی جێ هێشتووە .

هەڤاڵمەمۆ(**مسکین برو علی**) وازی لەمامۆستایی هێنا و بوو بە پێشمەرگە ،کادرێکی سیاسی بوولە ناوچەی شێخان، خێزانەکەی و دوومنداڵیبەجێ هێشتووە ، شەهید مەمۆ نموونەی مرۆڤی شۆڕشگێڕو هۆشمەندو لە خۆبووردوو بوو.

هەڤاڵ هەکار(**ئەنوەر محمدصالح**) تەمەنی لە پانزەساڵ تێپەڕی نەدەکرد کە هاتە ناو ڕیزی شۆڕش. لەزیندانەکانی دیاربەکر ماوەیەک زیندان کرابوو ..خەباتگێڕێکی بەجەرگ وخوێن گەرم و لێهاتوو بوو .

هەروەها هەڤاڵان شەهید سیامەند(**ئەحمەد طاهر ئەرتوشی** )شەهید نەوزاد(**عومەر تەها عومەر** )، شەهید جەمال(**جەمال محمد باکۆزی**)، شەهید دەشتی (**ئەحمەد تەها مجید**)شەهید سوارو(**شاکر**

**علی ئیسماعیل )**، شەهید جووتیار (**یاسین محمد یاسین** ) ،شەهید بەرەڤان(**یاسین ئیبراهیم ئەحمەد**)پێشمەرگەو کادری چالاک و ئازا و زیرەک بوون.

ئەم کارەدڕندانەیەی ڕژێمی دیکتاتۆری خوێن مژ بووە هۆی ناڕەزایی و بێزاری جەماوەری گەل بەتایبەتی لە پارێزگای دهۆک ونەینەوا .. لە زۆر جێگا پرسە دانرا بۆ هەڤاڵەشەهیدەکانمان هەرچەند ڕژێم ڕێگا نادات بەپرسە دانان بۆ شەهیدان ، بەڵام جەماوەرێکی یەکجار زۆر چوونەی پرسەی شەهیدان ..

پارتی و هێزە نیشتمانییە کوردستانی و عێراقییەکان و جەماوەری گەلەکەمان لەچەند شوێنی جیاوازو لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری هێز و پارتییە عەرەبییە پێشکەوتنخوازەکان و دۆستانی پارتیمان ناڕەزایی و بێزاریخۆیان دەربڕی بەرامبەر ڕژێمی فاشی و شۆڤێنی"صدام".

**سوریا :**

ڕۆژی ٢٨/ نیسانی ڕابووردوو بەرەی‌نیشتمانی دیموکراسی ( جود) لەدیمەشقپرسەی دانا بۆ شەهیدان ، نوێنەرانی ژمارەیەکی زۆری پارتی و هێزە نیشتمانی یە کوردستانی و عێراقی و عەرەبییەکان و پتر لە سێ سەد هاو نیشتمانی ئامادەی بوون.

ڕۆژی ٢٩ /نیسان بۆ ماوەی سێ روژ لەسەر یەک لە قامیشلی پرسە دانرا ، پتر لە (٨٠٠)هاو نیشتمانی ئامادەی بوون، دەیان قوتابی کوڕو کیژ ی قامیشلی هاتنە پرسەی شەهیدانی‌گەل.

**لەندەن :**

لایەنگرانی بەرەی (بەند،جود) ڕۆژی بیست و چواری نیسان بەبۆنەی یادی بۆردمانی قەڵادزە و بۆ ناڕەزایی دەربڕین بەرامبەر لە سێدارە دانی ئەم شەهیدانە خۆپیشاندانێکیان سازکرد لەبەرامبەر باڵوێز خانەی "صدام" لەلەندەن .
لەلایەکی تریشەوە نوێنەرانی پارتی‌دیموکراتی گەلی کوردستان چەند جارێک لەگەڵ ڕێکخراوی لێبووردنی جیهانی کۆبوونەوەیان کردووە — سەبارەت بە چۆنیەتی بەدیل گرتن و زیندان کردن و لەسێدارەدانی ئەم هەڤاڵە نەمرانە .

**ڤیەننا :**

ڕۆژی ٢١/ی ئایار پتر لە (٢٠٠)کەس لەکوردو عەرەب و چەندەها دۆستانی بیانی خۆپیشاندانێکیان ساز کرد لەبەردەم باڵوێز خانەی "صدام " لە ڤیەننا ، بۆ ناڕەزایی دەربڕین بەرامبەر ڕژێمی خوێنمژان .

**ئەمستردام** :ڕۆژی ١٩٨٥/٥/١٨ لەئەمستردام پایتەختی هۆڵەندە، (بەند – جود) پرسەی‌دانا بۆ شەهیدانی کوردستان، هەروەها پارتی سۆشیالیستی ئاشتی خوازی هۆڵەندی بروسکەیەکی ناڕەزایی ناردبۆ "صدام ".

**بۆن :**

ڕێکخراوی سەر بەپارتیمان، لەئەڵەمانیای ڕۆژ ئاوا ، بەهاوکاری لەگەڵ چەند پارتیەکی براو دۆست ڕۆژی ١٥/حوزەیرانی/١٩٨٥ خۆپیشاندانیان ساز کرد بۆ ناڕەزایی دەربڕین بەرامبەر لە سێدارەدانی هەڤاڵانمان .

**ستۆکهۆڵم :**

لە ستۆکهۆڵم ، پایتەختی سوید، ڕۆژی٢٨/نیسان زیاتر لە (٥٠٠)کوردی سەر بە گشت پارچەکانی کوردستان لەگەڵ چەندان عێراقی و سویدی و کەسانی دی خۆپیشاندانێکی مەزنیان ساز کرد بۆ بێزاری و ناڕەزایی دەربڕین بەرامبەر لە سێدارەدانی هەڤاڵانمان ، خۆپیشاندەرەکان پاش‌ئەوەی بە شەقامە سەرەکیەکان و بە ناوەندی شاردا تێ پەڕین ،ڕوویان کردە باڵوێز خانەی "صدام" ناڕەزایی نامەیەک ڕەوانەکرا بۆ دیکتاتوری عێراق و بۆ بەڕێز خافییر پێریس‌دیکۆیار ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان و بۆ بەڕێزئۆلۆف پالمێ سەرۆک وەزیرانی سوید و بۆ بەڕێز لینارت بودستروم وەزیری دەرەوەی سوید و بۆگشت پارتییە سیاسیەکانی ناو پەرلەمانی سویدی و بۆ ڕۆژنامەو ڕادیۆ وتەلەفزیونی سویدیو بۆ کەسایەتییە سیاسیەکانی سوید و بۆڕێکخراوی لێبووردنی جیهانی .

پارتیمان ڕۆژانی ٢٦و١٩٨٥/٤/٢٧لە سوید پرسەی دانا ، ژمارەیەکی زۆری کوردو عەرەب و بیانی ئامادەی بوون و هاوکاری و پشتگیری خۆیان دەربڕی .

هەروەها لەلایەن هێزو پارتییە کوردستانی و

عیراقی و عەرەبییە پێشکەوتنخوازەکانەوە ژمارەیەکی زۆر بروسکە گەیشتۆتە مەکتەبی سیاسی پارتیمان، کەتیایدا هاوکاری خۆیان دەردەبڕن لەگەڵ خەباتی پارتیمان و شۆڕشی ئازادیخوازی میللەتەکەمان . ئەمەش ناوی هەندێک لەو پارتی و ڕێکخراوانەیە :

پارتی کۆمۆنیستی عیراق، پارتی سۆشیالیستی عیراق، پارتی سۆسیالیستی کوردستان ـ عیراق، تەجەمموعی دیموکراتی عیراق، پارتی پێشەنگی کارکەرانی کوردستان ، بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردستان (کوک/سۆسیالیست)، پارتی سۆشیالیستی کوردستان ـ تورکیا (ڕۆژا وولات) پارتی کارکەرانی کوردستانی تورکیان (کیپ)، یەکێتی سۆشیالیستی کوردستان ـ تورکیا ،یەکێتی لاوانی سۆسیالیستی کوردستان ـ عیراق،یەکێتی لاوانی کوردستان .

## دەنگدانەوەی ئەم تاوانە دڕندانەیە لە ڕۆژنامەگەری دا :

چەندەها گۆڤار و ڕۆژنامەی عیراقی وبیانی لەسەر لاپەڕەکانی خۆیان باسی ئەو تاوانە گەورەیەی ڕژێمی جەللادی عیراق"صدام "ی فاشی خوێنڕێژیان کرد. گۆڤاری (رسالة العراق) کە ڕاگەیاندنی دەرەوەی پارتی کۆمۆنیستی عیراق دەری دەکات لەژمارە ٤٨و٤٩ی مانگی ئازار و نیسان لەژێر ناونیشانی شەهیدانی شۆڕشی کورد ... شەهیدانی گەل ئەم هەواڵەی بلاوکردۆتەوە لەگەڵ وێنەی شەهیدان فارس ، جەنگۆ ، شەمۆ . ڕۆژنامەی ( الغد الديمقراطي ) ئۆرگانی تەجەمموعی دیموکراتی عیراقی لەژمارە ٢٠ / ی نیسانی ١٩٨٥ لە ژێر سەردێڕی " ڕژێم قەسابخانەیەکی تر ئەنجام دەدات " ، لەگەڵ وێنەی هەر سیانزە شەهیدەکەدا وتارێکی بلاو کردۆتەوە .

گۆڤاری (الحرية) گۆڤاری بەری دیموکراتی ئازادکردنی فەلەستین ژمارە ١١٤(١١٨٩) لە ١٩٨٥/٥/١٢ بەناونیشانی " هێرشی نوێی لە سێدارەدان و گواستنەوەی گوندە کوردییەکان " لەگەڵ وێنەی شەهیدان فارس ،جەنگۆ ، شەمۆ ، وتارێکی بلاو کردۆتەوە .

ڕۆژنامەی پاشکۆی ڕێگای ئازادی، کە پارتی سۆسیالیستی کوردستان ـ عیراق بە عەرەبی دەری دەکات لە مانگی ئایاری ١٩٨٥ لە وتارێکدا بەناوی ( لەسێدارەدان و یاساکانی لێ بووردن ) پەنجەی بۆ لەسێدارەدانی ئەم سیانزە پێشمەرگە قارەمانە ڕاکیشا بوو .

ڕۆژنامەی ( الثورة و البعث ) ی سوریا لە ژمارەی ڕۆژی ١٩٨٥/٥/٢ لەگەڵ ڕادیۆوتەلەفزیۆنی سوریا هەواڵەکەو ناوی شەهیدەکانیان بلاو کردەوە .

ڕۆژنامەی ( جيهاد ) ژمارە ١٨٥ لە ٦/ئایار لەگەڵ ڕۆژنامەی ( كيهان العربي )ناوی شەهیدان و هەواڵی شەهید بوونیانی بلاو کردۆتەوە .

لەلایەکی تریشەوە گۆڤاری ( تایمز )ی لەندەنی ڕۆژی ٣/ ئایار/١٩٨٥ بەپێنووسی ڕۆژنامەنووسی کوردی بەناوبانگ " هژیری تەیموریان "لەم بارەیەوە وتارێکی بلاو کردوتەوە .

ڕۆژنامەی هیومانیتی فەرەنسی ڕۆژی ٨٥/٥/١٦ باسی شەهید بوونی ئەم هەڤاڵە نەمرانەی پارتیمانی کردووە .. سەرەڕای ئەمانەش لە سوید ڕۆژنامە سەرەکییەکان بە ناونیشانی گەورە باسی ئەم تاوانەی ڕژێمی عیراقیان کرد بوو و وێنەی هەڤاڵی شەهیدفارس و ئارازیکوڕی و خێزانەکەیانبلاوکردۆتەوە . ڕۆژنامەی داگنس نیوهیتر ، مەزنترین بەیانییەڕۆژنامەی سویدی لەسەر لاپەڕەی یەکەمباسی ئەم تاوانەی کردووە ، هەردوو ئێوارە ڕۆژنامەش (ئەفتون پلادیت ) و ئەکسپریسن) لاپەڕەی تەواویان بۆ تەرخان کردووەو چەندەها چاوپێکەوتنیان لەگەڵ دایکی ئاراس بلاو کردۆتەوە ، لەگەڵ چەندەها وێنەئەمە لە١٩٨٥/٤/٢٣دا١٠جارێکی تریش ڕۆژنامەی داگنس نیوهیر ڕۆژی ٢٥/نیسان هەواڵەکەی بلاوکردۆتەوە پاشئەوەش دەربارەی خۆپیشاندانەکەی ستۆکهۆڵم ڕاپۆرتی نووسیبوو، هەروەها ئاژانسی دەنگوباسی سویدیش هەواڵەکەی بەسەر گشت دەزگاکانی ڕاگەیاندنی سویدی بلاو کردەوە .

* بوزیاتر زانیاری دەربارەی ئەم شەهیدە نەمرانە بروانە روژنامەی "گەل" ژمارە ١٥و١٦ .



# لە بیرەوەریەکانم

نوری شاوەیس نەمر

پاش کۆنگرەجەژنی نیشتمانی چیکۆسلۆفاکیا بوو ،لەبالۆێزخانە ئاهەنگیان دەگیرا ، ئێمەش لەگەڵ مەلا مستەفا چووین، نوێنەرانی پارتی کۆمۆنیستی عێراقوپارتی(الوطنیالدیمقراطی) وچەند پارتێکی تر و خەلکی نیشتمانپەروەر و نوێنەرانی بالۆێزخانەکانی ترهاتبوون ، لە ناوەڕاستی ئاهەنگەکەدا عەبدولکەریم قاسم هات ، چووەناو خەڵکەکەوە ، دەیویست واپیشان بداتکە مرۆڤێکی کۆمەڵایەتی یە ، بەلام بەلای ئێمەدا نەهات ، ئیبراهیم ئەحمەد ووتی ڕوومان ناداتێ ، چونکە چاوەڕێ بوو دووبەرەکی بکەوێتە ناومان ، ئێستا پێی ناخۆشە کە یەکگرتوو بەهێزین ٠

پاش سێ مانگ کۆمیتەی ناوەندی بڕیاری دا عونی یوسف دەربکات ، چونکە بەشێوەیەکی گومانلێکراو پەیوەندی هەبوو لەگەڵ عبدالکریم قاسم٠ ووردە ووردە بار شێوا ، حکوومەت بدرالدین علی موتەسەریفی موسڵی هان دا لەگەڵ هەندێ سەرۆک خێل وەک ڕێکانیەکان، زێباریەکان ، سورچیەکان، کە پەلاماری بارزانیەکان بدەن٠ عبدالکریم قاسم زیاتر بەرەودیکتاتۆری و تاک ڕەوی دەڕۆیشتە چەوساندنەوەی نیشتمانپەروەرەکان دەستی پێکرد، لەڕووی سیاسی یەوە بەرەو ڕاست ڕەوی دەڕۆیشت ، حوکمی عورفیزۆر بوو ، خەڵک کوشتن بلاوبۆوە ، لەبەغدادو موسڵ و کەرکوک پەلاماری ئەندامانی ئێمەیان ئەدا،ئێمە هەمیشە هەوڵمان ئەدا ڕیزی نیشتمانی پتەو بکەین ، ڕێکەوتنوپەیمان بەستن گرێ بدەین چ بەئاشکرا چ بە نهێنی لەگەڵ کۆمۆنیستەکان و دیموکراسیەکان ٠

لەوماوەیەدا لەگەڵ پارتی کۆمۆنیست هاریکاریمان ئەکرد٠ بۆنموونە لەهەڵبژاردنی نیقابەی ئەندازیارانو پارێزەران دا پێکەوە لیستەمان دابەزاند٠ من هەڵبژێررام بە جێگری نەقیبی ئەندازیاران و سامی عبدالرحمن بووبە سکرتێر ٠

لەهاوینی ١٩٦٠بڕیار درا کۆنگرەی نیقابەی مامۆستایانی کورد لە شەقلاوە بگیرێ، ئێمە بە دەورێکی بالا هەستاین لەگەڵ پارتی کۆمۆنیست بەتایبەتی لە هەڵبژاردنی نەقیب و دەستەی بەریوەبەرایەتی ٠ عبدالکریم قاسم دەیویست کونگرەکە تێک بدات بەلام ڕێگامان نەدا ،ئێمە دەمانویست نیقابەی مامۆستایانی کورد دروست بکرێ نەک مامۆستایانی کوردستان لقێک بن لە نیقابەی مامۆستایانی عێراق ٠ من و ئیبراهیم ئەحمەد لەپشت پەردەوە زۆر خەریک بووین ، چونکە ئێمە هیچمان مامۆستا نەبووین،مافمان نەبوو بە ئاشکرا بەشداری کۆنگرەکە بکەین ٠ لە پارتی کۆمونیستە نافع یونس و بهاءالدین نووری هاتبوون،بەنهێنی پەیوەندیمان پێوە کردن ، لەکۆنگرەکەدا وەک میوان دانیشتبوین٠

لەو هاوینەدا نێوان من و ئیبراهیم ئەحمەد باشنەبوو ، ئەوەبوو استقالەم کرد ، لەدائرەش ئیجازەم وەرگرت و چووم بۆ کوردستان،مەلا مستەفا ڕازی نەبوو ، ئیجازەکەم تەواو بوو گەڕامەوە بۆ بەغداد ، تا مەلامستەفا نەهات نەچووم بۆ بارەگا ، هەر سوور بووم لە سەر استقالەکەم ، بەلام مەلامستەفا هەر ڕازی نەبوو ، زۆری لێکردم کە بگەڕێمەوە ، لەسەر داخوازی ئەو و دکتۆر مرادو سیدعەزیز استقالەکەم کێشایەوە ٠

لە کۆبوونەوەیەکی فراوان دا کە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و ئەندامانی ئیحتیات و کادرە پێشکەوتووەکان کە لە لقەکانەوەهاتبون و لەگەڵ دەزگایچاودێری و پشکنین (هیئة المراقبةوالتفتیش) کە زکیە اسماعیل حەقی لێپرسراوی بوو ،ئامادەی ئەو کۆبونەوەیەبوون٠ لەو کۆبوونەوە فراوانەدا مەلا مستەفا ووتارێکی خوێندەوە دژی عبدالکریم قاسم ، ووتی لەگەڵ ئەم کابرایەدادیموکراتیەت و نووسینی ڕۆژنامە کەڵکی نی یە ٠ بەڕای من دەبێ خۆمان ئامادە کەین٠ مەلامستەفا دەیویست خۆی بچێتەکوردستان بەلام جارێ پارتی بمێنی و لە نێوان عبدالکریم ومەلا مستەفادا ببێ بەناوبژی کەر ، هەوڵبدەن

لەگەڵیا پەیوەندی چاک بکەن تا واز لەو هێرش و پەلاماردان و جوێن دانە بهێنێ، ئەگەر چاک نەبێ دەبێ لێی بدرێ. یەکێ لە بڕیارەکانی ئەو کۆبوونەوەیە ئەوە بوو کەدەبێ ڕێکخستنی پارتی بەشێوەیەکی نهێنی بەهێز بکەین، ووردە ووردە خەریکی چەک کڕین بین و خۆمان ئامادەکەین بۆ بەرگری لە خۆکردن لەکاتی تێکچوونی نێوان ئێمەو عبدالکریم قاسم.بڕیارێکی تر ئەوەبوو ئەگەر هێزەکانی حکوومەت پەلاماری بارزانیدەن دەبێ پارتی ئامادەبێ بۆ بەرگری کردن لە بارزان، هەروەها لەسەر پێشنیاری مەلامستەفا بڕیار درا ئەگەر پەلاماری عەباسی مەمەند ئاغا (سەرۆک عەشیرەتی ئاکۆ) درا وەک ئەوەیە کەپەلاماری بارزان درابێ، دەبێ بەرگری لێ بکرێ. لەبڕیارە سیاسیەکانیشدا هاتبوو کە عبدالکریم‌قاسم بەرەودیکتاتوری دەڕوا، دەبێ ئێمە پەیوەندی بەهێز بکەین لەگەڵ هێزە سیاسیەکانی تری وەک پارتی کۆمۆنیست و دیموکراسی خوازەکان، لەگەڵیان ڕێ کەوین بۆ خەباتکردن لەپێناوی بەرگری کردن لە ئازادییە دیموکراسیەکان وەک ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئازادی بیرو ڕا، دامەزراندنی پەرلەمان،بڵاو بوونەوەی دیموکراسی و کۆتایی هێنان بە ( الفترة الاستثنائية)باری نائاسایی .

لەوبارەدا وەفدێکی حکومی دەعوەتکرابوو بۆ یەکێتی سۆڤیەتە مەلا مستەفاش دەعوەت کرا بوو، مەلا مستەفاچوو، لەوێ باسی باری کوردستانی بۆ کردبوون، مەلامستەفالەوباوەڕەدا بوو، ئەگەر شۆڕش هەڵبگیرسێ، سۆڤیێت لە ڕۆژ نامەو ئێستگەی خۆیان دا هاوکاریمان ئەکەن.

پاشگەڕانەوەی مەلا مستەفا لە یەکی‌شوباتی ساڵی شەست و یەک لەگەڵ وەفدێکی ڕەسمی چووم بۆ یەکێتی سۆڤیێتی، چوار هەفتە لەوێ بووم، لەوێ پەیوەندیم بە کوردەکان و بەهەندێ لە لێپرسراوانی سیاسی ئەوێ کرد، باسی بارودوخی ناخۆشی عێراق و ئیحتیمالی بەرپابوونی‌شۆڕشم بۆکردن. لەگەڕانەوەداچووم بۆ چیکۆسلوفاکیا لەوێش پەیوەندیم کرد بە ڕێکخراوی پارتیمان، دوای ئەوە چووم بۆ میونیخ لەوێش ڕێکخراومان هەبوو، پاشئەویش چووم بۆ نەمسا، هەندێ لە خویندکارانی کورد کە پارتی بوون لەوی دەیانخوێند، نەوروزی ئەوساڵەمان لە شاری (بۆن) کردبەرلەهاتنی نەوروزیش کۆنفرانسی پارتی ـ ڕێکخستنی ئەوروپامان کرد. بۆ خوێند ـ کاران و ئەوکوردانەی ئەوروپامان شی دەکردەوە کە عێراق وکوردستانی عێراق بە چ بارێکی ئاڵۆزدا تێ دەپەڕێت.

کە گەڕامەوە باری سیاسی زیاتر بەرەو ناخۆشی دەچوو. ئیبراهیم ئەحمەدخۆی لەحکوومەت شاردەوە، ڕۆژنامەی دەنگی کوردستان داخرا.. لە چواردەی نیسانی ساڵی شەست و یەک کۆمیتەی ناوەندی، لەماڵی دکتۆر مرادلە مەسبەح بەغدا کوبوونەوەیەکی کرد، لە کۆبوونەوەکەدا چەند خاڵێک دانرا کە بکرێ بە یاداشت و بدرێ بە عبدالکریم قاسم. داوابکرێ ئازادی هەبێ، ئەوانەی لەسەرکار لابراون یانگوێزراونەتەوە بگێڕرێنەوە شوێنی خۆیان، کۆتایی بهێنرێ بە دەست درێژی کردنە سەر بارزان، کۆسپ و تەگەرە نەخەنە سەر ڕێگای پارتی و ئیجازەکەی بدەنەوە جەلال تاڵەبانی یادداشتەکەی برد، لەناوپارتی دا بڕیار وابوو، تا دەتوانین لەگەڵ حکومەت پەیوەندیمان باش بێ و دەست پێشکەری کەر بۆ لەیەکتر دان ئێمە نەبین . خۆمان ئامادەکرد بوو گەر حکوومەت لە بارزان بدات ئەوکاتە ئێمە دەست پێ ئەکەین.

* * *

وەفدێکی حکوومەت چووبوو بۆ ڕانیە، لەگەڵ هەندێ لە ئاغاکان دا کۆبوونەوەی کردبوو، ئاغاکان داواکاری خۆیان پێشکەش کردبوو، داوایان کردبوو ئیسلاح زەراعی گۆڕانکاری تیا بکرێ، مزگەوت دروست بکرێ، ئەوانەی‌کەدوور خراونەتەوە بهێنرێنەوە شوێنی خۆیان، ئەوی گیراوە بەربدرێ، ئالەم جۆرە داواکاریە پڕوپوچانە کە ئەوە نەبوو پاڵ بەمرۆڤەوە بنێ بچێتە ناویانەوە، بەتایبەتی کە سەر کردەی لەشکر ئەم ئاغا و دەرەبەگانەبن وەک شێخ حسێن بۆسکێنی، عەباسی مەمەند ئاغا، عەلی ئاغای مەنگوڕ،ئیسماعیلی سوارئاغا،یان ئەنوەر بەگی بێتواتە. ئەمانە لەشکریان دروست کرد، چوونە خەڵەکان، چوونە سەرچیایەهەیبەت سوڵتان و دەوروبەری تەقتەقو تانزیکی کەرکوک

هەروەها حەمەڕەشید خانی بانە لەشکری پێکەوە نا ، دەربەندی خانی گرت . حاجی ئیبراهیمی چەرمەگا لەگەڵ کوێخا ئیسماعیلی تەلان دەربەندیبازیانیان گرت .

* * *

هەر لەوماوەیەدا سەیدا صالح یوسفی گیرا و دوورخرایەوە بۆ ناسریە ، عومەر مستەفا گیرا و ڕەوانە کرا بۆ گرتوو خانەیجەلەولا،علی حەمدی کە فەرمانبەری تاپۆ بوو لە کەرکوک گوێزرایەوە بۆ ناسریە . ئێمەش بەپێی توانا ئەو فەرمانبەرانەی دەگوێزرانەوە، گەر لە ژێر دەستەڵاتی ڕاستەوخۆی میری دا نەبونا -یە نەمان دەهێشت بڕۆن بۆ ئەو شارانەی بۆی گوێزراونەتەوە ، بەڵکو ڕەوانەمانئەکردن بۆ کوردستان .

هاشم عەقراوی گوێزرابۆوە بۆ خوارووی عێراق ، بەپێی بڕیاری پارتی دەبوایە نەڕوات پێمان ڕاگەیاند گەر بڕوات (تەجمید)دەکرێ، چووە لای شێخ ئەحمەدی بارزانی ، تا هەوڵێکی بۆ بدات ، شێخ ئەحمەد وتبووی : بابڕوات بۆ سەر فەرمانی خۆی . ئێمەش بڕیاری پارتیمان جێبەجێ کرد بە "تەجمید " کردنی ، کە شۆڕش دەستی پێکرد لەسەرداخوازی مەلا مستەفا لە پارتی دا وەرگیرایەوە. عومەر مستەفا لە جەلەولا وە هێنرا بوو بۆ بەغدا بۆ "تەحقیق" لەگەڵ کردن ، لەزیندان ڕای کرد ، هاتە ماڵی ئێمە لەوکاتەدا من و دکتۆر مراد لەبەرئەوەی ئۆتۆمبیلمان هەبوو هەڵ دەستاین بەکاروباری پەیوەندی کردن لەگەڵ هەڤالان، چ لەبەغدادو چ لە شارەکانی تر .

جەلال تاڵەبانی ڕەوانە کرا بۆ کوردستان بۆ ئارام کردنەوەی باری شێواوی کوردستانو هێمن کردنەوەی خەڵک ، کەجاڕێ دەستنەدەنە چەک دژی حکوومەت لەوێوە نامەیەکی بۆناردین نووسیبووی کە من لەگەڵ بڕیارەکانی کۆمیتەی ناوەندییم ، نامەوێ لەو بڕیارانە لابدەم بەڵام ئێوە وەرن بۆ کوردستان ، ببینن چۆن کاتی شۆڕشهاتووە و هەموو ئامادەی شۆڕشن.بەڵام ئێمە تەنانەتپەلێک پێشمەرگەمان نەبوو، جگە لەو کۆمەڵە کەسەی کە " صدیق میران "یان کووشتبوو ، مەلا ماتۆڕ لێپرسراوی عەسکەری ئەو چەند کەسە بوو. نامەیەکی ترمان نارد بۆ جەلال تاڵەبانی نووسیبوومان ئەمە سەرپێچی کردنە ، لەپەیڕەوی پارتی ، مەلامستەفاش ڕازی لەسەر نی یە . نامەکەمان بە عومەر مستەفادا ڕەوانە کردبوو ، بەڵام تا ئەم گەیشتهێرش دەستی پێکردبوو .

هەوڵمان ئەدا خەڵک قەناعەتپێ بکەین کە واز لەو کۆمەڵ بوونە عەشائرییە بهێنن و بکەونە خەباتی جەماوەرییانەی سیاسی،بەبونەی یادی شەڕی بەردەرکی سەرا لە شەشی ئەیلولی ساڵی شەستو یەک ، مانگرتنێکمان ساز کرد لە سلێمانی و کەرکوک و هەولێر و بادینان ،بەڵام لەئەنجام دا شەڕ دەستی پێکرد، قاسم لەو ڕۆژانەدا فڕۆکەی نارده سەر دەربەندی بازیان و بۆردومانی کرد، ئیتر لەبەر ئەوە ڕۆژی یانزەی ئەیلوولی ساڵی شەستو یەکدانرا بەیەکەم ڕۆژی بەرپا بوونی شۆڕش .

ئەوکاتە بە وەکالەتمدیری ئیسکان بووم ، فەوزی صائب معاونی موتەسەرریفی بەغدا بوو تەلەفونی بۆ کردم ووتی ئەڵێن فڕۆکەبۆردمانی دەربەندیبازیانیکردووە. " واتەئاگاداربە " من حەزم نەدەکرد شەڕ دەستپێ بکات ،هەوڵمان دەدا گەر لەتوانادابێ ڕاوەستێنرێ چاکترە ، هەر ئەو ڕۆژە چووم بۆلای حەسەنڕەفیق کەوەزیر بوو، ووتم کاک حەسەن شەڕ دەستی پێکرد. ووتی چی بکەین ؟ ووتم : ئەگەر من لە جێی تۆبم لەگەڵ فوئاد عارف پەیوەندی دەکەم بە "محمد حدید" و هێزە دیموکراسی خوازەکانی ترەوە تا بڕۆنە لای قاسم و ناڕەزایی خۆیان دەربڕن، داوا بکەن شەڕ بوەستێ ، مەسەلەکە بەئاشتی چارەسەر بکرێ. ووتی: باشە چی تر ؟ ووتم: من بەلەبری تۆ گەر شەڕ بەردەوام بێ ئیستقالە دەکەم ، وەزیری ناکەم لە حکوومەتێکدالەگەڵ گەلەکەم شەڕ بکات . لەوێ دەرچووم ، چووم بۆ ماڵی فوئاد عارف ، هەمان شتم پێ ووت ..

ئێوارە کۆبوونەوەیەکهەبوو لە بانقی عەقاری ، من ئەندام بووم لەو بانقەدا ، کە چووم بۆ ئەوێ باسی شەڕەکە دەکرا ، لەدەرەوە گوێم لە چەند ووشەیەکبوو وەک (قطاع الطرق)

جەردەو ڕێ گر ، دەبێ حکوومەت لێیان بدات .. گوێم لە بەڕێوەبەری گشتی بانق بوو دەیووت : گەر بەئاشتی چارەسەر بکرێ چاکترە ،بەڕێوەبەر مرۆڤێکی چاک بوو ، زۆر هاوڕێم بوو ، لە ئەڵەمانیا دکتۆرای وەرگرتبوو، هەرچەند عەرەبێکی قەومی بوو ، بەڵام شۆڤێنی نەبوو ،لە پڕ خۆم کرد بە ژووری کۆبوونەوەکەدا ، ڕووم کردە ئەوەی کە ووتبوی (قطاع الطرق) کە " یونس الطائی " بوو بە توڕەییەوە ووتم گوێم لە قسەکانتان بوو، چاوەڕێ نەبووم لە مرۆڤێکی پێشکەوتنخوازی وەک تۆ ئەمە ببیستم ، قسەیەکی زۆرم پێ ووت ، کۆبوونەوەکەم جێ هێشت. هەر ئەو ئێوارەیە پەیوەندیم کرد بە لقی پارتییەوە ، هەندێکیانم دۆزیەوە ، ئەوانیش ئاگادار بوون کە شەڕ بووە، خۆیان شاردبۆوە .

بۆ بەیانی کە لە خەو هەستام خۆم ئامادە- کرد بۆ ڕۆیشتن ، چاوەڕێ بووم زەبحی بێتەوە پێکەوە بچین بۆ کوردستان، ئەو ماوە پڕ مەترسی یە لەبەر ئەوە لەبەغداد مابوومەوە. دەورو بەری نیوەڕۆ بورهان جاف هات بۆلام ،- هاوڕێم بوو، ئەندام بوو لە " مجلس الخدمة" دژی شەڕ بوو، خۆی بە نیشتمان پەروەردائەنا بورهان ووتی لە دەربەندی خان شەڕ بووە، "دیاری ) برام لەو لەشکرەی پارتی دایە .دڵم دایەوە کە لەوێ شەڕ نەبووە خەمی براکەی نەبێ هیچی لێ نایەت ... بورهان ماڵ ئاوایی کرد، سەعاتێکی پێ نەچوو پۆلیس هاتن !! ماڵێکی سەربەبنەماڵەی ( بابان ) دراوسێمان بوو لە کۆنەوە هاتبوونە بەغداد ،کوردیان نە ئەزانی ، لەسەربانەوە چوومە ئەو ماڵە ، کوڕەکەیان ئەفسەر بوو، دەترسا لەوەی لەوێ بگیرێم ، پێی ناخۆش بوو کە چوومەتە ماڵەکەیان بەڵام دایکەکەی زۆر مەردانە هاتە پێشەوەو ووتی ئێمەش کوردین، ئەبێ یارمەتی بدەین، بە کوڕەکەی ووت جلە سەربازییەکانت لەبەرکە من و دووخوشکەکەت لەگەڵتا سواری ئۆتۆمو- بیلەکە دەبین ، با ئەم بچێتە ناو سندوقەکە، دەچین بۆ ماڵی یەکێ لە خزمەکانمان، من پیلانەکەم زۆر لا پەسەند بوو، چوومە ناو سندوقی ئۆتۆمبیلەکەیان، بردیانم بۆ ماڵی خەزووری- کوڕەکەی ، خانەخوێ سەر بە پارتی "الوطنی الدیمقراطی " بوو ژنەکەی شیوعی بوو خوشکی "خالد طبرة " بوو"خالدطبرة" شبەعسی بوو ئەویش لەوێ خۆی شاردبۆوە ، لەوێ یەکترمان ناسی ، سێ شەو لەوێ بووم لەپاشان دا چووم بۆ شوێنێکی تر لە "کاظمیە" نزیکەی دوومانگ لەوێ مامەوە، لەدوایی دا چووم بۆ کوردستان ٭

---

* نووسەر باسی پلەو پایەی ئەو ئەفسەرانە ناکات لە سەرکردایەتی یە نوێ یەکەی پارتی بەڵام ئاشکرایە کە هەرسێکیان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوون، لە دواییشدا، جەلال تاڵەبانی و عەزیز شەمزینی بوون بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی .. لەڕاستی دا ئامادەنەبوونی ئەمان لە کۆنگرەکەدا تەنها کارێکی ڕۆتینی بوو .

* لەژمارە (٧)ی ئەم گۆڤارەدا ،لاپەڕەشانزە بەهەڵە نووسراوە :مەلا ماتۆڕ ( عبدالستار طاهر شریف ) ،ڕاستیەکەی مەلاماتور ( مەلا عەبدوللا ئیسماعیل ) ە. کە ئەویش یەکێکە لە جاشەکانی ڕژێمی صدام . داوای لێبووردن دەکەین .

* لەژمارە شەشی ئەم گۆڤارە لە لاپەڕە (٩) دا بە هەڵە نووسراوە : سەعید قەزاز ئەوکاتە وەزیری ناوخۆ بوو، پەیوەندی لەگەڵ بارزانییەکان هەبوو، لەبەرئەوە حکوومەت گرتی ....). ڕاستیەکەی ئەمەیە ((سەعید قەزاز ئەوکاتە وەزیری ناوخۆ بوو، کە نوری ئەحمەدی تەها لەلایەن حکوومەتەوە گیرا لەبەر ئەوەی پەیوەندی هەبوو لەگەڵ بارزانییەکان .....

* ئەم بەشە ، دوا بەشی بیرەوەرییەکانی ماموستا نووری شاوەیسی نەمرن ، داخمان ناچی کە بەر لە تەواو کردنی سەرجەمی بیرەوەرییە کانی،مەرگ لێی دوور خستینەوە.

# نۆی حوزەیران..
# ئۆردوگای زیوە

ڕژێمە دیکتاتورییە فاشییە خوێنمژەکەی بەغداد، مەرگ نەبێ تینوێتیبەخوێنی گەلە چەوساوەکەمان دانامرکێ .. جەللادەکانی بەغداد بڕیاری لەسێدارەدان و کوشتن و لەناو بردنی گشت ڕۆڵەکانی ئەم گەلە مافخوراو و خەباتگێڕەیان داوە بێ جیاوازی لە نێوان گەورەو بچووک،پیروپەککەوتە،ئافرەت ومناڵ، بێدەستەڵاتوبێ چەک. لەناو میللەتی کورددا بەلای ئەوانەوە بێ تاوان نیە، کۆرپەوساوای کوردستانیش بە دوژمنی خۆیان دەزانن ... دەیانەوێ لە ڕەگ و ڕیشەوە کورد بنەبڕ بکەن ئەوەتا بە هەموو توانایەکەوە پەلاماردەدەن، دەکوژن، دەبڕن، گوند وشارو شارۆچکەکان وێران دەکەن، هەزاران خێزانی چەوساوەوبێ توانا ئاوارەو سەرگەرادان و دەربەدەردەکەن.

جارێکی تریش ئەم خوێنمژانە کوێرانە دەکەونە کوشتاری ڕۆڵەکانی گەلەکەمان. کوشتاری قەڵادزەو هەڵەبجە نوێ دەکەنەوە.... ڕۆژی نۆیَ حوزەیرانی ئەمساڵ، ڕۆژێکی وەک نۆی حوزەیرانی شەست و سێ بووڕۆژێکی وەک بیست و چواری نیسانی نۆسەدو حەفتا و چوار بوو.

سەعات (٩/٤٥) ی سەر لەبەیانی بوو پێنج فڕۆکەی ڕژێمی عەفلەقی هێرشیان کردە سەر ئۆردوگای زێوە لە کوردوستانی خۆرهەڵاتەهەموو بۆمبا و تەقەمەنییەکانی خۆیان بەسەر ئافرەتو مناڵ و پیرو پەککەوتەکانی ئەوئۆردوگایەدا باران..(١٤٠) سەدو چل کوردی پەناهندە شەهید بوون و پتر لە (٢٣٠) دووسەدو سی تر بریندار بوون. (٧٨) کەس لە شەهیدو بریندارەکان هێشتا لەسەرەتای تەمەنی منالّی دا بوون.

ئۆردوگای زێوە، ئۆردوگای خێزانی کوردە ئاوارەبووەکانە، کەلەدەست دڕندەیی ڕژێمی



فاشی و ڕەگەزپەرست کوردستانی خواروویان جێ هێشتووە.

ئەم قەسابخانەیەلەگەڵ چەندەها قەسابخانەی تر لەبانەو سەردەشتو مەریوان و کرماشان و خانەو شارەکانی تری ئێران بەردەوام لە لایەن ڕژێمە ڕزیوەکەی (صدام) ئەنجام دەدرێ، قەسابخانەی نازییەکان وزایۆنییەکان دێنێتەوە یادمان. کوشتارەکەی شاریقەڵادزەوهەڵەبجەو زیندەبەچاڵ کردنی دەیان لاوی کوردی شاری سلێمانی دێنێتەوەیادمان.

ئەمڕۆ زیاد لە هەموو کاتێ گەلەکەمان چاو دەبڕێتە پارتی و هێزە شۆڕشگێڕەکان بۆ یەکگرتن و یەکخستنی خەبات و خستنەکاری هەموو توانایەک بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمنیگەل و نیشتمان، بۆ پەرەدان بە خەبات لە پێناوی هەرەس هێنان بەڕژێمە شلۆقەکەی بۆبەدیهێنانی مافە ڕەواکانی گەلی کوردمان..

لەدوا ووشەدا دەڵێین شەهیدان هاوارمانلێ دەکەن خوێنمان بەفیڕۆ مەدەن.

# قەزافی: لایەنگرتنی میللەتی کورد

نوێنەرانی ڕێکخراوە شۆڕشگێڕییەکانی وولاتانی عەرەبی لە نێوان ٢٩–٣١/ مانگی ئازاری ئەمساڵ ،لەلیبیا چەند کۆبونەوەیەکیان کرد، لەئەنجام دادامەزراندنی سەرکردایەتی نەتەوایەتی بۆسەرکردەکردنی هێزە شۆڕشگێڕییە عەرەبییەکان ڕاگەیەندرا ،.وەک چوار چێوەیەک بۆ یەکخستنی خەباتی شۆڕشگێڕانە دژی هێرشی نارەوای ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپەرستان بۆ سەر ناوچەکەو لە پێناوی ئازادی زەوییە داگیرکراوەکان. لەگەڵ پەرەدان بە خەباتی چەکداری لە لەپێناوی ڕووخاندنی ڕژێمە کۆنەپەرستو فاشییەکان ، سەرکردەی شۆڕشی لیبیا موعەممەرقەزافیبەشداری هەموو کۆبونەوەکانی کرد،.. لەبزووتنەوەیئازادیخوازی کورد لە کوردستانی خواروو پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان ، پارتی دیموکراتی کوردستان، پارتی سۆسیالیستی کوردستان لەناو وەفدی بەرەی نیشتمانی دیموکراسی(بەندجود) ئامادەی کۆبوونەوەکان بوون.

هەروەک چەند جار گوێمان لەهەڵوێستی قەزافی بووە بەرامبەر بە کێشەی کورد ...... ئەمجارەش کێشەی ڕەوای کورد لە گوتنەکانی قەزافی دا شوێنی تایبەتی خۆی هەبوو..

لەبەردەم نوێنەرانی پتر لە پەنجا پارتی و ڕێکخراودا بۆ چەند جارێک باسی کێشەی میللەتی کوردی کرد.. لەووتاری کردنەوەی یەکەم کۆبوونەوە هاتە سەر باسی میللەتی کوردو مافی خۆ بڕیاردانی چارەنووسی کوردان و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی سەربەخۆ بەتەنشت دەوڵەتی عەرەبی یەکگرتوو، دژی چەوساندنەوەی میللەتی کورد ڕاوەستا کە حکوومەتەکۆنەپەرست و ڕەگەز پەرستەکان ئەنجامی دەدەن، لە کۆبوونەوەکانی تریش دا چەند جارێکی تر باسی میللەتی کوردی کرد، سەرەڕای ئەوەش لەووتاری کۆتایی هێنان بە کۆبوونەوەکان دا ڕۆژی٢١/٣/ ١٩٨٥ بەم شێوەیە باسی بزووتنەوەئازادیخوازییەکەمانی کرد:

ئەم چاوپێکەوتنە، جگەلەوەی باسم.لیَوەکرد سەبارەت بە میللەتی عەرەب، دەبێتە پاڵپشتێکی نوێ بۆ میللەتێکی تری پارچەپارچەکراوی ئازاردراو، واتە میللەتی کوردی سەرا کەهەندێ ڕۆڵەکانی هاتونەتە ژێر ئالای ئەم سەرکردایەتییە ، ئەوخەباتکەرە کوردانەش کە ئێستالەگەڵمان نین، ئەمڕۆ هەست دەکەنپشتێکی نوێ بۆ بەرژەوەندی ئەوان لەدایک بووە.

ئازاد کردنی میللەتی عەرەب، یەکگرتنی میللەتی عەرەب لەسەر بنچینەی پێشکەوتنخوازی میللی مانای لایەنگرتن دەگەیەنێ،لایەنگرتنی میللەتی عەرەب بۆ میللەتی کورد ..لە ئێستا بەدواوە تێکۆشانی میللەتی عەرەب و میللەتی کورد هەردوودەبنە پاڵپشتی یەکتر .. ئێمە کە ئازاردەچێژین بەهۆی چەوساندنەوە و دەستدرێژی کردنەسەرمیللەتەکەمان و بەسووک تەماشا کردنی مێژووی درێژمان لەسەردەمی جەمال پاشاوە تا ئەمڕۆ، نابێ خیانەتبکەین بەرامبەر میللەتێککە هەمانژانو ئازاری تاڵ دەچێژێ کە میللەتی عەربیش هێشتا دەیچێژێ .

هەڵوێستی تایبەتیم بۆ لایەنگرتنی میللەتی کورد لەبەر چ هۆیەکی جیوپولیتیک یا مێژوویی نیە، واتە دەشێ هاندەری یەکەم ئەوەبێ ئەو ئازارەی لە مێژووی عەرەبدا ڕەنگی داوەتەوە ، کەخوێندومانە، لەگەڵ ئەو ژان و ئازارە تاڵەی ئێستا تیا دەژین وای لێ کردووم بێ سێ و دوو سۆزم هەبێ بەرامبەر میللەتێکی وەک خۆمان پارچەپارچەکراوی داگیرکراوی زۆرلێکراوی چەوساوە ، ئەوە وام لێ دەکات نەخیانەت لەخۆم بکەم و نە لەو نەریتە

ئەمرانەی باوەڕم پێیان هەیە ..

ناتوانم چی دی بکەم جگە لەلایەنگرتنی تەواوی میللەتی کوردو سەربەخۆیی و یەکگرتنی خاکەکەی ..

ئەم گوتەیە کە کەدەگاتە خەباتگێڕە کوردەکان ، ئەوانەشکە لێرەنین، دەبێتە پشتگیریبۆیان، بێگومان وایان لێ دەکات ئەوانیش لایەنگیری سەرکردایەتی نەتەوایەتی هێزە شۆڕشگێڕییەکان بکەن و بەیەکگرتنی هێزە شۆڕشگێڕییەکانی میللەتی عەرەب ولایەن گرتنی میللەتی عەرەب و کێشەکەی خەباتمان دەبێتە خەباتی هاوبەش ... بۆ پێشەوە بۆ خەباتی شۆڕشگێڕانەی بەردەوام .

# حەیدەر کۆتلو: ئەمینداری گشتی پارتی کۆمۆنستی تورکیا:

## گەلی کوردو مافی خۆبڕیاردانی چارەنووس و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ




لەچاوپێکەوتنێکا لەگەڵ گۆڤاری (النهج) گۆڤاری پارتییە کۆمۆنیستەکانی وولاتانیعەرەب ژمارە (٧) مانگی شوباتی ١٩٨٥ ئەمینداری گشتی پارتی کۆمۆنیستی تورکیا ،هەڤاڵ حەیدەر کۆتلو ، دەربارەی هەموو لایەنەکانی سیاسەتی دەستەلاتداریتیفاشیزمی تورکیا دوا . لەباسی هەلۆیستی پارتی کۆمۆنیستی تورکیا بەرامبەر کێشەی نەتەوایەتی کورد لەوەلامی پرسیارێک دا ووتوویەتی :

گەلی کورد کە نزیکەیپێنج یەکی سەرجەمی دانیشتووانە ، بەدەست چەوساندنەوەیەکی دوولایەنییەوە دەناڵێنی. گەلی کورد دوچاری چەوساندنەوەی مۆنۆپۆلە ناوچەیی و بیانییەکان و چەوساندنەوەی گەورەخاوەندارەکانەوە، هەروەک دووچاری چەوساندنەوەیەکی نەتەوایەتی چەپەڵ دەبێ .

سەرەڕای ئەو خەباتەی کورد شانبەشانی تورک کردی لە خەباتی نیشتمانی ئازادیخوازدا دژی داگیرکەرە ئیمپریالیزمیەکان، ئەوا بۆرژوای تورک بەردەوام بوو لە ڕامیاری چەوساندنەوەو ئازاردانی کورد کە بەمیرات بۆیان بەجێماوە لە ئیمپراتوریعوسمانلییەوەلە دژی کورد، ئێستا چەند ڕووکەشێکی نوێ بەخشراوە بەم ڕامیارییە.

بورژوای کورد دان نانێ بە بوونی گەلی کورد دا ، بەزەبرو زۆرێکی درندانەتر بەرپەچی داواکارییەکانی گەلی کورد دەداتەوە بۆ مافە نەتەوەیی و دیموکراسییەکان . لەکاتێک داکە دان نانێبەمافە بنەڕەتییە دیموکراسییەکانی گەلی کوردا وەک مافی بەکارهێنانی زمانی نەتەوەیی خۆیان و بەئازادی نووسینو قسە پێکردن و خوێندن بە زمانی کوردی .. هتد، کوردستانی تورکیا دواکەوتووترین ناوچەیە لە هەموو تورکیا دا لەڕووی ئابوورییەوە .

پاش دەستگرتنی ئەم تاقمەی ئێستا بەسەر دەستەلاتدا ، ڕامیاری چەوساندنەوەوئازار دان بەرزبۆوە بۆ ڕادەیەکی نوێ ، ئاشکرایەزەبرو

زەنگی دەوڵەتی شۆڤێنی بە جۆرێکی بێوێنە لە هاوینی ١٩٨٤ەوە پەرەی سەندووە، ئەم ڕژێمە هێزی سەربازی و چەکی قورسی ناردۆتە ناوچەکە. ژەنەراڵە عەسکەرییەکان کوشتاری بەکۆمەڵ

ئەنجام دەدەن بەهۆی زنجیرەیەک چالاکی ئاراستە کراو دژی گەلی کورد . لەئەیلوول تشرینی یەکەم هێزەکانی ئێڤرین و ئۆزاڵ بەرێکەوتن لەگەڵ ڕژێمی کۆنەپەرستی" صدام" هێرشیانکردە سەر خاکی عێراق .لەبەیاننامەڕەسمییەکان دا باسی کوشتنی دەیان کوردو بەدیل گرتنی هەزارانی تریان بڵاوکردەوە. ..هێشتابەردەوام بوردومانی گوندەکوردییەکان ئەکەن لەگەڵ ئازاردانی بەکۆمەڵ و چۆڵ کردنی گوندەکان.

ڕژێمی دەستەڵاتدار جەنگێکی نهێنی بەرپا کردووە دژی گەلی کورد .

پارتیمان ، دژی ئەم قەسابخانە خوێناوییە ڕاوەستا ، ڕایگەیاند کەشان بەشانی گەلی کورد ڕادەوەستێ . حەز دەکەم پەنجە بۆ ئەو بەیاننامە هاوبەشە درێژ بکەم کە کۆمیتەی ناوەندی پارتی کۆمۆنیستی عێراق و کۆمیتەی ناوەندی پارتیکۆمۆنیستی تورکیا لە٢٦/تشرینی دووەمی ١٩٨٤ دەریان کرددەربارەیقەسابخانەی ئەنجام دراو لەلایەن ژەنەراڵەکانی ئەنقەرە . لەلایەن تورک و کوردو گشت نیشتمانپەروەرانی تورکیا بەگەرمی پێشوازی لەو بەیاننامەیەکرا.

ڕژێمی دەستەڵاتدار کە ئەمڕۆ هەوڵ دەدات بۆ کردنی تورکیا بەدەرەکییەکی ئەمەریکی لە ناوچەکە، بەئەنجام دانی قەسابخانەی خوێناوی دژی گەلی کورد خۆی لەسەر نواندنی ئەم ڕۆڵە ڕادەهێنێ کەپێی سپێردراوە ، هەروەها لەم کەین و بەینەدا بەلێدانی گەلی کوردو بەتیژ کردنی هەردوو گەلی( تورک وکورد) لەیەکتری دەیەوێ هەناسەیەکیش بهێنێتەوە بەرخۆی، کە لەناوخۆیدا دووچاری گیروگرفت بووە .

زۆر لایەن ئێستا هەست دەکەن ناتوانرێ لە سەر ڕێی دیموکراسیدا پێشکەوتن هەبێ گەر کێشەی نەتەوەیی گەلی کورد لەتورکیا پشتگوێ بخرێ، بەڵام هێشتا پارتییەکانی موعارەزە کە بەڕەسمی ڕێگای کارکردنیان پێ دراوە لەگەڵ هەندی لەناوەندە دیموکراسیەکان، هێشتا دوورن لە تێگەیشتنی پێداویستی دانان بەمافە دیموکراسیەکانی گەلی کورددا ، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا بڕوامان وایە دەتوانین

لەگەڵیان یەکبگرین لەسەر تاوانبارکردنی ئەو کوشتارەی دژی گەلی کورد ئەنجامدەدرێ.

ئێمە هەمیشە لە گۆشەی بەرژەوەندییەکانی چینی کریکاران ولەبەر ڕۆشنایی مەبدەئەکانی نیو نەتەوەیی پرۆلیتاریی دەڕوانینە کێشەی نەتەوایەتی کورد. پارتی کۆمۆنیستی تورکیا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتی کورد بە پێویستی دەبینێ گەلی کورد شاد بێ بە مافی خۆبڕیاردانی چارەنووس . مافی خۆبڕیاردانیش بۆ چارەنووس بۆ گەلی کورد لە تورکیا مافی دامەزراندنی وولاتی سەربەخۆیە ، وادەبینین کەلە تواناداننییەئەم مافە بهێنرێتەدی بەسەر کەوتنی شۆڕشێکی دیموکراسی دژ بەئیمپریالیزم نەبێ. ئەوەی بەرگری لێ دەکەین ئەوەیە کە گەلی کورد خۆی بەسەربەستی بڕیاری بەکار هێنانی ئەم مافە دەدات .

پەیوەندی بە هێز لەنێوان کارکەرانی کوردو تورک دا هەیەو ئەو پەیوەندییەلەپچراندن نایەت .

دوژمنی هەردووگەل یەک دوژمنە . ئەرکیئەمڕۆ یەکگرتنی هێزەکانی هەردوو گەلە دژی ئیمپریالیزم ، دژی ئەوانەی لەگەڵ ئیمپریالزم دەستیان تێکەڵاوە ، دژی دیکتاتۆری شۆڤێنی لەپێناوی دامەزراندنی تورکیای دیموکراسی دا

لەلایەکی ترەوە ئەوبابەتانەیکۆنگرەی هەشتەمی پارتی کۆمونیستی تورکیا بڕیاری لە سەرداوە دووپاتی کردۆتەوە کە پارتیمان چەوساندنەوەی نەتەوەیی دژی گەلی کورد تاوان بار دەکات.لە وولاتانی دراوسێ و بەئەرکی نیونەتەوەیی سەرشانی خۆی دەزانێ پشتگیری خەباتی بکات بەو شێوەیەی کە بگونجێ لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی چینی کریکارانی جیهانی.

******************

# ئیسماعیل باشکچی
# نامەیەکی مێژوویی
# بۆبەرگری لەنەتەوەی کورد



ئیسماعیل باشکچی کە نووسەرێکی کۆمەلایەتی ( سۆسیۆلۆژی) یە و تورکێکی پێشکەوتنخوازە و گەلێک کتێب و نووسینی چاپ کراوی هەیە لەسەر کوردو کوردستان، لە زیندانەوە سالی ١٩٨١ نامەیەکی بەدزیەوە ناردووە بۆ یۆنسکۆی سەر بەنەتەوەیەکگرتووەکان، کەلەسالی ١٩٧٨ دا بڕیاری یادی سەد سالەی کەمال ئەتاتورکی داوە، نامەکە پتر لە شەست لاپەڕەی چاپکراوە بەزمانی تورکی، زۆر بەداخەوە تائێستا نەکراوە بەکوردی، نووسەر بەهەموو توانایەوە یۆنسکۆ بەدرۆ ئەخاتەوە بەتایبەتی کە ئەتاتوورکی کردووە بەپالەوانێکی مێژوویی ، نەک هەر نەتەوەی تورک،بەلکو هی هەموو نەتەوەکانی ڕۆژهەلات . گەورەترین بەلگەی نووسەریش بۆ وەلام دانەوەی درۆکەی یۆنسکۆ وەکو نموونە ، مەسەلەی کوردو کوردستانی هێناوەتە ناو باسەکەیەوە، بەڕاستی و ڕەوانی ئەلێتکە ئەتاتورک نەپالەوان بوە و نە پێشکەوتن خواز، بەلکو ڕەگەز پەرست و داگیرکەرو دوژمنی خوێن خۆری نەتەوەی کورد بووە، بەیارمەتی فەرەنسا و بەریتانیا ، کوردستانی ژوورووی داگیر کردوەو هەر لە سەر ئایدۆلۆژییەتی تورکایەتی خۆی" کەمال ئەتاتورک " ئاوێکی وای ڕشتووە کە هەتا ئەمڕۆش هەموو دەزگاکانی تورکیا بە هەموو هێزی چەک و لەشکر و پارەو پرۆپاگەندەو ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری ئەوە بۆ لەناوبردنی کورد و کوردستان خراونەتە کارەوە، نووسەر بێجگە لە یۆنسکۆ و نەتەوە یەکگرتووەکان ، ڕای گشتی جیهانیش تاوانبار دەکات ، کەوا لە داگیر کردن و چەوساندنەوەی نەتەوەی کورد بێ دەنگ بوون و پتر لە نیو سەدەیە

نووسەر چەوساندنەوەی نەتەوەی کورد بەراورد ئەکات لەگەل ئەفەریقای خوارو ، تەنانەت لەوەش بە خراپتری دائەنێت ، هەر لە هەمان نامەدا دان بەوەدا ئەنێت کە کوردیش وەکو هەموو نەتەوەکانی ژێر دەستی دەولەتی عوسمانلی مافی ئەوەی هەبوو کە دەولەتی نەتەوایەتی خۆی دابمەزرێنێت بەلام فەرەنسا و بەریتانیا ئەو مافەیان پێ ڕەوا نەبینین و لە جیاتی ئەوە بەتەلبەندی دڕکاوی و مینی بۆمبای ژێر زەمین وولاتەکەیان کرد بە چەند پارچەوە، بە سەر ئەو دەولەتە کارتۆنیانەدا دابەشیان کرد کە خۆیان درووستیان کردبوون، بەو هیوایەی نەتەوەی کورد لەیەکتری دابڕێت و بە زووترین کات لەناو نەتەوە داگیر کەرەکاندا بتۆیتەوە و ناویشی لە کۆلەکەی تەڕدا نەمێنێ .




# یادی چل ساڵەی کۆتایی هێنان بەجەنگی جیهانی دووەم

مانگی ئایاری ئەمساڵ، یادی تێپەڕبوونی چل ساڵ بوو بەسەرسەرکەوتنی گەلانی ئاشتیخواز بەسەر نازییە هیتلەرییەکاندا ،بەڕووخاندنی بەرلینی پایتەختی ڕژێمی فاشی هیتلەری و کوتایی هێنان بە دژوارترین جەنگ لەمێژووی مرۆڤایەتی دا ،جەنگی جیهانی دووەم.

چل ساڵ لەمەوبەر ئاڵای هیتلەری لەسەر دوا بارەگای نازیزم فڕێ درایە خوارەوەو ئەوڕۆژە هاتەدی کە ملیۆنەها مرۆڤ گیانی خۆی بەخشی لەپێناویا ، واتە ئازاد کردنی مرۆڤایەتی لە دڕندایەتی هێزەکانی هیتلەر، کەنەخشەی دانا بوو بۆ داگیر کردنی سەرتاپای جیهان و سەپاندنی دەسەڵاتی ئەڵەمان بەو بیانووەی کە ڕەگەزی ئاری ئەڵەمان - لەسەرو گشت ڕەگەزەکانی تری مرۆڤایەتییەوەن، بەشکاندنی هێرشە دڕندانەکانی نازییەکان یەکەم وڵاتی سۆسیالست لەجیهاندا توانی خۆی لەلەناوجوون و مردن ڕزگار بکات و ببێتە یارمەتی دەریزووتنەوەی گەلانی ئازادیخواز .

لە ١/ئەیلوولی/١٩٣٩ هێزەکانی ئەڵەمانیای هیتلەری ئاگری جەنگی جیهانی دووەمیان بەرپا کرد بەهێرشێکی ناکاو بۆ سەر پۆڵۆنیا . لە ٣/ئەیلوولی/١٩٣٩ ئینگلتەرەو فەرەنسا چوونە جەنگەوە دژی ئەڵەمانیا، جەنگ پەرەی سەند، کڵپەی ئاگر تادەهات بەهێزتر دەبوو، جەنگ ئەوروپای ڕۆژئاوا و ناوچەی دەریای سپی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقای گرتەوە، بەڵام قۆناخی گرنگی جەنگ لەهێرشی هێزەکانی هیتلەر بۆ سەر یەکێتی سۆڤیێتی دەست پێ دەکات .ڕۆژی ٢٢/حوزەیرانی/١٩٤١ سوپای نازیزم هێرشێکی مەزنیان بردەسەر یەکێتی سۆڤیێتی، لەقۆناخە یەکەمەکاندا توانیان لەسنوور بپەڕنەوە و بچنە قووڵایی خاکی یەکەم وڵاتی سۆسیالیستی. بەڵام پاش ماوەیەکی کەم لەشکری سووری سۆڤیێتی بە پشتیوانی و هاوکاری سەرجەمی گەلانی سۆڤیەت توانییان هێزەکانی دوژمن بشکێنن و لە دەوروبەری مۆسکۆ، لینینگراد وستالینگرادو لەسەر کەناری ڕووباری دۆن ولە بیلۆڕوسیا و ئۆکرانیا و لەسەر ڕۆخی دەریای بەلتیک وکەنار ڕووباری فیتۆل وئۆودر دەریان بکەن و ڕاویان بنێن تا ناو بەرلینی پایتەختی هیتلەر.

لەشکری سوور، کەبەسەرکەوتوویی هێزە شکاوەکانی هیتلەری بەرەو بەرلین ڕاودەنا، توانی یارمەتی ڕۆمانیا و بۆلگارو چیکۆسلۆفاک و هەنگاریا و یۆکۆسلاڤیا و ئەلبانیا بدات بۆ ئازاد بوون لەنازییە داگیرکەرەکان، کەئەو کاتە ڕاپەڕینی میللی و شەڕی پارتیزانی لەو وڵاتانەدا دژی هیتلەرییەکان دەستی پێ کردبوو.

لەشکری سوور لەڕۆژهەڵاتەوە، لەشکریئەنگلۆ ئەمریکی لە ڕۆژئاواوە بەسەرکەوتوویی بەرەو بەرلین دەکشان تا لەشکری سووری سۆڤیێتی توانی داگیری بکات و ئاڵای یەکێتی سۆڤیێتی لەسەر بارەگای ڕایخی سێیەم بشەکێتەوە.

سەرکردایەتی بەزیوی هیتلەرییەکان شەوی ٨/ئایاری/١٩٤٥ لەبەردەم سەرکردایەتیسەربازی سۆڤیێتی دا بڕوانامەی خۆبەدەستەوەدانوکۆتایی هێنان بەجەنگی مۆرکرد. بەمە کۆتایی بەو جەنگە هات.



لەشکری سووری سۆڤیێتی توانی پتر لە٧٥٪ ی هێزەکانی هیتلەر تێک بشکێنێ هەروەک چەرچل گوتەنی لەشکری سوور هەناوی ئامێریعەسکەری ئەلەمانیای دەرهێنا .

ئەم جەنگە چەپەلەی دووچاری مرۆڤایەتیبوو، بوو بە هۆی کوشتن و بریندارکردن و ئاوارە و ماڵ وێرانکردنی دەیان ملیۆن کەس، جگە لە زیانی ماددی بێ ئەژمار ،لەئەلەمانیا ١٣/٥ ملیۆن کەس هاتنە کوشتن، ١٠ملیونیان لە بەرەکانی یەکێتی سۆڤیێت کوژرابوون ،(٢٠)بیست ملیۆن سۆڤیێتی کوژران و دەیان ملیۆن بریندار بوون ... هەر وەها بەدەستی نازییەکان لە پۆلۆنیا شەش ملیۆن کەس هاتنە کوشتن ، لە فەرەنسا شەش سەد هەزار کوژران ، لە ئینگلتەرە سێسەدو پەنجا هەزار هاتنە کوشتن، لە وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سێسەد هەزار هاتنە کوشتن .

سەرکەوتن بەسەر نازیزم و فاشیزم دا لە دەستکەوتە هەرەگرنگەکانی مرۆڤایەتی یە لەم سەدەیەدا ، پاشکۆتایی هێنان بە جەنگ بزووتنەوەی گەلانی ئازادیخواز زیاتر بەهێز و پتەو بوو، کاریگەرییەکی زۆری هەبوو بۆ سەر ڕەوتی بەرەوپێشەوە چوونی جیهان بارودۆخی لەبار ڕەخسا بۆ گەلانی ژێر دەست بۆ خەبات کردن لەپێناوی ئازادی و سەرفرازی دا ،گەلی کوردیش وەک زۆربەی گەلان پەرەیبەخەباتی خۆی دا و چەندەها هەنگاو بەرەو پێشەوە چوو ،ئەوی سەرنجێکی مێژووی نوێی بزووتنەوەیئازادیخوازی کوردستانیدات ئەوکاریگەرییەی لا ئاشکرادەبێ ڕاپەڕین و شۆڕشی کوردستانی خۆرهەلات ولەدایک بوونی کۆماری مەهاباد و دامەزراندنی پارتییە جەماوەرییەکان وەک (پ. د. ک ) یئێران وعێراق لەگەل بەرپا بوونی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول، چەند نموونەیەکن بۆ ئەم بابەتە .

هێزە دیموکراسی و ئاشتی خوازەکانی جیهان زیاتر ڕەگیان داکوتا .. ڕێکخراوی وولاتانی سۆشیالیستی هاتە کایەوە، دەیان وولات لەژێر چەپۆکی داگیرکەرە کۆلۆنیالییەکان ئازادیان بوو..

لەیادی چل ساڵەی سەرکەوتن بەسەر فاشیستی و نازیزم دا وولاتە شیرینەکەمان لەژێردەستی نازییەکانی سەردەم دا دەناڵێنێ.. ئەوەتا لە عێراقلەسەر هەمان ڕێ وشوێنی هیتلەر ڕژێمی فاشی و خوێنمژ دەستی ناوەتە بینەقاقایهەموو گەلانی عێراق بە کوردو عەرەب و کەمایەتییەکانو پێنجەم ساڵە جەنگێکی هیتلەریانەیبەرپا کردووە دژی ئێران ، سەدان هەزار ڕۆڵەی عێراقی کردووە بە سووتەمەنی و قوربانی لە پێناوی مانەوەی خۆی و دارودەستە ڕزیو و بۆگەنەکەی لەسەر حوکم .. مێژوو سەلماندوێتی سەرکەوتن هەر بۆگەلانە .. تەمەنی زۆرداریهەر چەنددرێژ بێ هەر کۆتایی پێ دێت ..گرنگ ئەمرۆ ڕاپەڕین و یەکگرتنی سەرتاپای گەلە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەونازییە نوێیانەی وولاتیان کردوە بە دۆزەخ و مافەڕەواکانیگەلە ئازادیخوازو خەباتگێڕەکەمانیان ناوەتە ژێر پۆستاڵی جەندرمەکانیان ..ئاشکرایەو هیچ گومانی تێدانییە کە سەرکەوتن لە یەکگرتن و پێکەوەخەباتکردن دایە .

خستنە سەر نێت:- چالاک
chalakmuhamad@gmail.com



# لەڕاپۆرتی سیاسیی پارتی دیموکراتی گەلی کوردستانەوە

## لەکەلەپووری شۆڕشگێڕانەی گەلەکەمان

پتر لە شێوازێک هەیە بۆشۆڕشی چەکداری،لە زۆر وولاتاندا شۆڕش و ڕاپەڕین بەرپابوون کە دەتوانرێ بە شێوەیەکیگشتینا وبنرێن بەشۆڕشی کەم خایەن، واتە ئەوگەلانە،یا چینەشۆڕشگێڕەکانیان، لەماوەیەکی کورتی خەباتی چەکداریدا توانیویانەدەستەلات بگرنە دەستە جا شۆڕشە چەکدارییەکەیان ڕۆژێک یا چەند ڕۆژێک، یا هەندێ جار چەند مانگێکی خایندبێ، بەگشتی چەند سالێکی یەک بەدوای یەک دا درێژەی نەکێشاوە ۰ زۆر ئاسایی یە کە ئەم شۆڕشانە هەیانەسەرکەوتوو، هەیانە سەرنەکەوتوو، یا ڕاستتر بڵێین نەیتوانیوە لەڕێی ئەو کارە شۆڕشگێڕیەوە ئامانجەکانیبهێنێتەدی، لە سەر ئاستی عێراقو کوردستان شۆڕشی بیست و شۆڕشی چواردەی گەلاوێژ و ڕاپەڕینی کانون وڕاپەڕینی تشرین و ڕاپەڕینی سلێمانی لە شەشی ئەیلولی ۱۹۳۰ ناسراو بە شەری بەردەرکی سەراکەپاش مورکردنی پەیمانبەستن لەنیوان عیراق و بەریتانیا رووی دا دەچنە خانەی ئەم جورە شورشانە.

بەڵام زۆربەی شۆڕشە کوردییەکان،شێوازێکی جودای هەبووە، ئەویش شێوازی دەستدانەچەکو ڕووکردنە چیایە ، ئەم دیاردەیەش چەند سەدەیەک دەبێ گرنگییەکی زۆری هەیە لەمێژووی گەلەکەماندا ، نەک تەنها لەبەرگرنگیمێژوویی بەڵکو لەبەر بەردەوام بوونی تا ڕۆژی ئەمڕۆ دەشتوانیین بەدڵنیاییەوە بڵێین تاداهاتوو - یەکی دیاریش هەر درێژە دەکێشێ. ئەم دیاردەیە مەزنترین تاقیکردنەوەی شۆڕشگێڕی پێک دەهێنێ لە مێژووی ئێمەدا ، بەجۆرێ مێژووەکەمان کە ڕەنگدانەوەی ململانێی نێوان گەلەکەمان لەلایەک و داگیرکەران وپەلاماردەرو دەستەلاتدەرە کۆنەپەرستەکانو کۆنەپەرستانی ناوچەیی یە لەلایەکی تر ، خەریکە تەنها بریتی بێ لە زنجیرەیەک لەم جۆرە کردەوانە ،

ئەمە دیاردەیەکە زیاد لە هەمووشتێ پێویستی بە کۆڵینەوەو قووڵبوونەوەوتێگەیشتنە لەمێژووی ئێمەدا

۰ ئەوەی مێژووی گەلەکەی تێنەگا زەحمەتە بتوانێ نەخشەی شۆڕشەکەی بۆبکێشێ چونکە مێژوو کۆمەڵگایە، یاڕوونتر مێژوو ململانێی ناو کۆمەڵگایە لە کاتدا لەنێوان گەل و چەوسینەرەکانی ، واتە داگیرکەران و زۆردارە ناوچەییەکان،کۆمەڵگا ،یا ململانێ لە کۆمەڵگادا ،برگەیەکە لەمێژوو لەکاتێکی دیاری کراودا ، ئەویش ئەو کاتەیە کە ئێمەی تێدایین. لە کوردستاندا ناوچەیەک نییە مێژووی یاخی بوونی چەکداری خۆی نەبێ دژی دەستەلاتداران، هەیە مانگێک درێژەی کێشاوە هەیە چەند ڕۆژێک هەیەچەند ساڵێکی خایاندووە ،جگەلە شۆڕشو ڕاپەڕینە نیشتمانییە سەرانسەرییە ناسراوو تۆمار کراوەکانی سەر لاپەڕەکانی مێژوو.

پێویستە بەووردی لە بنەما ماتەریالیەکانی ئەم شێوازە ململانێیە بکۆڵینەوەو تێیبگەین. یەکەم خاڵی ئەم بنەمایانە کە دێنە مێشکی مرۆڤەوە ، بوونی گەلێکیئازای خاوەننەریتی شۆڕشگێڕی و خاوەن چیایسەرکەشە ، بەڵامڕاستیەک هەیەگەرچی وەک ژەهر تاڵە، ئەویش ئەوەیەکە ئەم زنجیرە درێژەی خەباتی چەکداری خاوەن شێوازی سەرەتایی و عەشایەری و هاوچەرخ تا

ئێستا سەرکەوتنی چاوەروانکراوی بەدەست نەهێناوەو ئەوئامانجانەی نەهێناوەتەدی کەلە پێناویان دا هەلگیرساوە.

ئەم کەلەپورە شۆڕشگێڕیەمەزنەو ئەمنەریتە شۆڕشگێڕییەسەرتاپاییە، پێویستی هەیە بە لێکۆڵینەوەو دەستنیشان کردنی مەڵبەندی لاوازییلەڕووی ئایدۆلۆژی و عەسکەری وڕێکخستن هەروەها پێویستی بە دیاریکردنی مەڵبەندی هێز هەیە، ئینجا هەنگاونان لەوێ وە بەرەو ئەو پراکتیکی شۆڕشگێڕانەیەی چەند درێژخایەن بێ ڕێگای تێشکان ناگرێتەبەر و لەڕوانگەی بۆچوونەبابەتی و خۆییەکانەوە سوور دەبێ لە سەر سەرکەوتن.

بەدوا کەوتنی ئەم نەریتە شۆڕشگێڕیانە بێ کۆڵینەوەو ڕەچاوکردنو بژارکردن، بێ تێگەیشتن لە پراکتیکی شۆڕشگێڕانەی هاوچەرخ لەڕووی چینایەتی و ئایدۆلۆژی و ڕێکخستن و ڕامیارییەوە، مانای دووبارەکردنەوەی ڕابووردووە بە هەموو سەرئەنجامە دڵتەزینەکانییەوە، بەڵکوگەیشتنەبەسەرئەنجامی کوشندەتریش، چونکەدوژمنانی گەلەکەمان شێوازی کار کردنی خۆیان بەرەوپێشەوە بردووەو توانای مادی و عەسکەری و ڕامیارییانچەند جار زیادی کردووە، لەلایەکی تریشەوە نکوڵی کردن لەم کەلەپوورە شۆڕشگێڕیە مەزنەو لە بنەما ماتەریالییەکانیو نکوڵی کردن لە مێژووی خەباتی گەلەکەمان، بێگومان درووێنەکردنی تێکشکانە، ئەمڕۆ بەردەوام بوونی دوێنییە بەڵام سەدی سەد وێنەی فۆتوگرافی دوێنی نییە.

# مامۆستای کورد....

لەپایزیساڵی ١٩٨٤دا بەپێی بریارێکی تایبەتی حکوومەتی سوید، لە ستۆکهۆلم بەشێکی تایبەتی کوردی کراوەتەوە لە خوێندنگەی بەرزی مامۆستایان. بەئامانجی ئامادەکردنی مامۆستایانی کورد لە سوید. لەم بەشەدا هەردوو شێوە زمانی کرمانجیی ژوورو و کرمانجی خوارو دەوترێتەوە. لە هەموو پارچەکانی کوردستانەوە خوێندکار وەردەگرێ (**مامۆستای کورد**) ناوی ئەو گۆڤارەیە کە ئەم خوێندنگەیە دەری دەکات.

لەمانگی گوڵانی ئەمساڵ دا ژمارەی یەکەمی ماموستایکورد، دەرچووکە بریتییە لەپەنجاو شەش لاپەڕەی قەوارە گەورە، چەندەها بابەتی ئەدەبی و زمانەوانی بەنرخی تیدایە، وەک (چەند پرسیارێن زاراوەێن زمانێ کوردا، پێشەوای هەڵبەستی کوردی مۆدرن؛ گۆران، مەلای جەزیری: شارێگەی سۆفیگەریو کلاسیزم) لەگەڵ چەند بەرهەمی تری بەسوود.

شاعیری بەناوبانگ کاک (فەرهاد شاکەلی) سەرپەرشتی ئەم بەشە کوردییە دەکاتو لە هەمان کاتیشدا سەر نووسەری گۆڤاری (مامۆستای کورد)ە.

ناونیشان:

Högskolan för Lärarutbildning
i Stockholk / KURDISKA
Box 34103
100 26 STOCKHOLM _ SWEDEN

---

## ژێ

ناونیشانی دوا بەرهەمی شیعری (فەرهاد شاکەلی)یە لە بەرگێکی رازاوەی جوان و قەشەنگ دایە، بریتییە لە (١٥٨) لاپەڕەی قەوارە ناوەڕاست و (٣٧) پارچە شیعری لە دووتوێی خۆی دا تۆمار کردووە.

بەهەمان ناونیشانی (ماموستای کورد) ئەم بەرهەمە نوێیە دەستدەکەوێ.

# هەڵوێست....

گۆڤارێکی رووناکبیریی گشتییە وەرزی جارێک دەردەچێ، تا ئێستا چوار ژمارەی لێ دەرچووە، ژمارە سێ و چوار لەم ماوەیەدا بەدیاری گەیشتوتە کتێبخانەی (پێشەنگ).

ژمارە (٣)ی (**هەڵوێست**) بریتییە لە سەدو پەنجاو چوار لاپەڕەی قەوارە ناوەڕاست و ژمارە چواریش بریتییە لە سەدو شەست لاپەڕە.. گەلێک ووتارو لێکۆڵینەوەی تێدایە سەبارەت بە کوردستان و بزووتنەوە ئازادیخوازییەکەمان لەگەڵ چەندەها بابەتی ئەدەبی بەنرخ.

ناونیشان:

HALWEST
P O BOX I14 COLCHESTER COI I FT
ENGLAND

# کێشەی چینایەتی

وەرگێڕان وئامادەکردنی
نەجمەددینی کەریم

کێشەی چینایەتی بریتی یە لە کێشە و ململانێی نێوان چینەکانی کۆمەڵ(چەوساوە و چەوسێنەر) .

هەروەها هێزی بنچینەیی جوڵێنەری تەواوی پێکهاتووە ئابووری و کۆمەڵایەتی یە دژ بەیەکانە . حەقیقەتی چینەکان و کێشەی چینایەتی لەلایەن چەندان فەیلەسوف وئابووری ناسانی پێش کەوتن خواز بەر لەسەر هەڵدانی ـ مارکسیزم ـ دا دۆزراوەتەوە. بەڵام مارکس و ئەنگلس ئەوان توانیان کەوا تیئوری زانستی ڕاست و تەواو دەربارەی کێشەی چینا ـ یەتی دابڕێژن، ئەمەش لەبەر پێویستی و حەتمیەتی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا بوو.

بەرژەوەندی چینە دەستەلاتدارو چینە زۆرلێکراوەکان بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ یەکتری ناگونجێت . لەبەرئەوەی چینە دەسەلاتدارەکان هەمیشە هەوڵی پاراستنی ئەو سیستەمەئابووریە ئەدەن کەوا لە ئارادایەو یەکتر ئەگرن و زیاتر جەماوەری ڕەنجدەران ئەچەوسێننەوە، بەتایبەتی لەوکاتەی کە چینە زۆر لێکراوەکان خەباتێکی ڕادیکالیانە ئەکەن لە پێناوی بار و زروفێکی باشترو ڕزگاربوونیان لەژێر چەوسانەوەو کۆیلایەتی دا .

قوڵبوونەوەی کێشەی چینایەتی بەتایبەتی لەپێکهاتووە کۆمەڵایەتی یەکانی سیستەمی سەرمایەداری چەوسێنەردا زیاتر خۆی دەنوێنێت.. خەباتی جەماوەری چەوساوەدژ بە چینی بۆرژوا، ئەو چینە دەیگرێتە دەست کەوا زیاترپێشفەڕۆو هوشیارە لەکۆمەڵی هاوچەرخ دا کەئەویش پرولیتاریا ـ یە، کێشەی نێوان چینی بۆرژوا و پرۆلیتاریا سێ شێوەی بنچینەیی دەگرێتە خۆوە : ئابووری وسیاسی و ئیدۆلۆژی ،هەروەها گرنگی یەکی مەزن لە سەرکەوتنی چینی کریکار لەخەباتی سیاسی دا دەبێت، هەروەها بەرزترین شێوە بۆ ڕێکخستنی سیاسی کە سەرکردە پرۆلیتا ـ ریا و جەماوەری زەحمەتکێشان بکات ئەو پارتەیە کەوا بەبەردەوامی مولتەزمی هەڵوێستەکانی ـ مارکسیزم و لینیزمـە ، هەروەها کێشەی چینایەتی دەبێتە کارێکی حەتمی لەسەدەی ئیمپریالیزم دا بۆ شۆڕشی پرولیتاریای سۆسیالیستی ، کەوا پرۆلیتاریا پێی هەڵدەستێ بەهاوکاری لەگەڵ جەماوەری جووتیاری ڕەش و ڕووت دا .

چینی کرێکار دوای گرتنی دەستەلاتی سیاسی و دامەزراندنی دیکتاتوریەتەکەی خۆی ئالەو کاتەدا تفاقی بەرهەم هێنان دەبێتە موڵکی تەواوی کۆمەڵ، هەرچی ناویچەوساندنە ـ وەی چینایەتی یە نامێنێ و هەوڵی دامەزراند ـ نی بناغەی سۆسیالیستی ئەدات و هەردووچین برایانە پێکەوە دەژین ـ کرێکار و جوتیار ـ، لەتەک ئەمانیشەوە ڕۆشنبیرە شۆڕشگێڕە سۆشیالیستەکان .

مارکس دەڵێ: لەدایک بوون و سەرهەڵدانی چینەکان دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغێکی دیاریکراو لەبەرەو پێشچوونی کۆمەڵایەتی دا و کێشەکەیش حەتمی یە کەوا بەرەو دیکتاتوریەتی پرولیتاریا ئەچێ، هەر ئەم دیکتاتوریەشە کەوا چینەکان ناهێڵێ لە کۆمەڵ دا .

*　　*

## چینی بۆرژوا :

بریتی یە لە چینە سەرمایەدارەکان،کە خاوەنی تفاقی بەرهەم هێنانی بنچینەیین لە کۆمەڵ دا ( فابریکەکان، کارگەکان، هێڵی ئاسن و ...تاد) ، کەوا سەرچاوەی پارەکەیان بۆ " زێدەبایی "(القیمة الزائدة)دەگەڕێتەوە ( بریتییە لەو زیدەکارەی کەوا سەرمایەدار کرێ یەکەی بەکرێکار نادات ) بێگومان بورژوایش لەمەیدانی وەکار هێنانی

"استثمار" سەرمایەکەی دا دەکرێت بەچەند بەشێکەوە ـ بۆرژوای پیشەسازی ،بازرگانی، مەسرەفی و لادێیی ... سەرهەڵدانی سەرمایەدار ـی لە منداڵانی کۆمەڵی دواکەوتووی دەرەبەگایەتیو بەرەو پێشەوە چوونی دوای ساڵانێکی دوورو درێژ و دەست بەسەراگرتنی بەسەر کار و بارەکانی کۆمەڵ لە ڕووی ئابووری و سیاسی دا، بوونە هۆی ئەوەی کە لە سەرەتای سەدەی بیستەم دا بچێتە دوا قوناغ و بەرزترین قۆناغی لەبەرەو پێشەوە چوونی دا کە قۆناغی ئیمپریالیزمە .

ئەتوانین بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا دەستنیشانی ئەو توێژانە بکەین کە چینی بۆرژوای لێ پێک هاتووە :

**بۆرژوای گەورە:**

بریتی یە لەو بۆرژوایانەی کە خاوەنی کارگەو فابریکی مەزن و زەبەلاحن،

**بۆرژوای ناوەندی :**

بریتی یە لەو بۆرژوایانەی کە خاوەنی کارگەو فابریکی ناوەندین لەڕووی تێ دا وەکارهێنانی سەرمایەکەیان دا .

**وورده بۆرژوا:**

هەروەکو بەرهەم هێنەرە گچکەکان و پیشەیی یەکان و فەرمانبەرەکان..

لەو وولاتانەی کە لەژێر دەستەڵاتی کۆلۆ ـ نیالیزم دا ڕزگاریان بووە، هەروەکو وولاتانی ئێستای عەرەبی، دەبینین کەوا بۆرژوا لە هەڵوێستەکانی سیاییاندا هەمە جۆرن:بۆرژوای گەورەو ناوەندی ئەگەر چی لە سەرەتای قۆناغەکانی خەباتدژ بە کۆلۆنیالیزمبەشدارییان کرد بەڵام لە ئەنجام دا کەوتنە مەوقیعی ڕاستڕەوی و کلکایەتی کردن بۆ بۆرژوای سەرمایەداری ئیمپریالیزم لە بزووتنەوەی شۆڕش ـ گێڕێتی دا دوای سەربەخۆیی سیاسی ، دڕندانە کەوتنە گیانی جەماوەری زەحمەتکێشانی شۆڕشگێڕو بزووتنەوە پێشڕەوو شۆڕشگێڕییەکەیان

ئەمڕۆ گەلی کوردستان دووچاری دوژمنێک بۆتەوە کەوا شێوەیەکی کۆلۆنیالیزمی گرتۆتە بەر بەهاندان و پاڵپشتی ئیمپریالیزمی نوێی جیهانی ، لەڕووی داگیر کردن و کاولکردن و دەربەدەرکردنی خەڵکی بێ تاوانی کوردستان ( بەتایبەتی جەماوەری زەحمەتکێشان ) .

تەواوی چین و توێژەکانی گەلی کوردستان لەخاکەکەی خۆی دا دووچاری سەختترین ڕەفتاری فاشیانەو شۆڤێنیستی و چەوساندنەوە هاتووە. بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کورد لە پێناو گەیشتن بە بەمافە ڕەواکانی ( لەسەر بنچینەی وەدەستهێنانی مافی چارەنووسی خۆی) لە قۆناغی خەباتی ئێستای دا دژ بە داگیرکەران پشت بە یەکێتی خەباتی تەواوی چین و توێژە نیشتمانی یەکانی دەبەستێت، بەمەرجێک ئەو یەکێتی یە لە ژێر سەرکردایەتی هێزێکی شۆڕشگێڕی پێشکەوتنخوازدا بێتە کە نوێنەری هەتاسەری چینە زەحمەتکێشەکانی کوردستان بێت، کە هەر ئەوانن بەتەواوی حەقیقەتی یەکێتی و سەربەخۆیی نیشتمانی ئەپارێزن دژ بە داگیرکەرانو کۆنەپەرستانی ناوخۆ، کە درێژە بەخەبات ئەدەن لەپێناوی ڕزگاری و دیموکراسی و سۆسیالیستی دا. لە قۆناغی سۆسیالیستی ،کەلەوێدا کێشەکانی چینایەتی بە تەواوی چارەسەر دەکرێت و کرێکارانی کوردیشبەهاوکاری چینی جووتیاری هاوخەباتی بەختەوەرانە پێکەوە لەژێرسێبەری دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریادا دەژین: لە کوردستانیکی ئازاد و سەربەخۆدا .

* *

**پرۆلیتاریا:**

بریتی یە لە چینی کرێکاری هاوچەرخ، کە ناتوانن بژین گەر بۆخویان کارێک نەدۆزنەوە هەروەها بە دۆزینەوەی کاریش کارەکەیان دەبێتە هۆیەک لەبۆ نەشو نما کردنی سەرمایە و ناچارن کە هێزی کاری خۆیان هەروەکو کاڵایەک بە دەروازەیەک بفرۆشنو کەرەسەیەکی بازرگانی ئاسا دووچاری تەواوی ململانێی گۆڕانکارییەکان ئەبنەوە کەلەبازاردا سەر هەڵئەدات ... هەرئەوانیش گۆڕ هەڵکەنی بۆرژوازین

بەم شێوەیە مارکس و ئینگلز پێناسەی پرۆلیتاریایان کردووە لە " مانڤێستی کۆمۆنیستی " دا .

پرۆلیتاریا ئەوچینەی کریکارانە کە لە سیستەمی کۆمەڵی سەرمایەداری دا بەکرێ دەگیرێن و خاوەنی هیچ تفاقێکی بەرهەم هێنانیش نین و هەمیشە ناچاری ئەوەن کە هێزی کاری خۆیان بفرۆشن بەوانەی خاوەنی تفاقی بەرهەم هێنانن" سەرمایەدارەکان" هەر ئەوانیش" سەرمایەدارەکان" کە بەهای ماددی و زێدەبایی دەخولقێنن کە هەر ئەمەیشە دەبێتە سەرچاوەی دەوڵەمەند بوونی سەرمایەداری .

لەدایک بوونی پرۆلیتاریا بۆ ماوەی‌نێوان نەمان و لەناوچوونی سیستەمی‌دەرەبەگایەتی و سەرهەڵدانی کۆمەڵی سەرمایەداری‌دەگەڕێتەوە کە ئەو جووتیارانەی زەوی و زارەکانیان خراپ وپێشێل و زەوت‌کراو بە کۆمەڵ ئاوارەی‌شاران بوون، بەمە بوون بە بەشێک لەیەکەم گروپی لەدایک بوونی پرۆلیتاریا ، هەروەها بە خراپ بوونی بارو زرووفی گوزەرانی‌ی ئەو وردە بۆرژوایانەی کە دووچاری چەوساندنەوە- یەکی نالەبار بووبوونو بوون بە بەشێک لە ڕیزەکانی پرۆلیتاریا .

ڕۆژ بەڕۆژ بارو زرووفەکانی پرۆلیتاریا ناخۆشترو ڕووبەڕووی چەوساندنەوەیەکی سەخت تر ئەبۆوە ، بەتایبەتی لەگەڵ بەرەو پێش چوونی سەرمایەداری، تا وای لێهات دووچاری هەژاری ببنەوە .

پرۆلیتاریا تەنها چینێکە کەهەتا سەر جەوهەری شۆڕشگێڕێتی دەپارێزێ ، ئەتوانێ سەرکردایەتی خەباتێکی درێژخایەن بکات بە هاوبەشی جەماوەری ڕەنجدەرانی تر لە کۆمەڵی سەرمایەداری دا ، چونکە خاوەنی چەند سیفەتێکی گونجاوە بۆ وەها ئەرکێک " ئەگەر بیەوێت خۆی ڕزگار بکات" پەیوەندی بەشێوە- کانی بەرهەم هێنان و پلەکانی هوشیاری کە دەبێتە توانایەکی زیاتر بۆ خۆ ڕێکخستن .

هەروەها بوونی ژمارەیەکی زۆر لە فابریکو کارگەکان دا کە ئەمەیش خۆی لە خۆی‌دا دەبێتە توانایەکی باشتر بۆ یەکگرتنی چالاکیەکانیان لەوەها شوێنێکی گونجاودا .

لەوولاتانی سەرمایەداری ، پرۆلیتاریا لە خەباتی شۆڕشگێڕی دا خۆی و جەماوەری ڕەنجدە- ران لە سیستەم و کۆمەڵێکی سەرمایەداریی بۆگەن دا لە ڕێگای شۆڕشی‌سۆشیالیستی دا بەرەو کۆمەڵ و قۆناغی سۆشیالیستی ئەگوێزێتەوە ، ئەگەر چی ئەمڕۆ لە وولاتانی سەرمایەداری دا پرۆلیتاریا خەباتێکی بزووتنەوەی دیموکراسی دەکات لەپێناوی بەدەست‌هێنانی ریفۆرمەکانی کۆمەلایەتی- ئابووری ، کەهەروەها لەخەباتی بێ ووچانی خۆی دا بەردەوامیشە بۆ نەمانی سەرمایەداری و گوێزانەوەی بەرەو کۆمەڵی سۆشیالیستی .

شوێن و ڕۆڵی پرۆلیتاریا لە بزووتنەوەی - ڕزگاری نیشتمانی وولاتانی ئاسیاو ئەفریقا و ئەمریکای لاتینی دا پتەوترو زیاتر بووە، سەرەڕای ئەوەش توانیویەتی ببێتە پێشەنگ و سەرکردایەتی خەبات و سەرکەوتن بکات دژ بە کۆلۆنیالیزم و سەرمایەداری و کۆنەپەرستی لە زۆر لەو وولاتانەدا ، هەرچەندە بە ڕێژەیە- کی کەم لەکۆمەڵ دا سەری هەڵداوە، هەروەها لەزۆر لە وولاتانی تردا خەبات‌لە سەر هەمان بۆ چوون و ڕێگا دا بەردەوامە ..

چەسپاندن و دیاریکردنی شوێن و ڕۆڵی پرۆلیتاریا و پێوەندی خەباتکردنی بە تەواوی جەماوەری زەحمەتکێشی شۆڕشگێڕو پێشکەوتنخواز لەکۆمەڵ دا ، بێ گومان دەبێتە چارەنووسی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی و پێشکەوتنخوازی لە پێناوی ڕزگاری و دیموکراسی و سۆشیالیستی دا .

**سەرچاوەکان :**

* گۆڤاری"جەنگاوەری شۆڕشگێڕ" ژمارە ٤٩ ئابی ١٩٨٠ لاپەڕە -٧- .
* هەمان سەرچاوەژمارە ٤٨ تەموزی ١٩٨٠ لاپەڕە -٧-
* هەمان سەرچاوە ژمارە ٤٢ کانوونی یەکەم ١٩٧٩ لاپەڕە -٧-
* " جەنگاوەر ..." گۆڤاریکە هێزە چەکدارە- شۆڕشگێڕەکانی سەر بە (بەرەی دیموکراسی بۆ ئازاد کردنی فەلەستین ) دەری ئەکەن .

بەڵگەیەکی مێژوویی دووهەزارو چوارسەد ساڵەی لەمەو پێش لەسەر سەربەخۆیی کوردستان.

# ئانابازیس

## نووسینی: کزینفۆنت

وەرگێڕانی : جەمشیدکوردۆ

ئانابازیس ووشەیەکی یۆنانی کۆنە، واتای گەشتنامەی جەنگی ئەگەیەنێت، کزینفۆنت لە سالانی ٣٩٠ ــ ٣٨٠ ی پێش زایین بە زمانی یۆنانی کۆن نووسیوێتی، نزیکەی سەدو هەشتا لاپەڕەیە.

لەجیهانی کۆن دا (ئەنتیکە) سێ مێژوونووسی بەناوبانگ لەیۆناندا لەدایک بوون: هیرۆدۆت (باوکی مێژوو)، توکیدیتە کزینوفۆنتە بەلام لەدوانەکەی تر بەختەوەرتر بووە، چونکە هەموو بەرهەمەکانی: ئانابازیس، مێژووی یۆنانی، ڕەوشتنامەی کۆرش، ..هتد بەبێ وەی هەتا سەردەمی نوێ بۆ مێژووی یۆنانی و مرۆڤایەتی پارێزراون. ئانابازیس شاکارێکی ئەوتۆ بووە کەدوای کزینفۆنت زۆر لە مێژوو نووس و فەیلەسوف و نووسەرەکانی یۆنان و ڕۆمانی کۆن وەکو هەوێن بۆ بەرهەمی خۆیان بەکاریان هێناوە، هەروەها لە سەدەکانی ناوەڕاست و ڕێنسانسی ئیتالیادا وەکو گەوهەرێکی مێژوو خوێندراوەتەوەو سوودی لێ وەرگیراوە، هەتا سەردەمی نوێش.

ساڵی لەدایک بوونی کزینفۆنت زۆر ئاشکرا نیەو پتر بەهەندێ بەڵگەی ناو ئانابازیس دا زانایانی نوێ ئەڵێن کەوا دیارە لەساڵیچوار سەدی پەز هێشتا تەمەنی نەگەیشتۆتە ٣٠ سی ساڵی، بەوەدا دەردەکەوێت کە لەساڵی ٤٢٨ یان ٤٢٧ پ.ز لەدایک بووە، باوکی ناوی گریل بووە لەوەئەچێت کەپیاوێکی دەوڵەمەند بووبێت بە تایبەتی کە کزینفۆنتی کوڕی توانیوێتی ماوەیەکی ژیانی تەرخان بکات بو خوێندن لای سۆکرات و پرۆدیک و ئیسۆکرات، بەلام ژیانی پڕ لە ناکۆکی سەردەم کارێکی وای کردوە کە کزینفۆنت نیشتمانەکەی خۆی بەجێ بهێڵێت، هەروەکو جەنگاوەرێکی ئاسایی بەپارە خۆی بەکرێ بدات: لەوانەش خۆی بەکۆرشی برای ئەردەشێری شای ئیمپراتوریەتی ئەخمینی (فارس) بەکرێ ئەدات، لەگەڵ چەند هەزار (هەندێک ئەڵێن گوایە دە هەزار بوون) هاو زمانی خۆیدا بۆ گەیشتن بە دەوڵەمەندی خۆی ئەخاتە ڕێگای هات و نەهاتی ژیانی ڕۆژ هەلاتەوە. لە کتێبی ئانابازیس دا کزینفۆنت لەو گەشتە ئەدوێت باسی ئەوە ئەکات کە چۆن پاش مردنی دارا، ئەردەشێر (ئەرتەکسیر) ئەبێت بە شا و جێگەی باوکی ئەگرێتەوە، بەلام کیر (کۆرش) برای خۆی بەشیاو تر ئەزانێت بۆ ئەوکارەو ئەیەوی پیلانی لەناوبردن بۆ براکەی خۆی دابنێت، بەو هیوایەی کە خۆی بچێتە سەر تەختی شاهانی هەر بۆیەکا بەپارەو زێڕو بەڵێنی زۆرەوە ئەچێت جاشی یۆنانی بۆخۆی کۆ ئەکاتەوە، کە کزینفۆنت یەکێکیان بووە، بەو جورە کیر (کورش) بەو لەشکرە بەکرێگیراوەوە بەرەو بابل ئەکەوێتە ڕێ، پاش ماوەیەکی دوورو درێژی ڕێگا لەڕووباری فورات ئەپەڕنەوە تا ئەگەنە کۆنە کسە لەنزیک بابلەوە، لەوێش لەشکری شاهانی ئەردەشێر بەدەست و چەکی ئامادەوە خۆیان بۆ دامەزراندوون، شەیپور لێ ئەدرێت، ئالا بەرزئەکرێتەوە، لەشکر بە لەشکردا ئەپرژێتە جووتە براش بەڕووی یەکتری دا .. جەنگێکی کلاسیکی یەکجار خەست و خۆڵڕوو ئەدات، سوارەو پیادە، شمشێرو قەڵغان و ڕمو تیر، جەنجەڕو گالیسکەیجەنگی هەموو ئەوناوە ئەکەن بەڕۆژی خۆیان، ئەنجام کۆرش ئەکوژریتە هەرئەوەندەی کۆرش گیانی دەرئەچێتەیۆنانیەکانیش نائومید خۆیان بەرەو یۆنان دەرباز

ئەکەن، لەجیاتی ڕێگا دوورەکەی فورات بەنزیک ڕووباری دیجلەدا بەرەو ژوور ئەبنەوە،ئەیانەوێ بەخاکی کوردستان دا تێ پەڕن.

(( ئەم وەرگێڕانە لەسەر ئەوەفتەیەیە کەیۆنانیەکان بە کوردستان دا تێپەڕیون ))، گەشتەکەیان ئەمسەرو ئەوسەر پانزە مانگ ئەخاینێ، یۆنانییەکان پتر لە چوار هەزاریان لێ فەوتاوە، بەڵام بەڕێگاوە ئەوانی تر هەر جەردەیی خۆیان کردووە،وەهەمەجۆر.. جالە هەمووشی سەیرتر ئەوەیە کە کزینفۆنت بێجگە لە یۆنانیەکان کەناوی نەتەوەکانی ترئەهێنێ ئەڵێت(بەربەریەکان) کەئەوەش شتێکی باوبووە لەلای نووسەرە یۆنانیەکانی تریش!لەمنووسینەی ناو ئانابازیس دا کەلەسەرنیشتمانی کاردۆخیەکانە (کوردستان) ، ئەوەمان بۆ دەرئەکەوێت کە کوردو کوردستان دوو هەزار و چوارسەدساڵ لەمەوپێشیش وەکو خاک و نەتەوە



هەرماون، ئەگەرچی نزیکی سەدەو نیوێکیش بووە کەئیمپراتۆریەتە گەورەکەیان(میدیا) لەلایەن فارسەکانەوە داگیرکراوە، سەرباری هەمووشتێک کەبەسەریان هاتووە سەریان بۆ هیچ بێگانەیەک شۆڕنەکردووە، ئازایانە بەرگریان لەخاکی نیشتمانەکەیان کردووە، کەئەوەش خۆی لەخۆی دا بەڵگەیەکی مێژوویی مەزنە بۆ خەباتی ئەمڕۆی نەتەوەی کورد، کەئەویش سەربەخۆ و ئازاد بژی لەخاکی نیشتمانە دێرینەکەی خۆی. (پەراوێزی ١-٥))

کزینفۆنت- لەسەر کوردو کوردستان-

((بەپێی قسەی یەخسیرەکان کوردەکان(کاردۆخیەکان) لەچیاکان دا ئەژیان، جەنگی بوون و سەریان بۆ شا شۆڕ نەکردووە، جارێک لەشکرێکی شاهانی کەلەسەدو بیستهەزار دانە سەرباز پێک هاتبوو، هێرشی بردۆتە سەریان، بەڵام تەنانەت یەکێکیان بەزیندوێتی لە تەنگی چیاکانەوە بۆ دواوە نەگەڕاوەتەوە، تەنها کە پەیمانی ئاشتیان لەگەڵ سەتراپی پێ دەشتە-کان دا مۆر کردووە، خەڵکی دەشتوانیویانە تێکەڵاویان بکەن، ئەوانیش بەوجۆرە، پاش ئەوەی سەرکردەکانی جەنگ هەموو ئەم شتانەیان بیست، ئەوکەسانەیان هەڵبژارد کەشارەزای ڕێگا-کانی دەوروبەر بوون بەبێ ئەوەی بزانن بۆ کوێ ئەچن، لەهەمان کاتدا ستراتیجیەکان بڕیاریان داکەئەبێ بە چیاکانی نیشتمانی کوردەکان دا (کوردستان) تێپەڕن، چونکە هەر وەکو یەخسیرەکان ئاگادایان کردبوون، ئەگەر پیاتێ پەڕن ئەتوانن بگەنە ئەرمەنستان کە وولاتێکی پان و بەپیتەو ئۆرۆنت پاشایبووە (ئەرمینیا لەوکاتەداژێر دەستی فارس بووە-وەرگێڕ) هەر بەو جۆرە ئەم یەخسیرانە لەوە ئاگاداریان کردوون کەلە ئەرمەنستان بەدواوە ئەتوانن بۆ هەمووشوێنێکی کە بیانەوێ بچن.

پاش ئەوە دەست ئەکەن بە قوربانی کردن،بۆ ئەوەی پاشبڕیاردان بکەونەڕێ، چونکە لەوە ترسابوون کەنەکوو دەربەندی چیاکان بە دوژمن گیرابێتە فەرمان درابوو کەپاشنان خواردن، هەموو کەل و پەلی خۆیان کۆبکەنەوە،پشوو بدەن و هەر کە ئاگادار کران لەلایەنسەرکردەوە بەدوایەکەون))* ((کاردۆخیەکان ماڵەکانیان چۆڵکردو لەگەڵ ژن ومنداڵەکان دا چوونە چیاکانەوە ، توانا هەبوو کە زۆر خواردن دەستگیر ببێتە هەروەها زۆر لەماڵەکان پڕ بوون لەگەنجینەیقاپ و قاچاغی لە مس دروستکراوی جوان، بەڵام یۆنانیەکان خۆیان ڕاگرت، هیچیان لەو هەموو شتانە نەبرد، تەنانەت دوای دانیشتوانیش نەکەوتن، پتر بە هیوایئەوەی کە لەوانەیە کاردۆخیەکان مادام دوژمنی شاهن ڕێگەیان ئەدەن کە تێپەڕن، هەر وەکو بەخاکێکی دۆستی خۆیان دا، بێ گومان خواردنی پێویستیان چنگ کەوتبوو، بەڵام کوردەکان (کاردۆخیەکان) نەڕازی بوون بەوەی کە گفت و گۆ بکەن و نەهیچ هەنگاوێکی تری دوستانەیان نا، کاتێک کە دوا سەربازیلەشکری

یۆنانی بەتاریکی لە لوتکەوە بۆ دیهاتەکان هاتوونەتە خوارەوە- چونکە لەبەر تەنگی ڕێگای دەربەندەکان سەرکەوتنیان بەسەر چیاداو دابەزینیان بۆ دێهاتەکان هەمووڕۆژی خایاندووە- ئەوکاتە هەندێک لەکاردۆخیەکان کۆبوونەتەوەو پەلاماری سەربازەکانیدواوەیان داوە ، کەبەبەردو تیر باران چەند کەسێکیان لێ کوشتون و لێ بریندار کردوون، ئەوان بە ژمارە کەم بوون- چونکە چاوەڕوانی هێرشی یۆنانییەکانیان نەکردبوو، جا ئەوکاتەش گەر لە تواناداهەبووبێ کەزۆرتر خەڵک کۆبکەنەوە بێگومان یۆنانیەکان ئەبوایە بکەوتنایە مەترسیەوەو بەشێکی زۆری ئەو لەشکرەیان بدۆڕێنن بەمجۆرە لەناو دێهاتەکاندا ئەم شەوەیان بەسەربردووە، بەڵام کوردەکان(کاردۆ-خیەکان) زۆر ئاگریان لە چیاکانی دەوروبەردا کردۆتەوەو یەکتریان لەچاوغافڵ نەکردووە.

بەرەبەیان ستراتیز و لۆخازەکان کۆبونەتەوەو بڕیاریان داوە کەئەبێ تەنها بەهێزترین ووڵاخ لەگەڵ خۆیاندا بەرن،بڕیاریان دابووکە هەموو یەخسیرەکان بەربدەن،کەتازە کەوتبوونە دەستیانەوە، چونکە زۆریی ووڵاخی بارکراو و یەخسیربزووتنەوەیانی خاو کردۆتەوە،لە لایەکی ترەوە زۆر سەربازیان بەخۆیانەوە خەریک کردووە، کەنەیانتوانیوە بەشداری بەرگری بکەن و لەبەر زۆری خەڵک ئەبوایە خواردنی دوو ئەوەندەشیان هەبوایە . ئەو بڕیارەیان بە سەربازەکان ڕاگەیاند کە بەجێی بهێنن، دوای نان خواردنی بەیانی بەڕێ کەوتوون،ستراتیجە-کان لەبەردەم دەربەندێکی سەر ڕێگادا وەستاون هەموو ئەوشتانەیان بە سەرباز فڕێ داوە کەبە پێی فەرمان ئەبوایە بەجێیان بهێشتایە،هەموو ڕازی بوون، تەنها چەند کەسێک نەبێ کە شتێکیان شاردبۆوە – وەکو ژنێک یان کوڕێک .

بەوجۆرە ئەوڕۆژە بەڕێ کەوتوون، لەلایەک بەجەنگ هاتوون و لەلایەکی ترەوە پشویاندا وە لەڕۆژی ئایندەدا زۆر کاتێکی تووش بووە ، بەڵام ئەبوایە هەر بەڕێگاوە بڕۆیشتنایە، چونکە خواردنی تەواویان پێ نەبوو.

خیریسوف سەرکردەبوو، کزینفۆنت پاشکردە .



دوژمنەکان دەستیان کرد بە هێرشێکی ئازایانە کاتێک ڕێگا تەسک ئەبووەوە، لەنزیکەوە بەر تیرو کەوانو دارلاستیکیان داون، بەم جۆرە یۆنانیەکاننا چار بوون کە هێواش بڕۆن چونکە ئەبوایە دوژمن دووربخەنەوەو دوای ئەوە بکەڕێنەوە. زۆرجار کە دوژمنەکان هێرشی بەهێزیان هێناوە، کزینفۆنت داوای کردووەکە چاوەڕوانی بکەن، هەتائەوکاتە خیریسوفە هەمیشە کە ئاگادار کراوەچاوەڕوانی کردووە، بەڵام ئەمجارە نەوەستاو لەشکرەکەی خۆی خێرا بەرەو پێش داوای ئەکرد کە دوای بکەوێت، ئاشکرا بووە کەشتێک بووە،بەڵام کەس لەوانەیکەبەدوایەوە بوون کاتی ئەوەی نەبووە لەهۆی ئەو خێرا ڕۆیشتنەی تێبگاتە بەمجۆرە ڕۆیشتنی ئەوانەی پاشلەشکرەکە وەک ڕاکردنی لێ هاتبوو، هەر ئەوکاتەکلیۆنیمی خەڵکی سپارتە شەهید بوو، سەربازێکی ئازا کە تیر پەراسووی بڕیبوو، تەنانەت قەڵغان و سنگ پۆشە چەرمەکەشی کون کردبوو، هەروەها " بازی" خەڵکی ئەرکادیاکەللە سەری بە تیرێک کوناودەربوبو.

کاتێک کە بۆ بەسەربردنی شەڕ وەستاون کزینفۆنت یەکسەر چووە بۆلای خیریسوف وتاوان باری ئەکاتە بەوەی کە چاوەڕوانی نەکردوون ، بەڵکو وای لێ کردوون کەبەدەم ڕاکردنەوە بجەنگێن: "لەبەرئەوە دوو سەربازی چاک وئازا شەهید بوون، کەنەتوانیمان بیانهێنینەوەونە لەگۆڕیان بنێین"خریسۆف وەڵامیدایەوە" سەیری چیاکان بکەو ببینەکە چەند دژوارو سەختن،ئەم ڕێگا هەورازەی کە ئەیبینیت تەنها ڕێگایە،

هەربەوەدا تۆ ئەبێ بزانیتکەزۆر خەڵک دەربە-
ندەکەیان گرتووەو ئەیپارێزن، لەبەرئەوە بێ
گومان خێرا بووم و لەسەرت نەوەستام، بۆئەوەی
لەناکاو بتوانم بدەم بەسەر دوژمن دا- ئەگەر
لەتوانام دا هەبێت و پێش ئەوەی دەربەندەکە
بگیرێتە چونکە چاوساغەکانی کە هەمان ئەڵێن
ڕێگای تر نیە.)) کزینفۆنت وەڵامی ئەمەیدایەوە
((من دوو یەخسیرم بەدەستەوەیە، جارێک کە
دوژمن تووشی سەختی کردین، ئێمە کەمینمان
بۆ دانان، ئەوە یارمەتی داین کە کەمێک پشوو
بدەین و چەند کەسێکیشیان لێ بکوژین، هەندێکی
تریان هەوڵمان دا کەبەزیندوێتی بیان گرین،
بۆ ئەوەی وەکو چاوساغ بەکاریان بهێنین چونکە
وڵاتەکە ئەناسن)) یەخسیرەکان یەکسەر بانگ
کراون، پرسیاریان لێ کراوە، یەک لەدوای یەک،
بۆ ئەوەی ئەگەر ڕێگایەکی تر بزانن، بێجگە
لەوەی کە ئەبینرا، یەکێکیان هەرچەندە زۆر
پەشۆکابوو ووتی: ڕێگای تر نیە، دوای ئەوەی
کە هیچی نەدا بەدەستەوە لەبەرچاوی ئەوی تر
سەربڕا، یەخسیرەکەی تر ووتیئەوەنەی دەویست
لەوە ئاگادارتان بکات کەئەزانێت، تەنها لە
بەر ئەوەی کە کچەکەی لەوناوە مێردی کردووە،
ئەمەیان بەتەنها بەڵێنی دا بەڕێگایەک دابیان
باکەلەبار بێتە تەنانەت بۆ وڵاخە بارکراوە
کانیشیان، کاتێک کە پرسیاریان لێ کرد، کە
ئایا ڕێگای ترسناک نیە لەبەردەمیان دا، ئەو
وەڵامی دانەوە کە بەرزاییەک هەیە ئەگەر
پێشەکی نەگیرێت ناتوانن بەوێدا تێپەڕن، ئەو
کاتە لۆخازەکانی پیلتاستی یەکان و خوپلیتە
کان ڕێگەیان بودابنێن و پرسیاریان لێ بکەن
ئایا لەناویان دا یەکێک هەڵ ئەکەوێت کە
ئامادەبێت ئازایەتی خۆی پیشان بدات و بڕیار
بدات وەکو پێشمەرگە بچێت، لەخوپلیتەمان
ئەرستۆنیمی ئەرکادیخەڵکی میتیدریۆن و ئاگاسی
خەڵکی ستیمفال بڕیاریان دا بچن و شان بە
شانیان کەلیماخی ئەرکادی خەڵکی پەرا و هاتە
پێشەوە، ووتی کە ئەویش ئەیەوێ وەکو هەموو
پێشمەرگەی لەشکرەکە بچێت "چونکە من ئەزانم"
ئەو ووتی " کەزوربەی لاوەکان دوای من ئەکەون
ئەگەر بێت و من پێشیان بکەوم)) دوای ئەوە

پرسیاریان کردکەئایا کەسێک لە تەکسیارەکان
((چەک سووکەکان - وەرگێڕ)) ئامادەیە بەشدار
ببێت، ئەوکاتە ئەریستیش خەڵکی خیویس چوو
کەلەوەها کاتێک دا زۆر سوودی خۆی پیشان داوە
بۆ لەشکرەکە، تاریکی داهاتبوو، ستراتیجەکان
((سەرلقەکان- وەرگێڕ) بەپێشمەرگەکان ئەڵێن
خێرا نان بخۆن و بکەونە ڕێ و بە کۆتکراوی
تەرجومانەکەیان دانەدەست و ئاگاداریان کردن
ئەگەر بەرزاییەکە بگرن و لەکاتی شەو دا
بیپارێزن و بەرەبەیان بۆقیان بۆ لێبدەن
(شەیپوور) دوای ئەوە لەسەرەوە ئەبێ هێرش
بەرنە سەر دوژمن کە دەربەندی سەرەکی گرتبوو،
بەڵێنیان پێ دابوون کەئەوان یارمەتیان بدەن
و کە بەرەوژوور کەوتنە ڕێ چەند خێرا تر
بتوانن سەربکەون ئەوەندە چاکترە، دوائەوە
کەبەم جۆرە گفتیان کرد، پێشمەرگەکان کە
ژمارەیان دوو هەزار بووکەوتنە ڕێ،لەئاسمانە
وە بارانێکی زۆر داباریبوو.



لەهەمان کاتدا کزینفۆنت لەگەڵ سەربازە-
کانیئەریارگاردا (پاشلەشکر - وەرگێڕ)
بەرەو دەربەندی سەرەکی کەوتنەڕێ، بۆ ئەوەی
سەرنجی دوژمن بەرەو ئەم ڕێگایە ڕابکێشن و
بۆ ئەوەی ئەوانە نەبینرێن کە دەوریان گر
تووە، کاتێک سەربازەکانی پاشلەشکرەکە
هاتوون بۆ ئەو دەربەندەی کە ئەبوایە پیایا
تێپەڕن، تا بگەنە بەرزاییەکە، بەربەریەکان
دەستیان کردووە بەتاشەبەرد خستنە خوارەوە،
کە خلۆر بوونەتەوە بەر بەردەکانی ترکەوتوون
و بوون بە قەڵزمی بەردی ووردو تیژ، کەئەوەش

زۆر سەختی خستبووە بەردەمیان و تەنانەت بۆ نزیک بوونەوەش لە دەربەندەکە، لەبەرئەوە کە لێرەوە سەرکەوتوو نەبوون، هەندێک لە لۆخازەکان لە جێگایەکی ترەوە هێرشیان بردووە، بەم جۆرە هەتا تاریک داهاتووە، کاتێک کە سەیریان کردووە، کەپاشەکیەکەیان برسیان بووە، دوژمنەکان لەبەرد فڕێ دان نەکەوتوون و بەدرێژایی هەموو شەوگار و بەخرەو گرم و هوڕی بێووچان دا ئەوەیان بۆ دەرکەوتبوو، بەڵام ئەوانەی کە بەدەوری چیاکەدا ئەڕۆیشتن و لەگەڵ کابرای چاوساغ دا ( تەرجومانە کوردەکە - وەرگێڕ) کەمینێکی سەربازەکانی دوژمنیان سەرسام کردبوو کە بۆ خۆیان لەدەوری ئاگر دانیشتبوون، پاش ئەوەی کە چەند کەسێکیان لێ ئەکوژن و هەندێک ڕاوئەنێن لێرەدا ئەوەستن و بیرئەکەنەوە کە ئیتر بەرزاییەکەیان گرتووە و لەڕاستی دا



هێشتا نەیان گرتبوو چونکە لەژوور ئەوانەوە گردێکی تر هەبوو کە هەمان ڕێگای بۆ ئەچوو، کە سەربازی کەمینەکەی لێبوو، هەر لەو جێگایەشەوە ڕێگا بەرەو دوژمنەکان ئەچوو کە دەربەندی سەرەکیان ئەپاراستە لەوێ شەویان بەسەر برد، کاتێک ڕۆژ بووەوە، بەبێ دەنگ کاروانی جەنگیان بەرەو دوژمنەکان کەوتەڕێ، بەو هۆیە شەوەکە تەم و مژ هەبووتوانیان بەبێ ئەوەی ببینرێن نزیک بکەونەوە، کاتێک کە لەیەکتری ئاشکرا ئەبن بۆق ((شەیپوور)) لێی داوە و یۆنانییەکان بەهاواری جەنگییەوە هێرشیان بردۆتە سەر بەربەریەکان، ئەوانە چاوەڕوانی ئەوە نەبوون و ڕێگایان بەجێ هێشتووە و دەرباز بوون، تەنها چەند کەسێکیان لێ کوژراوە، چونکە

زۆر بزێو بوون، کاتێک هێزەکەی خریستۆف گۆیان لە بوقییەکە ئەبێت یەکسەر سەرکەوتوون، هەربەوڕێگە چیاییەی بەردەمیان دا، ئەوانی تر لە ستراتیجیەکان ڕاستەوخۆ بەبێ ڕێگا سەرکەوتوون هەر لە جێگاکانی خۆیانەوە هەرکەسەی چۆنی توانیوە ئاوا سەرکەوتوون و بە ڕمەکانیان یەکتریان بۆ سەرەوە ڕاکێشاوە، ئەوان یەکەم جار لەگەڵ ئەوانەدا پێک گەیشتوون کە بەرزاییەکەیان گرتبوو، کزینفۆنت بە نیوەی پاشلەشکرەکەوە بەوڕێگایەدا ڕۆیشتبوو کە ئەوانی تر پێش ئەو لەگەڵ چاوساغەکەدا پیا ڕۆیشتبوون، چونکە تەنها ئەو ڕێگایە ئاسایی بوو بۆ وولاخە بارکراوەکان، نیوەکەی تری لە پاش کاروانەکەوە بەجێ هێشتبوو، بۆ بەرەو پێشەوە تر چوون، و گەیشتنە یالێک کە بەسەر ڕێگاکەوە بووەو دوژمنان گرتوویانەو کە ئەبوایە دووریان بخەنەوە، بۆ ئەوەی لەبەشەکەی تری لەشکری یۆنانی دانەبڕێن، ئەوان بە تەنیا ئەیانتوانی بەهەمان ڕێگادا بڕۆن کە ئەوانی تریشی پیادا ڕۆیشتبوون، بەڵام بۆ وولاخە بارکراوەکان ڕێگای تر نەبوو، هەر ئەو کاتە هانی یەکتریان داوە، بەرەو یالەکە دەستە بەدەستە سەرکەوتوون و بەچەند لایەک دا، کە بەو جۆرە ئەگەر دوژمن بیەوێت ئەتوانێت لە لاکانی ترەوە ڕابکات، ئیتر هەتا سەرکەوتنو هەریەکەی پڕ بەتوانای، بەربەرییەکان بەتیروکەوان بەرەنگاریان بوون. بەڵام پێش ئەوەی یۆنانییەکان نزیک ببنەوە ئەوان گورج یالەکە بەجێ ئەهێڵن، دوای ئەو یالە یۆنانییەکان یالێکی تر ئەبینن، کە بە دوژمن تەنراوە، یەکسەر بڕیاریان دا کە بۆی بچن، بەڵام کزینفۆنت ئەترسا لەوەی کە ئەو یالەی کە گرتوویانە ئەگەر بەبێ سەرباز بمێنێتەوە، لەوانەیە دوژمن جارێکی تر بیگرێتەوە و لە ژێرەوە لە دەربەندەکەوە کاروانی وولاخە بارکراوەکان ئەڕۆیشت - لەسەر یالەکە لوخازەکان (سەرپەلەکان - وەرگێڕ) : کیفیسیدور وئەرخەگور پەناهەندەیەکی خەڵکی ئەرگوز بوو، لەگەڵ ئەوانی تردا بەرەو یالی دووهەم هێرشی بردو بە هەمان شێوە، وەکو یالی یەکەم داگیر

کرا . یاڵی سێهەمیان مابوو بیگرن ، زۆر سەخت بوو، لەسەر قەرەوڵەکەوە بوو، کەبەشەو یۆنانیەکان گرتبویان. کاتێک یۆنانیەکان نزیک ئەبنەوە بەربەریەکان بەبێ بەرگری یاڵەکە بەجێ ئەهێڵن، لەبەرئەوە هەموو سەرسام بوون وایان دانابوو کە ئەوان ڕۆشتوون لەترسی ئەوەی کە ئابڵوقە نەدرێن ، لەهەمان کاتدا ئەوان لە بەرزاییەکەوە هەستیان بەوەکردووە-کەلەدواوەچی ڕووی داوە، لەبەر ئەوە هەموو بەرەو پاش لەشکری یۆنانیەکان چوون،کزینفۆنت لەگەڵ ئەوانەی لەخۆی لاوتربوون بەرەو ژوور ئەکشا و فەرمانی بەوانی تریش دابوو کە لە سەر خۆ بڕۆن، بۆ ئەوەی دوادەستەکانیپاشەوە بتوانن پێیان بگەنەوە، کەلەوێ دەرچوون لە تەختایی دا بوەستن، لەوکاتەدا ئارخە گوری پەناهێندەیئارگوز هاتووەو ووتویەتی کە گوایە لەسەر یاڵەکە ڕاونراون، کیفسیدور و ئەمنیکرات شەهید بوون ، هەموو ئەوانی تریش کەلەماهی زەردەکانەوە خۆیان فڕێ نەداوەیان نەگەیشتوونەتە پاشلەشکرەکە. کە ئەوە تەواو بووە، بەربەریەکان لەیاڵەکەوە خۆیان پیشان داوە.

کزینفۆنت بەهۆیتەرجومانەوە دەستی کرد بەگفت و گۆی جەنگ ڕاوەستاندن لەگەڵیان دا و داوای لاشەکانی لێ کردونەتەوە .بەربەریەکان ووتویانە باشە، بەڵام بەمەرجێک دێهاتەکانمان پتر ئاگری تێ بەرنەدرێ کزینفۆنت پەیمانی ئەوەی پێ داونو لەوکاتەدا لەشکرەکە تێپەڕیوە و لەکاتی پەیمان بەستنەکەدا هەموو بەربەریە-کانی دەورو بەر لەوێ کۆبونەتەوە. کاتێک یۆنانیەکان لەسەر یاڵەکەوە ویستویانەبێنە خوارەوەو بچن بۆلای لەشکرەکەی کەوەستابوو دوژمنەکان بە هوروژم هێرشیان بۆبردوون، کە گەیشتوونەتە سەر یاڵەکەی کە کزینفۆنتی لێ دابەزیبوو دەستیان کردووە بەتەڵە بەرد فڕێ دان و پێی یەکێکیان شکاندووە، کزینفۆنت سەربازەکەی قەڵغانەکەی بۆ هەڵئەگرت بەجێی هێشتبوو، خوپلیت؛ ئیفری لوخ کە خەڵکی لوسی بووە، .بەدەنگیەوە چووە، بەوجۆرە دووبە دوو پاشەکشەیان لێ کردووە و بەبێ وەی ئەگەنەناو لەشکرەکەی پێشەوەو ئەوانی تر ، بەمجۆرە لەشکری یۆنانی سەرلەنوێ خڕ ئەبێتەوەو لەو جێگەیەدا ئەچنە ناو زۆر خانووبەرەی جوان و پڕ لەخۆراک و خواردەمەنیەوە،شەرابەکەیان ئەوەندەزۆر بووە کە لەژێر زەمینی گەورەی لە قسڵ دروست کراودا پاراستوویانە، کزینفۆنت و خیریسوف توانیویانە کەلاشەکان لەدوژمنەکان وەگرنەوە، بەتایبەتی کە ئەوان چاوساغەکەیان بۆ گیرابوونەوە. هەموو شتێکی پێویستکە بۆ پیاویئازا ئەکرێت ئەوەیان بۆ ئەکەن. ڕۆژی ئاینده بەبێ چاوساغ بەڕێگەی خۆیان دائەڕۆن، دوژمنەکان هەمیشە پەلاماریان ئەدان، هەر کە ڕێگە تەسک بوایەتەوە، ئەوان گورج سەر ڕێگا-یان ئەگرت و تێ پەڕینیان لێ ئەکردن بە زەهری مار، لەبەرئەوە کە لەشکری سەرکردە لە پێشەوە ڕێگای لێ بگیرایە کزینفۆنت ئەچووە سەر چیاکان و کۆششی کردووە کەلەدوژمنەکان بەرز تر بێت وەدەربەندی ڕێگاکەی بۆ پێش لەشکرەکە ئاسان کردووە، بەڵام کاتێک کە دوژمنان پەلاماری پاشلەشکرەکەیان ئەدا خیریسوف ئەچووە سەرچیاکەو کۆششی ئەوەیئەکرد کەلەوانەبەرزتر بێتکە دەربەندەکەیانگرتووە وتا ڕێگاکە بۆ پاشلەشکرەکە بکاتەوە ، بەم جۆرە هاوکاریان کردووەو ڕێگەیان بۆ یەکتری ئاسان کردووە ، جاری واهەبووە، کاتێک کە بەربەریەکان مەترسی زۆریان بۆ یۆنانیەکان دروست کردووە . کاتێک بەسەروخواری چیاکانەوە بوون ، چونکە زۆر خێراو بزێو بوون وتەنانەت ئەگەر نزیکیش بوونایە گورج لەچاو گوم ئەبون و لەتیرو کەوان و دار لاستیک بەولاوە هیچیان پێنەبوو، بەڵامزۆر چاپووک و دەست ڕاست بوون، کەوانەکانیان سێ لاکت درێژ بوو (یەک لاکت چل و شەش سانتیمەترە - وەرگێڕ ) تیرەکانیان دوو لاکت زیاتر بوون ، لەکاتی تیر هاویشتنا ژێکانیان ڕاکێشاوەو پێی چەپیان خستۆتە سەر دامێنی کەوانەکە - تیرەکانیان هەمووشتێکیان کون بڕ کردووە، تەنانەت سنگ پۆش و قەڵغانە-کانیش. یۆنانیەکان کاتێک کە لەم تیرانەیان

ئەکەوتە دەست چەرمیان تێوە ئەپێچا و لەبڕی ڕم بەکاریان هێناوە، لەم کاتانەدا بەسوود ـ ترین کەس خەڵکی کرێت بوون، کە سەرۆکیان "ستراتوکەل" بوو، ئەو ڕۆژە یۆنانیەکان لە سەربازگە ولەنا و دێهاتەکان دا ماونەتەوەولە دەشت دا مۆڵیان داوە لەنزیک ڕوباری کینتریت کە پانی دوو پلیتەر بووە ((یەک پلیتەر ئەکاتە ۳۰ سی مەتر ـ وەرگێڕ)) و نیشتمانی کاردو ـ خیەکانی (کوردستان) لەئەرمەنستان جیا کردوتەوە، لێرە یۆنانیەکان پشوویان داوە، بەختیار بوون بەوەی کە سەرلەنوێ تەختایان بینیوەتەوە، ڕووبارەکە پێنج شەش ستادی (ستادی یەک ۱۸۵ مەترە ـ وەرگێڕ)لەکیوەکانی کوردستانەوە دووربووە، بۆیەکا بەوپەڕی خۆشی یەوە خۆیان لەسەربازگا دامەزراندووە، چونکە زۆر خواردنیان پێ بوو، ئەوەیان هاتۆتە وە بیر کە چەند مەترسی و سەختییان بینیوە چونکە ئەو حەوت ڕۆژەی کەتیایا بە نیشتمانی کاردوخیەکان (کوردستان) دا تێ پەڕیبوون، بەشەڕەجەنگ و پەلاماریی هەمیشەیی وا بر ـ دبوویانە سەر و تەنگانەی وایان چەشتبوو کە نەشاهەنشاو نە تیسافیرن هیچیان نەیانتوانی بوو وا بۆیان بنێنەوە !بەم جۆرە ڕزگاریان بووە لەو هەموو مەترسیانە و لەسەرخۆ خەویان لێ کەوتووە)) *((ئەوکاتە گورج ئەوەیان بەدی کردووە کەلەچیاکەی دوێنی شەویان داوە زۆر کوردی چەکدار کۆبوونەتەوە، دیسانە وە یۆنانیەکان کەوتونەتە بێ ئارامیەوە، بۆیان دەرکەوتووە کە پەڕینەوەش بەڕووبارەکە دژوارو سەختە و دوژمنەکانیان بینیوە کە خەریک بوون ڕێگەی پەڕینەوەیان لێ ببڕن ،بینیویانە کە کاردۆخیەکان ئامادە بوون لە پشتەوە لێ یان بدەن)) * ((کوردەکان دابەزیون بۆ لێدانی دوای لەشکرەکە)) * ((کاتێک کوردەکان کەپاشلەشکرەکە بەجێ ماوە و کەمتربونەتە وە بە هووروژم بۆیان چوون و بە سروود ووتنی نیشتمانی خۆیانەوە)) * کوردەکان کە ئەبینن زۆر کەم یۆنانی ماونەتەوە، چونکە زۆربەیان تەنانەت ئێشکگرەکانیش چووبوون بۆ بار کردنی وولاخەکان و باری خۆیان ،هەندێکی تریان بۆلای ژنەکانیان ـ ئازایانە هاتونەتە پێشەوەو دەستیان کردووە بە تیرە بارانیان و ئینجا یۆنانیەکانیش بە گۆرانی ووتنەوە بەرەو ڕوویان ڕاپەڕیوون، بەڵام ئەوان چاوە ـ ڕوانی هێرشەکەیان نەکردووە، چونکە وەکو شاخەوان بلیمەتانە فێری هێرش و کشاندنەوە بوون، نەک جەنگی پاشەو پاش))•

## تێبینییەکان:

١ـ باسی کاردۆخیەکان و کوردستان لەمکتیبەوە وەرگێڕراوە" کزینفۆنت، بەرهەمی مێژوویی، چاپی بولگاری. سۆفیا ١٩٨٤ بڵاوکراوەی زانست و هونەر" کەڕاستەوخۆ لە زمانی یۆنانی کۆنەوە وەرگێڕاوە ـ وەرگێڕ ـ

٢ـ ئانابازیس لەساڵی ١٩٦١ دا لەلایەن حەسەنی فەهمی بەگی جافەوە لە زمانی فارسیەوە کراوە بەکوردی، بەڵام بەداخەوە زۆر بەداخەوە ـ ناتەواوە، کەوا دیارە وەرگێڕی فارسیەکە بەهۆی مەبەستی تایبەتی خۆیەوە ئەویشی بەهەڵەدا بردووە ـ وەرگێڕ ـ

٣ـ کۆرش: مەبەست لە کۆرشی ناوئانابازیس دووهەمە نەک کۆرشی یەکەم..

٤ـ کۆنەکسە: جێگەی جەنگەکەی نێوان کۆرش و ئەردەشێری برایەتی کەلە ئەیلولی ساڵی ٤٠١ی پ.ز ڕووی داوە، ژمارەی لەشکرەکەی کۆرش پێش جەنگەکە بەپێی لێکدانەوەی زانستی ناوکتێبەکە ١٢٩٠٠ کەس بووە نەک دەهەزار هەروەکو باو بووە لەسەر ئەم کتێبە!.بێجگە لە یۆنانی جاشی ناوچەکەشی تیابووە ـ وەرگێڕ ـ

٥ـ * ئەم ئەستێرەیەمان لەو شوێنانەدا داناوە کە وەرمان نەگێڕاون، بەتایبەتی کەباسی ڕاستەوخۆیان لەسەر کوردو کوردستان تیادا نەبووە ـ وەرگێڕ ـ

# ڕۆژ ژمێری کوردستان

| | |
|---|---|
| ١٩٥٤/٤/٢ | مۆرکردنی پەیمانی بەغداد . |
| ١٩٢١/٤/٥ | شەڕی ئاوباریک . |
| ١٩٣٢/٤/١٥ | دەرچوونی یەکەم ژمارەی گۆڤاری " هاوار" لە دیمەشق لەلایەن میر جەلادەت بەدرخانەوە . |
| ١٩٦٣/٤/١٩ | دامەزراندنی کۆمەڵی کورد لە لوبنان. |
| ١٨٩٨/٤/٢٢ | بڵاوبوونەوەی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی"کوردستان " لە قاهیرە . |
| ٤/٢٢ /- | جەژنی ڕۆژنامەگەری کوردی . |
| ١٩٨٢/٤/٣٣ | ڕاپەڕینەکانی کوردستان دژی ڕژێمی"صدام "ی فاشی خوێنڕێژ. |
| ١٩١٩/٤/٢٤ | ڕاپەڕینی گۆیان لە زاخۆ . |
| ١٩٧٤/٤/٢٤ | بوردمان کردنی شاری " قەڵادزە ". |
| ١٩٧٤/٤/٢٦ | بوردومان کردنی شاری " هەڵەبجە ". |
| ١٩٦٧/٤/٢٩ | بڵاو بوونەوەی ژمارەی یەکەمی ڕۆژنامەی " التآخي" لە بەغداد . |
| ١٩٥٩/٥/١ | بڵاو بوونەوەی ژمارەی یەکەمی ڕۆژنامەی " ئازادی ". |
| ١٩٥٤/٥/١٥ | دەرچوونی ژمارەی یەکەمی گۆڤاری " هەتاو " لە هەولێر . |
| ١٩١٦/٥/١٥ | بەستنی پەیمانی سایکس - بیکۆ . |
| ١٨٤٧/٥/١٩ | پەیمانبەستنی ئەرزەڕۆمی نوێ لە نێوان ئێران و ئیمپراتوری عوسمانلی . |
| ١٩٢٠/٥/٢٠ | دامەزراندنی یانەی سەرکەوتن لە بەغداد. |
| ١٩١٩/٥/٢١ | سەرەتای شۆڕشەکانی شێخ مەحموودی حەفید دژی بەریتانیا لە کوردستانی خواروو. |
| ١٩٧٦/٥/٢٦ | دەستپێکردنەوەی شۆڕشی چەکداری لە کوردستانی خواروو لەلایەن هێزەکانی سەرکردایەتی کاتی پارتی دیموکراتی کوردستان . |
| ١٩٧٠/٦/١ | دەرچوونی یەکەم ژمارەی گۆڤاری ( ڕۆژی کورد ) |
| ١٩١٣/٦/٦ | دەرچوونی یەکەم ژمارەی گۆڤاری (ڕۆژاکورد) لەئەستەمبول. |
| ١٩٦٣/٦/٩ | دەست پێکردنەوەی جەنگ لەنێوان شۆڕشی کوردستان و ڕژێمی عێراق. |
| ١٩٦٣/٦/٩ | کوشتارەکەی شاری سلێمانی . |
| ١٩٨٥/٦/٩ | بوردومان کردنی ئۆردووگای زێوە لەلایەن ڕژێمی خوێنمژی عێراق. |
| ١٩٣٠/٦/١٥ | شۆڕشی ئاگری داغ لە کوردستانی ژووروو . |
| ١٩١٩/٦/١٨ | شەڕی دەربەندی بازیان . |
| ١٩٤٧/٦/١٩ | لە سێدارەدانی ئەفسەرە نیشتمانپەروەرەکانی کوردستان (( عیزەت عبدالعزیز، مستەفا خۆشناو، خیرالله عبدالکریم، محمدقودسی )) لەبەغداد |
| ١٩٧٠/٦/١٩ | دامەزراندنی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کورد لە بەغداد . |
| ١٩٢٠/٦/٢١ | کوشتنی سمایل خانی سمکۆ . |
| ١٩٧٠/٦/٢٢ | یەکەم کۆنگرەی ئەدیبانی کورد. |
| ١٩٣٧/٧/١ | مۆرکردنی پەیمانی ( سەعدئاباد). |
| ١٩٥٧/٧/٢٠ | دەرچوونی یەکەم ژمارەی گۆڤاری " هیوا " |
| ١٩٢٢/٧/٢١ | دامەزراندنی(کۆمەڵی کوردستان) لەلایەن حاجی مستەفا پاشای یاملکی یەوە. |
| ١٩٢٣/٧/٢٣ | مۆرکردنی پەیمانی لۆزان . |
| ١٩٨٠/٧/٢٧ | دامەزراندنی پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان . |

# لەیادی قارەمانێکی نەمردا

سەلام

لەساڵی ١٩٥٦ شەهید جەنگۆ (یونس مستەفا شێخانی) لەشاری ئامێدی هاتۆتە جیهانەوە، پێنج ساڵان بووکە شۆڕشی یانزەی ئەیلوول دەستی پێکرد، لەشۆڕش و نەخۆشیدا گەورەبووە، هێشتا زارۆک بوو کە هەستی نیشتمانی لەلای پەیدا بوو، لەناو ڕیزی یەکێتی لاوانی کوردستان و یەکێتی قوتابیانی کوردستاندا دەستی کردوە بەخەبات، پاشان کەتەمەنی ئامادەبوو بۆ پارتایەتی چۆتە ناو ڕیزی پارتی دیموکراتی کوردستان لەساڵی ١٩٧٢، ڕۆڵێکی باشی بینی بۆ هاندانی لاوەکانی ناوچەی خۆیان بۆهاتنە ڕیزی شۆڕش، پاش پەیمانی جەزائیری خیانەتکارانە، کە بووە هۆی هەرەس هێنانی شۆڕش، هەستی نیشتمانی ڕێگای نەداخۆی بخاتە باوەشی ڕژێمی فاشیستی عێراق، ئەویش وەک هەزاران لاو وخێزانی کورد رووی کردە ئێران، دایک وباوک و خزمەکانی بەجێهێشت، لەئێرانیش بردیان بۆنا وئۆردووگاکان، کەلەزیندان ناخۆشتر بوو.

شەهید جەنگۆ مرۆڤێکی میهرەبان، دڵسۆزی هەژاران و پشتیوانیان بوولەپێناوی ئەوانەدا دەیانشەو لەناو باخچەکان و مەیدانەکانی تاران و شارەکانی دیکە خەوتووە، دەیگووت ئەو پارەو پوولەی بە مسافرخانەی دەدەم بیدەم بەشتێکی پێویستتر یان بۆ هەژارێکی خەرج بکەم چاکترە.

ئەم پاڵەوانە جگەلە خەبات و تێکوشان بیری لەهیچ شتێکی دی نەدەکردەوە، هەردەم دەیگووت کوردستان هەمووشتێکی منە، چ شتێک لە کوردستان شیرینترە تا بیری لێ بکەمەوە. شەهید بوونیش لە ڕێگای ئەم گەلەچەوساوەیە فەخرو شانازی و هیواو ئومێدی منە. دەیگووت یەک هیوام هەیە، پێش مردنم ببینم کە پارتێکی پێشڕەو لە کوردستاندا هەیە، ئەگەر پارتێکی پێشڕەو دروست ببێ ئیتر ڕێگای سەرکەوتنی بزووتنەوەکەمان ڕووناک دەبێتەوەو دوژمنان ناتوانن شۆڕشەکەمان بۆ بەرژەوەندی خۆیان بکەن بە ئالەت.

لەساڵانی ١٩٧٧-١٩٧٨ ناوی (جەنگۆ) کەوتەسەر زمانی لاوە ئاوارە بووەکانی کورد لە ئێران لەبەر زیرەکی و خەبات و ڕاوەستانی دژی ڕژێمی بەکرێگیراوی شا، ئەوکاتە لە کارگەیەک کاری دەکرد دەیگووت کاتێ ئەو زوڵم و خوێنمژینەم دەدیت دەرهەق بە کارکەران، خۆم پێ ڕانەدەگیرا و یەکسەر لەبەرامبەر ئەو کاربەدەستانەدا ڕادەوەستام و کارکەرانم هان دەدا بۆ ئەوەی داوای مافی خۆیان بکەن، لەبەر زیرەکی و لێهاتوویی لەو ماوەیەدا حیزبی تودەی ئێرانی پەیوەندی پێوە کرد، ئەم لەوەڵام دا ووتبووی: ئامادەم وەک دۆستێک هاوکاریتان بکەم و ئەوەی لەدەستم بێت دژی ئەم ڕژێمە بۆگەنە کەمتەرخەمی نەکەم. لەلایەکی تریشەوە بەردەوام پەیوەندی دەکرد بە لاوەکانی کورد لەئێران لەم ماوەیەدا بوو کە بەهۆی هەڤاڵێکەوە پەیوەندی بە منەوە کرد، ئەوەی لەبیرم دێت چەند نامەی بۆ ناردم دەربارەی چۆنیەتی تێکچوونی شۆڕشی ئەیلوول، پاش ئەوە وەک دوو هاوڕێ بەردەوام نامە لەنێوانمان دا هاتووچۆی دەکرد، ئەمە بێ ئەوەی چاومان بەیەک کەوتبێ، زۆر هیوام بوو لەو ماوەیەدا بم دیتبایە، بەڵام لەبەر هەندێک زرووفی تایبەتی کە ڕژێمی شا بەسەر ئێمەیدا سەپاندبوو نەمانتوانی یەکتر ببینین، لەوکاتەدا لەبەر خەبات و تێکوشین دژی شا، بەدەستی ساواک گیراو خستیانە ژێر ئازارو ئەشکەنجەیەکی گران، تەنانەت چەند ڕۆژێک بێ هۆش مابۆوە، بێ ئەوەی بگۆڕێ یا بێدەنگ ببێ، زیاتر بە کردار دژی شاه و ڕژێمەکەی ڕادەوەستا، بۆ جاری دووەم گیراو ئەشکەنجە درا بەهۆی ئەو ئازاردانەوە تووشی پشت ئێشە بوو، تا شەهیدیش بوو هەر چاک نەبۆوە، پاش زیندان دوور خرایەوە بۆ سەر سنووری ئەفغانستان، ئەو دەیگووت: بردیانین بۆ سەر سنوور، تا جێگایەک چووین، ئیتر ڕێگای ئوتومبیل نەما، لەوێ گوندێک هەبوو، نزیکەی دە ماڵ دەبوون، ئەو ناوچەیە بۆ من لە دۆزەخ ناخۆشتر بوو، خەڵکی ئەو گوندە دوور بوون لە هەر ڕەنگە پێشکەوتنێک، دەتوانم بڵێم هەر بەناو مرۆڤ بوون، کە گەیشتمە ئەوێ خەڵکی گوندەکە بە چاوێکی خراپ بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک سەیری منیان دەکرد، بەڵام من زیاتر خۆم نزیک دەکردەوە لێیان، بەڕاستی دڵم دەسوتا پێیان، پاش هەفتەیەک لەوێ دەورەی فێرکردنی خوێندەواریم بۆ کردنەوە، باسی زوڵم و زۆرداریم بۆ دەکردن، بەوە ڕێزم لایان زۆر بوو، لەو ماوەیەدا سەرانسەری ئێران بووە مەیدانی خۆپیشاندان دژی ڕژێمی شا، ئەوکاتە شەهید جەنگۆ خۆی گەیاندە شار و پەیوەندی کرد لەگەڵ هەندێک لە هەڤاڵان و ووتی کەدەبێ ڕێکخراوێک دروست بکەین لەسەر ڕێبازێکی پێشکەوتوو لەناو پەنابەرەکاندا. ئێمە کۆمەڵێک قوتابی بووین، چونکە باوەڕمان پێ هەبوو وەڵاممان دایەوە کە ئامادەین بۆ پێک هێنانی ڕێکخراوێکی وا لە داهاتوودا. هەروەها داوای کردبوو کە دەبێ بەهەموو هێزی خۆتان بەشداری بکەن لە خۆپیشاندانەکان دژی شا، خەڵک بەتایبەتی کوردەکان هان بدەن بۆ ئەم مەبەستە، ئێمە لەڕاستی دا بەئەرکی سەر شانی خۆمان هەستاین، لە سێیەم ڕۆژدا من لە خۆپیشاندانێکدا گیرام، ئەوەندەیان لێدام سێ ڕۆژ لە ماڵەوە کەوتم، بەڵام هەر بەردەوام بووین لەخەباتی خۆمان دژی شا، لەگەرمە گەرمی خۆپیشاندانەکاندا بوو نامەیەکی گەیشتە دەستم نووسیبووی ((من ئیتر ناتوانم لێرە بمێنم، هەوڵدەدەم ڕێیە

بدۆزمەوەو خۆم بگەیەنمە کوردستان)) هەروەها نووسیبووی(( ئەورۆ ڕۆژ هەڵاتی ناوەڕاستچاوەڕوانی سەرکەوتنێکی گەورەیە کەئەویش ڕووخاندنی ڕژێمی شایە، ئومێدمان هەیە بە هێزی جەماوەریگەل کە تا چەند مانگێکی دیتر ئەم ڕژێمە بەکرێگیراوە لەناو ببەن، بەڵام جێگر بۆ ئەم ڕژێمە چۆن دەبێ ئەوە روون نییە، هەرچۆن بێ سەرکەوتنێکی گەورەیە بۆ گەلانی ڕۆژ هەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەت گەلی کوردمان و شکەستیەکی گەورەیە بۆ ئیمپریالیزمی جیهانی بە سەرکردایەتی ئیمپریالیزمی ئەمریکا ئێوەش بەردەوام بن لەسەر خەباتی خۆتان)) . ئیتر ئاگام لێی نەما، ئەو چوو بۆ کوردستان، تا ڕووخاندنی ڕژێمی شا و سەرکەوتنی گەلانی ئێران، نامەی نارد کەلەگەڵ سەرکردایەتی کاتی یە، لەوێ وە ڕاپۆرتی کۆنفرانسی بیستوشەشی گولانی بۆناردم (ڕێبازی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد). لەوێ بۆ ماوەیەک کادری دەورەی فێرکردنی تۆپ بوو، پاشان خەبەری بۆناردم کەدەبێ یەکتر ببینین، ئێمە هاتین بۆشاری نەغەدە، لە کۆتایی مانگی کانوونی یەکەمی ١٩٧٩/ بوو لە نەغەدە بۆ یەکەم جار چاومان بە یەکتر کەوتەهەردوو بەدیتنی یەکدی دلشاد بووین، ئەوڕۆژە زیاتر لەپێنج سەعات پێکەوە بووین، لەسەر هەموو شت پێکەوە هاو هەڵوێست بووین، ئیتر لەو ڕۆژەوە تا ئەوکاتەی لێک جودا بوین، وەک دووبرا، دووهەڤاڵ، دووهاوبیر پێکەوە ئیشمان کردو هەموو کات ئەوم بەماموستایەکی گەورەی خۆم دەزانی .

ئیتر دەستمان کرد بە دامەزراندنی بنکەیەکی ڕێکخستن لەناو پەنابەرەکان لەئێران، ماوەیەکی زۆری پێ نەچوو لەگەڵ هەڤاڵی تێکۆشەر کاک س.ع گیرا، پاشپانزە ڕۆژ هەڤاڵ جەنگۆ بەربوو، پەیوەندی کرد بە هەموو هەڤالان پێیووتن کە لەسەر خەباتی خۆتان بەردەوام بن . پاشئەوە بنکەیەکی ڕێکخستن لە ئێران هاتە دامەزراندن، هەڤاڵ جەنگۆ لەلایەن هەڤاڵانی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا بۆ سەرپەرشتی کردنی ڕێکخستنەکە. بەڵێهاتوویی خۆی توانی لەگەڵ هەڤاڵان ڕێکخستن بەرەو پێشەوە ببات، هەموو کاتی خۆی تەرخان کرد بۆ ڕێکخستن، هیچ ئارامی نەبوو، لەشارێک بۆ شارێکی تر لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر هەر بەڕێگاوە بوو بۆ پتەو کردنی ڕێکخستن . لەهەموو لایەکەوە تێدەکۆشا بۆ ڕۆشەنبیر کردنی هەڤالان، هەموو کات باوەشی بۆ هەر ڕەخنەیەک دەکردەوە .

ڕۆژی پانزەی مانگی ڕەمەزان بوو سالی ١٩٨١ هەڤاڵ جەنگۆ و هەڤاڵێکی تر و من گیراین،چاومان بەسترایەوە، پاشسەعات و نیوێک بە ئوتومبیل، نەمان دەزانی لەکوێین، کەچاویان کردینەوە سەیر دەکەم هەڤاڵ جەنگۆ وهەڤالەکەی تریش لەلای من دانیشتوون، جەنگۆ دەیگووت مەترسن هیچ نییە مرۆڤی شۆرشگێڕ تووشی هەموو ناخۆشیەک دەبێ، شۆڕشگێڕی ڕاستەقینە ئەو کەسەیە کە لەبەرامبەر گشت ناخۆشییەک دا خۆڕاگر دەبێ .

پاشنزیکەی دوومانگ هەواڵمان بۆ هات لە ڕێکخستنەوە، کەوا کۆنگرە ساز کراوەو پارتی دامەزرێنراوە، بەناوی "پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان"، لەخۆشحاڵی دا فرمێسک لە چاومانهاتە خوار، یەکترمان ماچ کرد، پیرۆزباییمان لە یەکتر کردبەم بۆنەیەوە،پاش شەش مانگ من ئازاد کرام هاتبۆلام یەکترمان بینی، گووتم؛من لەم زیندانە دەرناچم تا تۆش بەرنەبی.زۆر تووڕە بوو وتی: ئەگەر بەراستی دەتەوێ دڵم شاد بکەی برۆ دەرێ لەسەرخەبات و ڕێکخستنی خۆتان بەردەوام بن،بەوەمن دڵخۆش دەبم، لێرە بمێنی چ سوودێکی هەیە،پێی ووتم لەبیرت نەچێ هەرچی چاپەمەنییەک هەبێ بۆم ڕەوانەبکە، پاشچەند مانگێک ئەویش لە زیندان ئازاد کرا، هاتبۆلام بەر لەهەموو شتێک لە وەزعی ڕێکخستنی پرسی، دووشەو پێکەوە ماین ووتی دەبێ بچم بۆلای هەڤالان، جوو بۆ تاران، پاشدوو ڕۆژ تەلەفونی بۆ کردم داوای کرد بچم بۆلای، زۆربەی کادرەکانی سەربەڕێکخستن بانگ کرابوون، لەوێ بەهەڵبژاردن دوو لیژنەمان پێکهێنا یەکەم بۆ ڕاگەیاندن و دووەم بۆ پەیوەندیدەرەوە.پاشماوەیە من و هەڤاڵ جەنگۆ وچەند هەڤالێکی تر لەسەر داوای سەرکردایەتی چووین بۆ سوریا لە ڕۆژی٨٢/١٠/٣ لەگەڵ چەند هەڤاڵێکدا چوون بۆ کوردستان، پاشیەک مانگ نامەیەکم بەدەستگەیشت نووسیبووی: لێرە خەباتێکی دژوارو بێهاوتا هەیە ،خەباتی گەلەچەوساوەکەمان دژی داگیر کەرانو بەکرێگیراوانوکۆنەپەرستان و ئیمپریالیزم لەلایەک و خەباتی زەحمەتکێشان و هەژاران دژی چەوسێنەران لەلایەکیتر .

جەنگو دوای سێ مانگ لە کوردستان گەڕایەوەلەو ماوەکەمەدا لەگەڵ هەڤاڵەکانی داتوانیان کە ریکخستنێکی پۆڵایین لەناوچەی دهۆک و نەینەوا و لە زانکۆ وقوتابخانەکان دادامەزرێنن، دوایئەوەش مەفرەزەیەکی پێکەوەنا ڕوویان کردە ناوچەی شەنگار دووچالاکی نەبەردانەیان دژی ڕژێمی فاشیزمی ئەنجام دا و گەڕانەوە .

لەهۆنراوەکانیدا هەستی نیشتمان پەروەری و بیروباوەری پێشکەوتنخواز خۆیان دەنوێنن، زۆر لە هۆنراوە جوانەکانی بۆکوردو کوردستان و بۆیەکگرتنی خاکە پارچە پارچەکراوەکەی هۆنیوەتەوە گشت کاتێ هیوای بەیەکگرتنی هێزی زەحمەتکێشانی کورد کە داگیر کەران و خوێن مژان لە خاکی کوردستان دەربکەن.

داگیرکەرا دێ تەقینین     کاخێت زۆرێ دێ ڕۆخینین
هەمی پارچا دێکەینەئێک     ئالا ڕەنگین دێ چەقینین

جەنگۆ لە هەموو لایەکەوە تێدەکۆشا دەردو ژانی گەلەکەی روون بکاتەوەو بەخەڵک نیشان بداتەهەردەم دەیگووت دەبێ خۆمان بە جیهان بناسێنین و گەلانی جیهان لە زوڵم و زۆرداریێەک کە لەسەرمانهەیە ئاگادار بکەینەوە، لە یەکێ لە هونراوەکانیدا هاواردەکات :

ئەز دنڤیسم بۆ هەمیا     کورد نەناسا ڕەشوسپیا
خر مروڤا تەڤزیندیا     کو بناسن مە سێویا

کاکە جەنگۆ هیچ کاتێک گەلی کوردی بەکەمتر دانەدەنا لە گەلانی جیهان، دەیگووت گەلی کوردگەلێکی قارەمانەو کەمتر نیە لە گەلی ڤێتنام و کوبا، لەیەکێ لە هونراوەکانیدا گووتوویە :

کورد ناکەڤن  کوردنا ڕەڤن  کوردو ڤیێتنام وەکو هەڤن
ڕووناهکەریێت تاریا شەڤن

ئەم شاعیرە شەهیدە شۆرشگێڕێکی نیونەتەوەیی بوو، خۆی هەمووکات بەدۆست و هاوکاری گەلەبن دەست و بەشخوراوەکان دەزانی، لەوڕوانگەیەوە کە دوژمنی هەموو گەلانی ژێر دەست یەک دوژمنە پێویستە ئەم گەلانە یەکبگرن و بەهاوکاری پێکەوە خەبات بکەن بۆ بەدەستهێنانی ئازادی.

ئەمهەڤالین ژ بۆ بندەستان  ل هەر ئالیی هەژار هەستان
بۆمە نینە قەد راوستان  تاگۆر نەکەین تەڤ فاشیستان

ئەم پێشمەرگە قارەمانە هەمیشە ڕێزێکی بێ هاوتای هەبوو بەرامبەر شەهیدان و شەهید بوون لەڕێگای گەل و نیشتمان دا شانازی بوو بەلایەوەدەیگووت ئەوی داوای ئازادی و سەربەخۆیی بکات دەبێ ئامادە بێ بۆ قوربانی دان .

گەل هەمی دهەڕن  ل خویناوەد باوەرن
ل هەژارا ڕێبەڕن  هین وەلات پەروەرن
هەی شەهید،هەی شەهید، گولا سۆر،هەی ئومێد

هەروەها بۆ شەهیدانی پارتییە خەباتگێرەکەی لە هۆنراوەیەکدا هاواردەکات و دەڵێ:

وە خوین وجان بهەڤدا  بیرو باوەر پێ ئاڤدا
پارتا گەل برە پێشدا  ئالای سۆر وە هەلدا

شەهید شۆرشگێڕێکی مارکسی لینینی بوو لە تیوری و پراکتیک دا، بیروباوەرێکی پۆڵایینی بە بیرو باوەڕی سۆسیالیستی زانستی هەبوو. لەیەکێ لە هۆنراوەکانی دا باسی گرنگی ئەم بیروباوەڕانەی کردووەو دەڵێ:

لڤێ جیهانا تاری و مژ  دەمێ مروڤا نیا کر
هەلبو چرا کرە گرنژ
مارکس دەرهات وەک هەتاڤێ  تیرۆژ کا خوداوێ گاڤێ
ئەوبو دەراڤ لسەر ئاڤێ

هەروەها ئەم بیرو باوەڕەی کردۆتە دەرمان بۆ زامی گەلەکەی ، کردویەتییە هەوێن بۆسەرکەوتنی شۆڕشی ئازادیخوازی کوردستان .

تو دەرمانی ژمە ئەڤینی  تو سالاری سەر هلینی
ڕۆژا جەنگێ لمە ژینی

پەیمان دەدات کەدەستلەو بیرو باوەڕانە هەڵنەگرێت و هەمیشە لەسەری بڕوات چونکە ئەوە تاکە ڕێگایە لەبەردەم گەلانی چەوساوە بۆ گەیشتن بە مافەکانیان .

ئەم دێ هەڕین ل وان ڕیا  یاتە بۆمە هێلایی ل جیا
وەفا دارین بۆ وێ سۆزێ  قەد بەرنەدەین ئەڤرازیا

کە رژێمە بەکرێگیراوەکەی "بەغداد" گوندەکانی کوردستانی ویران کردو دانیشتووەکانی ڕاپێچ کرد بۆ ئوردوگاکان، هەڤاڵ جەنگۆ بە هۆنراوە داخی دڵی خۆی دەربڕیووە و ووتویەتی :

بهەڕفینن گوندو شارا .  ژهەڤ بقەتێنن گولو دارا
هین بەرزەکەن شینا وارا
چیا دمینن هاوار دکەن  ئەردو ئاسمان روندی دکەن
هین نکارن هین نکارن  چیایێت بلند گوند و وارن

نە هەر بەتەنها دەردو ژانی گەلەکەی لە هۆنراوەکانی دا ڕەنگیان دەدایەوە، بەڵکو لەهەرشوێنێ بەناهەق خوێن رژابێ و چەوساندنەوەو زۆرداری هەبووبێ ئەم دەرروونی بۆ هاتۆتە ژان و بەهۆنراوە دەریبڕیوە ، ئەواتا بۆ کوشتارەکەی سەبراو شاتێلا کە زایۆنییەکان دژی گەلی خەباتگێڕی فەلەستین ئەنجامیان دابوو دەڵێ :

خوێن و ئاگر تێکەلە  سەبرو شاتێلا دکەلە
فاشیست سەرا دبرن  ژن و بچیک کەرکەرە

هەرلەهەمان هۆنراوەدا ، ڕوونی دەکاتەوە کە ئەمە نەک بەتەنیا دووچاری گەلی فەلەستین دەبێ ، بەڵکو گەلی ئێمەش لەهەمان باری ناهەمواردایەو هەمیشە بەناهەق خوێنی ڕۆڵەکانی دەڕژێ .

دگەل تەینە هەڤالۆ  فلستینیۆ هەژارۆ
کوردین هەژار و ڕەبەن  فەبراندین هەڤالو
........................  ........................
دەردێ من و تە ئێکە  خلاسی ژمە یەک رێکە
دژی زولما فاشیستا  تەڤ هەژاربن ئێکە

هەموو نموونەیەکی مرۆڤایەتی لەم پاڵەوانە شۆڕشگێڕەدا هەبوو، نووسینەکانی ، هۆنراوەکانی ،گشت ڕێڕەوی خەبات وتێکۆشانی لەپێناوی خۆشبەختی چەوساوەکان دا بوو، هەر لەپێناوی ئەوانەش دابە مەردی مرد .

هێشتا مناڵ بوو لە سۆزونازی دایک دوور کەوتەوە، کاتێ لەکوردستان گەڕایەوە ، باسی چۆنیەتی دیتنی دایکی بۆ دەکردم کە چەندەها ساڵ بوو نەیدیبوو. دەیگووت : چوومە ماڵی خۆمان ، هەندێک میوان لەگەڵ دایک وباوکم دانیشتبوون ، کەس منی نەناسییەوە، منیش لەبەر میوانەکان دەنگم نەکرد وەک ڕێبوارێک خۆم نیشان دا ، دایکم چووە دەرێ بۆخواردن ئامادە کردن، منیش هەستام بەدوایدا ،کە سەرنجی دام سەری سوورما ، ئەم ڕێبوارە بۆ دێتە ژووری خواردن، گووتی چیە برا برسیتە، پێکەنیم

ووتم دایە ئەمن ناناسی ، کە ووشەی دایە لە زارم دەرچوو، بەتەواوی حەپەسا ، گوتم من یونسم ،کە ئەمەی بیست قیژاندی و باوەشی پیا کردم، لەسەرەوە تا بنی پێ هەزار جار ماچی کردم، لەخۆشیانا لە هۆش خۆی چوو،کە هاتەوە هۆش خۆی ، هەر دەیگووت توخوا ئەوە تۆی، باوەڕم نەدەکرد جارێکی تر چاومان پێک بکەوێ . بەڵام بەداخەوە نەمتوانی زۆر لەلایان بمێنمەوە، گووتم دەچم و زوو دەگەڕێمەوە بۆلاتان ، چونکە ئیش و کارمان زۆر بوو دەرفەتێکم بۆ ڕێ نەکەوت بچمەوە بۆسەردانیان. هەرئەو جارە بوو جارێکی تر هەڤاڵ جەنگۆ چاوی بەدایک و باوک و کەس و کاری خۆی نەکەوت ، لەزیندانی فاشیەکان دا لەسێدارە درا . مێژوویەکی پڕ لەخەباتی بۆ میللەتەچەوساوەو بەشخوراوەکەی جێ هێشت . بوو بەئەستێرەیەک لەئەستێرە گەش و پرشنگدارەکانی ئاسمانی بەرینی کوردستان.

## شیعر

خوێنەرانی هێژا :-

زۆربەی پۆستەی ( پێشەنگ )بەرهەمی شیعرییە ، زۆربەی جاریش شیعرەکانتان گەلێک درێژن، جا لەبەر لاپەڕەکەمی و درێژی ماوەی نێوان هەرژمارەو ژمارەیەکی تر و زۆری شیعرەکان دەکەوینە ناو گێژاوێکی سەیر، چون و چی بلاوبکەینەوە، حەز دەکەین بەرهەمی هەمووتان لەسەر لاپەڕەکانی ئەم گۆڤارە وەک گوڵەئەستێرە بدرەوشێنەوە، بەڵام وا لەبەر بێ توانایی بەناچاریی بەرهەمی هەندێکتان بۆ ماوەیەک دوا دەخەین و بەرهەمی هەندێکتان هەندێکی لێ بڵاودەکەینەوە، دیارە مەبەستمان ئەوەنیە نالی گووتەنی " مانای خراپ بدەین لە جگەر گۆشەی شیعرتان " . ڕێزی بێ پایانمان هەیە بۆ هەمووان و دڵنیایان کە لێمان نارەنجێن

((پێشەنگ))

# ئاخ دەبا ڕۆژگار وابێ

کرمانج
ئەمریکا

واخەریکم
ئامادەیی خۆم ساز ئەکەم
بۆ گەڕانەوەی ئەمجارەم،
جا کەگەڕامەوە لاتان
هەر لەوخاڵەی کەوتمە
خاکی کوردستان
دائەبەزم،
زمان بە زەمینا دێنم
خۆڵی ئەخۆم،
قوراوەکەی ئەخۆمەوە
قنیاتی دڵمی پێ دێنم،
ئاخ ... دەبا ڕۆژگار وابێ
جارێکی تر من بێمەوە
لەژێر پای دایکی نیشتمان ... کڕنووش ببەم
هاوار بکەم
ئەی دایە گیان
ئەی مایەی خۆشبەختی ژیا
لە بیرتە کاتێ منداڵ بووم
کە پێمت ووت
تۆ نەخۆشی
بۆ بۆنی گوڵی سەربەستی .. تۆ پەرۆشی
ئەی دایە گیان،
ئەو کاتە هەستی منداڵی
توانای تێگەیشتنی نەبوو
شی کاتەوە ... قسەکانت
بیخاتە چوار چێوەی هەستی
مانای جوانی .. ووتەکانت
دەبا ئەمجارە بێمەوە
بتێک لە تۆ درووست ئەکەم .. ئەیپەرستم
بەڵێن بێت خزمەتی بکەم،
سەرم لە ڕێگایا دانێم
وەک سەگ پاسەوانی بکەم
ئاخ
دەبا روژگار وابێ
جارێکی تر من بێمەوە.

# دیارییەکی نەورۆز

ڕێبوارێکم ...
لەدوور .. هاتووم
بەشەپرزەو سەرگەردانی
لەقاڤی نینۆک و دانی
دوژمنی من و تۆ ... دەرچووم
دڵ پڕ لە خوێن
ئەگەر چی وام دەم بەخەندە
ڕێبوارێکم .. بەبێ نەخشە
ڕێگام کەوتە
ئەم مەڵبەندە

* * *

لەسەرە ڕێ
نە شوان و نە جووتیار و
نەکارو بەرخ و نە سوێسکەم دی
نەراوکەرو کارمازو کەروێشکێ
نە کاروانێک بەبارەوە
نە دەوارو نە ڕەشماڵ و
نەمەشکەم دی .. بەدارەوە
نە باخچەم دی و
نە دار گوێز و ... نە کێڵگەو دێراووکەنی.
هەر خێزانەو پریاسکەبوو
لە سەر شانی ..
پێکرا سرووودێکیان دەگووت
ئەوەی بەمە ڕازی نەبێ و
ئۆقرە نەگرێ
سزای دیارە ... یا سێدارە
یالەت و پەت .. لاشەی لەولا فڕێ ئەدرێ .

سەمیرە
ئەڵەمانیای دیموکرات

# ژانەکانی ئەودیوسنوور

هاورێم
مروڤێکی ساکار بووی
خاوەن کوڵێ هیوا و ژان و ئازار بووی
چەوساوە بووی
چەوساوەی دەستکۆمەڵ و سەرمایەو زۆرداربووی
ئای هەژار بووی

— — — —

لەماڵێکی هەژارا، هاتیە دونیا
دایک و باوکت چەوساوەی بەردەستی ئاغا
ماڵ بێ نان بوو
دایک نەخۆش
تاکە ئەفسانەش ژیان بوو

— — — —

کە گەورە بووی
بۆ پەیدا کردنی پاروویە نان
شانت دایە بەر ئیش
پاچت وەشان

— — — —

دەستی ڕەشی سەرمایە
ڕازی نەبوو بەوەی هێدی هێدی
خوێنت بمژن
بەڵکو ویستیان بەیەک جار
خوێنت بمژن
بیکەن بەسەرمایە، بە تەلار
دیاری دەست بێ
بۆ پادشای شار
ویستیان سەرت شۆڕکەی
ملت کەچ کەی

◆◆◆

هاورێم
لەبیرت دێ کە پێم ووتی
سنووری تۆ، هەموو سەر زەمینە
چوار چێوەکەش
خەباتە، بەرەنگار بوونەوەیە،...
سەرکەوتنە یا بەزینە.
ئەی پێم نەوتی
هەمووی یەکە سەرمایەدار
ڕەش بێ، سپی بێ، بێ بۆیە، بۆیە کراو
هیچ ناگۆڕێت
گۆڕانی ناو.

چیا

کانوونی دووەمی ١٩٨٥

✕✕✕✕✕✕✕✕✕✕✕✕✕✕✕✕✕✕✕✕✕✕✕✕✕✕✕✕✕✕✕✕✕✕✕✕✕✕✕✕

# شیوەنێ بۆ کوردستان ....

نۆبەرەی بەرهەمی شیعری برای بەرێز کاک (ی. وەرزێر)ە، لەمانگی مارتی ئەمساڵ دا لە ئیتالیا لە چاپدراوە.

بریتییە لە (٩٦) پەڕەی قەوارە بچووک و (٢٨) پارچە شیعری تیا تۆمار کراوە.

# گۆڕ

کووچەیەکی تەنگەبەرە
بەردەرگایەکی پۆخڵ و شڕو وڕە
ئەوە دایکە نەخۆش و بیمارەکەمە
ئاودامانی لە جەستەی دەریا شین ترە..
خەریکی سەرە تاتکێ یە..
ئاخۆ کێی تر مەرگ بەرۆکی گرتووە؟
ئاخۆ کێی تر!!؟

✧ ✧ ✧

کووچەیەکی تەنگەبەرە
دایکم ناڵەکانی گشت کپ کردووە
بەتاسەیە.. بەعەزرەتە، گوێی لەدەنگی دەرگاکەبێت
" هێندە مەڕوانە دوورە ڕێ،
هێندە گوێ بۆ دەنگی دەرگا شلۆقەکەمان ڕامەگرە
منداڵەکان مەگرێینە
با چاو شارکێ و یاری بکەن
من دەزانم چاوەنۆڕی گەڕانەوەیەکی دیمی..
من دەزانم.."

✧ ✧ ✧

ڕوانینە doورە ڕێگا،
چاوانی کتو کوێر کردووم
جەستەو کەللەشی سڕ کردووم
گریان بۆتە گرێی پێکەوەلکانی شەو ورۆژم
گەر بێ گریان شەو وتاریکایی دابێت
خەوێکی سووک نامباتەوە
لەخەونی شیرینیش دا تۆ نابینم..."

خەزەلوەری ١٩٨٤
**فخرالدین محی الدین**

# سووتان

کاروان پەرەنگ

وانەزانی تەمە چرەکەی شەوانە
بەر ئەستێرەی چاوی ئەشقی من دەگرێت و
نایەڵێ دلداری لەگەڵ ڕازی شەوانەتا بکەم
وانەزانی کە ئاسمانم لێ بتەنن
من ناتوانم گوڵە مێخەک بۆ بەرۆکی ئاسۆببەم..

* * *

تەنیا بووم و شەویش ڕووخساری
ڕەشی خۆی پیشان دەدام،
(کات)یش چاوەڕوانی هەستی حەزم نەبوو،
کە تۆ هاتی..
نەیانتوانی مەلی وێڵی ئەو شیعرانەم دەستەمۆکەن
کە شەوانە بەستەیان بۆ لووتکەی کەژی هیوا دەووت
بەڕۆژ دەبوونە هێلانەی کوکووختی تەڕی بەرباران
لەشەوانی تاریکی دا دەسووتان و دەبوونە چاوگی گەشی
ماڵی هەژارێکی کوێستان..

## KARWANÊ GEL

### ŞEHÎD CENGO

L,tarîya şev
L,zîndan û gev
L,qetyana zincîr
Çirayek bû hev
Deng denga ewra
L,qir qira birîsîya
Tev dirabin gel
Li hir hira derya
Ew hemî dengê weye
Me halêdibît bo meye
Rê û nîşan bo me d,ronin
Gel liber çirayê weye
Xwîna mirad û şakir
Xwînmêj li erdê rakir
Gundî,jêhat,Mistefa
Bingehê gel ava kir
Heval Selîm û Beyar
Du kotirên evîndar
Bo azadyê kovandar
Sor ji xwînê birîndar
Pale û Mehmûd û Jêhat
Rojeka nû l,me helat
Xwîn mizgînî bo me hat
Pîrozbîtin ew xelat
We xwîn û can bihevda
Bîrûbawer pê avda
Parta Gel bire pêşda
Alayê sor we helda
We dana qelayek
Parta Gel pîlayek
Xwîna we çirayek
Bo kurda hîwayek
Gel hemî diherin
Bi xwîna bawerin
Li hejara rêberin
Hûn welat perwerin
Hey şehîd Hey şehîd
Gula sor hey Şehîd
Dê çîne wan rêya
Ya lêçûyn b,hîvîya
Ew şehîd bigazîya
Naberden wan rîya
Hûn d,saxin namirin
Wek roj û verin
Li rwîta bawerin
Bihara sor û zerin
Roja vî welatî
B,şehîda ew hatî
Mirin şev helatî
Bo jara b,xelatî
Hey şehîd hey şehîd
Gula sor hey şehîd
Hey şehîd hey şehîd
Gula sor hey şehîd

## JI BÎRHATINÊN PÊŞMERGEYEKÎ

Pêla germa evînîyê ..
Wekî tolazên gundê me
Ez danabûme nav derya
Dava Eşqê..
Ez girtim û d,pêmin alya,
Çinge çinga bazinkên zer
Dêmê xir û enya kever
Ez kirbûme..
Zêrevan û şanê zerya,
D,wî çaxî da
Gurrya eşqa dilbera min
Meztirbû j,gurrya welatî û
..J,hemî gurrya
Min hizir d,kir
Mirov hemî..L,ser vê yasayê d,çin û
Mest û serxoşin bo perya
X X X X X
Spêdehyekê..
Hêj tarî bû
Hêşta roja..D,nav pirasîyên şevê ra
L,pişta çiya..
Nivistî bû,
Her çar kinarên gundê me..
Hatne girtin
Reşek û rêgirên şeva
Çeperên xo l,hawîr bestin,
Wek swîxura..
Berê stiryên xo dan gundî û
..Pêkve hatin
Du evîndarên bin peryê
L,paşya xanî derêxistin,
Êlçîyekî..
Piştî hizar kirêtîya
Serûçav lê b,tifê şiştin
Gotê çima
Dihî nîvşev..
Borrya sopa evê malê
D,çirîskara..Hera sor bû
"Se"yên gundî nednivistin ?
X X X X X
J,hingîwere minê zanî..
L,sîbera koçka "Sultanî"
"Evîn xewne ",
Hindî qamçî nehên sotin
"Jîn"direwe
J,hingîwere ..
Enî û dêm û bazinkên zer
Bûn bîrhatin,
Kevalê "Kotir û perya"
Bî..Perisgeha dilê min

I_WARBARAN

## MELEVANÊ DERYA XWÎNÊ

Yadê min dît ji wêve hat
Weke rojê limin helat
Şikandin tev birc û kelat
Wî ji min ra anî xelat
X X X
"Lawkê min yê b,nav û şane"
Pêşmergê doza Kurdane
Semyanê keç û Xortane
Sehma serê dijminane
X X X
Yadê l,lawkê min binêre
L,şer û cenga weke şêre
Serê dijmina dihêre
Canê min qurbane jêre
X X X
Melevanê derya xwînê
Xwe avête nav êtûnê
Da bistînit mafê jînê
Şoreş kelî da bi çînê
X XX X X
Xwîna şehîdan dikele
Agir û êtûn û pele
J,keç û xortan ra meşxele
Cihê wana dilê gele.

DILDAR

# SÊRIYANA HE

A..L,sêryana he
Dengê tirimbêl û birîsya
Guh l,bêdengîyê ker d,kirin.

Pîlkêt tavyê hirebay

Gulyêt genmî şe d,kirin

Ne esmanî b,êk carî rondikêt xo berdidan

..Ne hawîş d,bû

Ne rondikêt wî

Rwîyêt zevîya ter d,kirin

Biçwîkekî destêt xo dabûn delingêt qolçîyekî

Laçwînêt wî maçî d,kirin,

D,gotê mamo

Bextê teme..

Van dermana û evê sêvê û evê nanê

B,dizîkîve b,gehîne destê"Sanê"

X X

L,serê milê..

L,piçt dîwarê hişk B,asinî darêtî

Du çavêt zîq serûçavêt zer û pêtî

D,qulî ra seh d,kire biçwîkî û sêvê

Axînkêt dijwar vê diketin..

Kela girî kete lêvê

x X X

Dengekê jar û xendiqî

D,hinavêt wêda dikir gazî..

Temoyê min..

Dilê dayê bizivreve

Ger regekêt qolê şevê b,te bizanin

Tuyê minî..

Dê te girin!

Ah l,vê derê

L,def dayka te

jiber birsê

Jiber lêdana wê pîrozya tu maçî d,key

Ji mêhvanîya xudê tirsê..

Hemo rojê deh biçwîk

D,kevin d,mirin..

Deh biçwîk d,kevin d,mirin.

**M. QOÇANÎ**

# KARWANÊ ŞEHÎDAN

Li rêça İzzet ,İzzet dipirsî
Ji darê dijmin tucar netirsî.
Bi mihrebanî xebat niyazî,
Herdu şehîdin mam û birazî.
Newroza kurda kirin baweçe,
Li bejnê kirin kirasê reçe.
Newroza rengîn pelkezêrîne,
Li nav du Izzet bûye xemgîne.
Miha adarê ew lalezare,
Dewrî dirawe herdu cobare.
Xwîna şehîdan gulale sore
Da ser Newrozê li jêr û jore
Sê heyvê xemgîn ku ew bihare
Sorgul çilmisîn li bin sêdare
Şehîd li sêpî ,serî bilinde
Ala serbestî wî baz li bende
Çelenge Izzet,Yûnis bijare
Bûn biqurbanî kurdên hejare
Şemo hevale,roja karkere
Lehing û şêre li roja şere.
Ehmed û Yasîn ,Cemal kûzone
Jibo serbestî ew pencerone
Tîrêj li esman ewan duta kir
Dengê gelê kurd li jor belakir
Şakir û Miskîn ,Emer,Enwere
Jibo azadî ,we kir tevgere
Şehîd ne evin bi nav sêzdene
Stêr li esman sed û şazdene
Millet bizane Şehîd gewhere
Taca mirovan ji zêrê zere
Xweş nave şehîd ,şehîd bijare
Qazî şehîde,belê serdare
Pîroze pêşeng ,Karwan li kare
Warê şehîdan dîsa Adare.

**RONAK**

# JIYÊ MIN

Jiyê min wek rwîbarekî
D,nav gelî û dol û nihalêt
Vî demî da
D,borît û d,çît
Dwîmahya wî dê hişk bît
An dê l,deryayekê bê bin da
Niqo bît
Kes nabêjît
Eve çi bû? Ew kîve çû
Dê kîve çît?

XXXXX

Buhar têtin..
Xemla wê ya ciwan û şeng
Lê demê pahîz gehiştê
Dê bêtê rabe direnge
Mana te bo vê cîhanê
Jan û jenge
Roj d,helêtin..Ronahya wê
Jîn û daxaz û evîne
Her dema şevê xo karkir
Tarî reşand
Ronahî l,çi cih û wara
Diyar nîne

X X X X X X

Ev jiyê min wexereke
D,hête nava bajêrekî
Demekê kêm têda d,mînît
Rêvînkeke..
Hevsarê rêka xo d,kêşît
Ger ku şîrê zemanî hat
Dê pirçînît
Kevyeka befra çiyane
Her gava germê xo lêda
Dê bihujît
Bîte helm û ..
Dê revînît.

**S_DEREŞÎ**

## NERAZİBUNEN CEMAWERİ...

nerazîbûnê li ser şehîdkirina I3 hevalên me yên qareman û pêtir ji I00 kesa ji xelkê bê gunah bi destê xwînmêjên Bexdad.

Li STOKHOLM

Li roja 28/4/I985 ê pêtir ji 500 kesan ji partîyên Kurdistanê û hinek İraqî û hinek ji Swêdîyan xwepêşandaneka nerazîbûnê li bajêrê STOKHOLM saz kir.Xwepêşandanê ji sentiralê bajêrî destpêkir û heya gehişt berderê balyozxana rijîma Seddamê xwînmêj wêneyên şehîda û tabloyên nerazîbûnê hatine bilind kirin û têda daxwaza roxandina rijîma faşîsta Seddam hate kirin,di xwepêşandanê da 25 partî û rêkxirawên Kurdistanî û İraqî birûskeyek îmza kir û ji Seddamê faşîst ra şandin,û têda nerazîbûna xwe li ser tîrbaran kirina I3 hevalên me û pêtir ji I00 kurdên bêtawanên din xuya kirin,û wêneyekê wê birûskê ji Pîrêz Dîkwîlar,Şekretêrê giştîyê neteweyên yekgirtî, û Olaf Palmê,Serok wezîrê Swêd,û wezîrê derveyê Swêd û hemî partîyên beşdar di berlemantoyê Swêd da û hemî rojname û Ajansên deng û basan li Swêd ra şandin.Radyo û Telefizyona Swêdê ev deng û base belav kirin,û her sê rojnameyên serekîyên Swêdî "Dagns Niyohîtir,Afton Bladît û İksbirîsin " bi tîpên girs deng û basên tîrbaran kirinê û herwisa yên xwepêşandanê li gel wêneyên şehîdê nemir Faris û kurê wî Aras û yên diya Aras jî belav kirin.

Herwisa rojname û govarên Niştimanî û yên Erebî û Cîhanî jî tîrbaran kirina I3 hevalên meyên mêrxas û xebatkar,û pêtirî I00 kurdên bêgunah bi awayekî diyar belav kirin wekî: Govara EL-Hurîye,Jimare II4(II89)li I2/5/985 Govara Rîsalet El-İraq Jimare 48/49 li Avdar -Nîsan/I985 .Rojnama EL-Xed EL-Dîmoqratî Jimare 20 li Nîsan/I985.Rojnama Mulheq Terîq-EL-Hurîye li Gulanê/I985.Rojnameyên EL-Sewre û EL-Be's yên Sûrî li 2/5/I985.EL-Cîhad Jimare I85 li 6/Hizîran/I985.Keyhan EL-Erebî. Û herwisa rojnameya"THE TİMES" li 2/5/I985 ê û rojnameya "I'Humanite " li roja 6/5/I985ê.

## SİKRETERE PARTİYA...

yên demokratîk hêşta ji pêwîstîya danpêdanê bi mafên demokratîkên gelê kurd dûrin.Lê dîsa em bawerîn ku em dikarîn bi wan ra lihevbêyn li ser gunehbar kirina kuştargehên dirindaneyên ku li dijî gelê kurd tên kirin.

Em herdem li gorey berjewendîyên çîna karker û li ber tîroşka rêbîrên internasyonalîsma prolîtarî li Doza Netewayetîya Kurdî dinêrîn.Partîya Komunîst a Tirkî dibîne ku jibo çare lêkirina doza netewayetîya Kurdî divê gelê kurd mafê xweyê çarenûsî hebe, û mafê çarenûsê gelê kurd li Tirkî mafê wîye ji bo damezrandina dewleteka serbixwe.Em dinêrîn ku ev mafe nayê standin bêy serketina şoreşa gelêrî ya demokratîk û dijî İmperyalîzmê . Û em berevanîyê ji hindê dikîn ku gelê kurd bi azadî vî mafî bikar bîne .

Pir peywendîyên mikum li nava rêncberên kurd û Tirk da hene , dijminê herduyan yeke pêwîste îro hêzên herdu gelan yek bigrin li dijî İmperyalîzmê,li dijî destekên wê ,li dijî dîktatorî û faşîzmê, û ji bo pêkanîna Tirkîya demokratîk.

Ji alîyekî din ,ew babetên kongireya pêncan ya Partîya Komunîsta Tirkî biryar li ser dayn dupat kirin ku partî çewsandina netewayetî li dijî gelê kurd tawanbar dike,û dibîne ku erkê wêyê internasyonalîzmîyê ku piştevanîya xebata gelê kurd bike hindî di berjewendîya çîna karkerên cîhanê da be.

## CEJNA ROJNAMEGERİYA KURDİ...

bo dayka meya dilovan Kurdistanê ku sereray van gurg û rûvîyan jî herdem nivîskar û rojnamevanên xwedî wijdanên heyn û çi zû ya di reng rastî û dirustî di vê xebata rewa da wê serkeve. Û paşeroj her ji bo gelê Kurd e.

xeta tèn, wekî ewî poèma kurdîye "Memè ù Eyşè" veçèkirîye ù sala 1934-a bi zimanè ermenî daye weşandinè.

Sùrèn Safaryan M wènekèşè ermenîayî bi nav ù denge. Vè dîwana ènsîklopèdîaèye bi sirèda tè otinè, ku ewî sala 1963-a wèneyè dota kurdaye bi navè "Çînar" kişandîye, ku hejayî qîmetè bilind ùye.

Miqaleke ènsîklopèdîaè derheqa Saleh ed dîn Eyùbîdane. Wèda tè gotinè, wekî ew kurd bùye. Ew ji ala 1171-èda bùye hukumdarè Misrè ù sala 1187-a şerè dijî xaçgirada altindarî birîye. Nav ù engè wî lawè kurda wan sala haqasî bela bùbù, ku ew dewran bi navè wî ù malbeta wî dinate nav-irinè-dewrana Eyùbîya.

Ev dîwana ènsîklopèdîaè cikî mezin daye înformasîa derheqa komera Sùrîaèye erebada. Wèda tè otinè, wekî vî welatîda kurd jî dijîn ù jimara kurda pey erebara ser jimara hemù binecîèd weète mayînrane. Wèda em usa jî dixùnin, wekî Sùrîa ji sala 1171-è hetanî sala 1250-î bin destè albeta kurdaye Eyùbîyada bùye.

Ênsîklopèdîaèda gelek me'lùmetîèd hewaskar hene derheqa dostîya gelèd ermenîya ù kurdada. Mesele, cikî em dixùnin, wekî wilayeta bitlîsèda, di senceqa Sîîrtèda 86 gundada ermenîya ù kurda evdura tevayî jîne, bi dostî ù cînartîya qenc hevra derbaz kirine. Lè miqala derheqa qeza Sasùnèdane, wèda em dixùnin, wekî gava tirka davîte ser ermenîya, kurd dihatine pişta (hewara) ermenîya.

Vè dîwanèda usa jî me'lùmetîèd mayîn hene derheqa erf-edet, lîtèratùra, çande, zargotin ù deba urdada, kîjan bi hewaskarî tène xwendinè ù çapkirina wana şe'detîya xemxurîya gelè ermenîaye qence hindava gelè kurdada.

**TÊMÛRÊ XELÎL MÛRADOV**

ÇAVPÊKETÎNEK BÎ ...

bi berhev kirina hinek jêderên dîrokî kir, û min li sala 1958 ê gotarek li jêr navê "Kurtîyeka dîrokî li ser çand û durumên jiyana cotkarên kurd li Îranê" û Piştî demekî min "Şarezayîya xwendina hevber kirinê ji bo çanda maddî ya kurda " belav kirin.

Pirsyara 5) Tu ji zû ve kardikî , û te pirtûkek li ser şaristanîyeta maddî û rohîya gelê kurd nivîsandîye. Babetê bingehîn di vê pirtûkê da çiye ?

Bersiva 5) Raste, dikarim bêjim , ev kare berhemê hemî jiyana min bû di xwendina jiyana gelê kurd da . Babetê bingehîn yê ku min xistîye ber lêkolînê yekîtîya çand û şaristanîyeta kilasîkî û durumên jiyanê bi me'na etnografîya gelê kurd e, ku ji hev nabe, li ser parçebûna Kurdistanê ra. Em yê çendê bi şêwyekî diyar dibînin li ser hîmê lêkolîna jêderên dîrokîyên dawîya sedsala nozdê û nîva yekê ji sedsalîya bîstê . Tiştek xuyaye ku kurda- li ser cihê cihê bûna cihê jiyana xwe ra jî - herdem çanda xwe û hestên xweyên netewayetî parastîne, Mirovê kurd herdem dibêje ez kurdim, û herdem rewiştên xweyên maddî û rohî diparêze, li ser wan hemî hewildanên ku ji bo bişavtina netewayetî bi serê wan hatîn jî ra.

Pirsyara 6) Aya niha, di roja meya îroda, mirov dikare qala berdewamîya wê yekîtîyê bike ?

Bersiva 6) Ez bawerim mirov dikare qala berdewamîya yekîtîyê bike. Bi taybetî li herêmên hundirîn ji Kurdistanê , yanku ew herêmên têkilî bi gelên din ra têda nebûyî. Û ewjî ew herêmin ku kartêkirinên dulayî têda nebûyîn.

# ÇAVPÊKETİNEK Bİ PİSPORA SOVÊTÎ TATYAN FÎDROFNA ERÎSTOVA RA

Peyamnêrê rojnameya GEL,rojnameya navînî ya partîya me,li Mosko çavpêketinek kir li gel zanaya sovêtî xanim Tatyana Fîdrofna Erîstova . Vaye emê deqê wê çavpêketinê ji xwendevanan ra bi zimanê Kurdî belavkîn:

Pirsyara I) Navê te , wekî pisporeka etnografîya gelê kurd, bi şêweyekî fireh li pir welatan da hatîye nasîn.Li İngiltera,Firensa, İranê û İraqê , û pir nivîsandinên te yên derheqa kurda li yekîtîya Sovêtî hatîne wergerandin.Dixwazîn bizanîn ku te ji kengî ve dest bi lêkolînan kirîye li ser etnografîya kurda ?

Bersiva I) Berî 35 salan,yanku li sala I949 ê, min dest bi xwendina dîrok û etnografîya kurdî kir, bi şêweyekî taybetî .Ewjî li demê ku gehiştîme xwendinên bilind li Enstîtuya etnografîyê ya ser bi Ekadîmîka zanistên Sovêtistanê.Hingî nameya xwe li ser "Kurd li İranê" nivîsand.

Pirsyara 2) Piştî berevanîya te ji wê nameyê te çi tiştên din li ser Kurda nivîsandin?

Bersiva 2) Min dest bi xwendina etnografîya kurda li piştî Qefqasê kir,ji lewra bi dirêjîya 25 salan her heyam heyam ez diçûme ew herêmên ku kurd têda dijîn,wekî Ermenistanê û Azerbaycanê û Ciyorcîya, ji bo civandina tiştên berçav di mozexane û erşîvan da û li ser bingehê wan tiştan û jêderên dîrokî min ev nivîsandinên jêr belavkirin:Seredaneka kurdên piştî Qefqazê ,Çend babet ji nexşên mafûrên kurdî,Dîroka xuyabûna navên gundên kurda yên îroyîn li piştî Qefqazê, û Tiştek ji etnografîya kurda li piştî Qefqazê û ew babetê ku li jêr navê "Hunerê amade kirna xwarinê li cem kurda"belavbûy.

Pirsyara 3) Nav û bangên teyên cîhanî ji ber pirtûka teya navdar"Kurd li piştî Qefqazê" bûn , ev pirtûka ku li derve çend caran hatîye wergerandin û çap kirin. Dengê vî karî li hindirê welatî çawa bû?

Bersiva 3) Rêzek bilind jêra hat girtin nirxandineka baş li cem min bi taybetî û



خستنە سەر نێت:- چالاک
chalakmuhamad@gmail.com

nirxandineka bilind ji alîyê zanayên kurdên Sovêtistanê,bitaybetî nivîskarê diyarê Sovêtistanê zanayê komonîstê nemir Ereb Şamîlof yê ku pêşgotinek bo nirxandina wê pirtûka min nivîsandî.

Pirsyara 4) Te çi li ser Kurdistanê bi xwe nivîsandîye û belavkirîye?Yanku li ser kurdên li dervey Yekîtîya Sovêtî .Aya ew tiştên te li ser kurdên piştî Qefqazê civandîn alîkarîya te kirin ji bo xwendin û lêkolînan li ser şaristanîyeta rohî û durumên jiyana gelê kurd bi şêweyekî giştî?

Bersiva 4) Bêguman, di lêkolîna şaristanîyeta maddî û rohî ya gelê kurd da min dest

# DÎWANA ÊNSÎKLOPÊDÎA ERMENÎAYE SOFÊTÊYE DERHEQA KURDADA

Çawa hemù dîwanèd ènsîklopèdîa ermenîaye Sovîètîye hetanî niha çapbùyî,herweha vè cildèda jî gelek miqale ù melùmetîèd hewaskar hene derheqa dîrok,lîtèratùra,çande,ziman,deb ù zargotina kurdada.

Miqaleke ènsîklopèdîaè derheqa Mèrxasè Yekîtî Sovîèt,ewledè kurdayî hèja Semendè Elî Sîabendovdane.Wèda em dixùnin,ku ew sala I909-a li gundè Hesencanè,li wileyata Qersè ji dya xwe bùye.Ji sala I93I-è endamè Partîa Yekîtî Sovîètistanèye komùnîstîeye,podpolkovnîke (serhing). Ewî sala I950-î dibistana partîaèye bilind ya rex Komîtèa Navbendî ya PYSK temam kirîye,lè sala I966-a înstîtùta Ermenîstanèye malhebùna gundîtîè xilaz kirîye.Salès I938-I94I-è sèkrètarè komîtèa navça Elegezèye partîaèyî pèşin bùye.Destpèka Şerè wetenîèyîda çùye ber şer.Sala I944-a wextè azakirina Bèlorùsîaè,ber kenarè çemè Narvaè,rex gundè Dèzbontè bona efatîè ù mèranîè hèjayî navè Mèrxasè Yekîtî Sovîèt aibe.Ji sala I945-a Komîtèa Navbendîye Ermenîstanèda xebitîye.Sala I952-a Semend Sîabendov hatîye kivşkirinè çawa dewsgirtîè wezîrè Ermenîstanèyî malhebùna gundîtîè,lè ji sala I959-a hetanî îro ew serekè serwèrtîya wezîreta malhebùna gundîtîeye serekeye.Ew du cara hatîye bijartinè çawa dèpùtatè (endamè parlamènto) Şèwra Sovîètistanèye tewrebilind,çar cara jî dèpùtatè Şèwra Ermenîstanèye tewrebilind.

Semend Sîabendov,wè şùnda miqala ènsîklopèdîaèda tè gilîkirinè,bi xebata lîtèratùrîèva jî mijùl bùye.Sala I962-a poèma wîye " Sîabend ù Xecè",lè sala I969-a poèma "Yazîya bextewar" ronayî dîtine.Ewî bi Aramè Çaçanra tevayî sala I957-a ferhenga "Ermenî-kurdî" hazir kirîye ù daye çapkirinè.Semend Sîabendov bi gelek ordèn ù mèdalava hatîye xelatkirinè.Ênsîklopèdîaèda usa jî wèneyè wî derketîye.

Du miqalèd ènsîklopèdîaè derheqa gundèd navça Aragasèye kurda-Sîpanè ù Sengerèdanin.Xwendevan pè dihesin,ku van gundada dibistan,pirtùkxane,cîè doxtirîè hene.Wèda herwaha wèneyèd dîdemèd wan gunda derketine.

Miqala bi navè "Sovètakan grox"-da ("nivîskarè Sovîèt) tè gotinè,ku vè îdara dewletèda bi zimanè kurdî jî efrandinèd helbestvan ù nivîskarèd kurdaye bedewetîè tène weşandinè,èn ku li Ermenîstana Sovîèt dijîn ù diefrînin.

P'ara ènsîklopèdîaèye bi sernivîsara "Yekîtî Sovîèt"-da hatîye nivîsarè,wekî bi hesabkirinèn sala I979-a Yekîtî Sovîètda jimara kurda II6 hezar bù,lè Ermenîstana Sovîètda-5I hezar . Kurd ji wan gelèd Yekîtî Sovîètin,ku nivîsara wana heye ù piranîya kurda zimanè xweyî dè zimanè kurdî dihesibînin.

Karapèt Sîtal nivîskarekî ermenîayî welatè derekeyî pèşverù ù naskirîye.Miqaleke ènsîklopèdîaè e'lamî xwendevana dike,ku ewî sala I954-a beyt-serhatîya gelè kurdaye "Ezoè şivan" veçèkirîye ù bi zimanè ermenî daye neşirkirinè.

Ew p'ara ènsîklopèdîaèye derheqa nivîskarè ermenîayî berbiçev-Hmayak Sîrasda,em rastî wan

Bo lapere 4I

ku wana jî xizmeteka mezin ji bo rojnamevanî ya kurdî kirin, nemaze di warê çand û zimanê kurdî da.Lê rojnamevanîya kurdî piştî sala I956 ê li kurdistana jêrîn pêngaveka giring û dîrokîn havêt di jiyana xwe da,bi taybetî ku Partîya Demokrat a Kurdistanê karî rojnameya XEBAT bi eşkera derxe,û vê rojnameyê karî rolekî giring bigêre di nasandina rûyê xebata neteweyîya kurdî , bi şêweyekî demokratîk .Piştî destpêkirina şoreşa İlûlê ya mezin jî XEBAT wekî organeka resmî ji Partî Demokratî Kurdistan her ya berdewam bû , û bi her du zimanên Kurdî û Erebî derdiket.Bêguman partîya Demokrat a Kurdistana İranê jî her ya berdewam bû li wî rêbazî.Lê li Kurdistana jorîn her ji demê ku Ataturk hatîye ser hukmî ne her rojnameyên kurdî lê cil û bergên kurdî jî qedexekirin,û pêtir ji nîv milyon kurda bi destên tirkên toranî yên tuximperest hatine kuştin.

Şoreşa Kurdistana Jêrîn jibilî Xebat ê li demê guft û goyan bi hikometên li pey hevên İraqê ra, bi taybetî piştî sala I966 ê rojnameyên "EL-Teaxî" û Birayetî jî derxistin. Van du rojnameyan rolekî giring dîtin di xebata poletîkî û çandeyî ya netewayetî ya Kurdî da ,çi li salên I967 — I968ê da û çi li salên I970-I974ê da ku netenê pirbihatirîn rojnameyên neteweyîyên kurdî bûn belkî para Erebî,ya ku her roj derdiket, bûbû yek ji giringtirîn rojnameyên İraqê û rojhelata navîn û giranîyek di cîhana rojnamevanîyê da hebû,dijmin pêtirî çekê pêşmergey ji wan rojnameyên şoreşê ditirîya,û her ji ber hindê jî bû piştî çend jimare ji Birayetî bi şêweyekî rojane derketîn yekser biryara daxistina wê derket,paşî,bi her halekî,ser ji nû ve bi şêweyekî heftîyane derket.Wan du rojnaman rolekî giring gêra di pêşveçûna çand û hunerê kurdî,nemaze dirust bûna bi deyan tîp û komikên tîyatir û şano û mosîqa û reqasê li gund û bajêr û hemî deverên kurdistanê , herwisa çapkirin û wergêrandina bi deyan pirtûk û belavokan li ser kurd û kurdistanê.Rojê hezaran name ji xwendevanan ji gund û bajêrû xwendingeh û zanko û kargehên kurdistanê ji bo van du rojnameyan dihatin.Nivîskarê vê gotarê yek ji rojnamevanên van du rojnameyan bû .ji ber hindê bi dirêjî li ser van rojnama nivîsandin di gotareka din da ji bo dîrokê pir pêwîste.

Piştî şikestina şoreşa İlûlê li sala I975 ê ji ber ku çendîn partîyên pêşverûyên kurdistanî dirust bûn dîsa rojnamevanîya kurdî serê xwe helda û bi deyan govar û belavok derketin. Paşî li nav rêzên karkerên kurd li Swêd û Elmanîya rojava jî dest bi çapkirina çend govarên kurdî kirin wekî Berbang,Armanc û Roja Nû, û xizmeteka mezin ji zimanê kurdî û kurdên derbeder ra kirîne û heya îro jî berdewamin,ji alîyê poletîkî da govara Armanc organa Partîya Pêşenga Karkerên Kurdistanê nimoneyeka bilindeji wan govaran.Her wisa govara Pêşeng organa navînîya Partî Demokratî Gelî Kurdistan ku bi herdu diyalektîkên kirmancî û soranî çap dibe yek ji wan govarane ku hêvîyeka pir lê tê kirin di meydana pêşveçûna rojnamevanîya kurdîya azad da ji bo xizmeta doza mafê çarenûsê gelê kurd û berevanî lê kirin û parastina çand û dîrok û zimanê wî.Govara Hêvî ku bi kirmancî û soranî û zazakî li Parîs ji layê Enstîtuya Kurdî derdikeve jî yek ji wan govarane ku çaverêya xizmeteka zora ziman ,huner,ferheng û dîroka kurdî lê tê kirin.Jibilî van govar û rojnameyên azad ku pêşengîya xebat û çanda netewayetîya kurdî dikin,îro çend xofiroşên kurd li Bexda çend govar û rojnameyên kurdî bi navê hikometa faşîst û şovênîya Bexda derdixin,ku hemî pêgotine û tirsinokîye û sergorîye li hember dagîrkeran û qet nikarin li ser bar û doxên rastînên îro tiştekî binvîsînin yan tiştekî li ser dîroka gelê kurd belav bikin,û eger car û baran tiştekî binvîsînin jî hemî vir û dirone û ji bo şêlî kirina dîroka netewayetîyê Kurdîye ji bo dilxoşîya dijminan û her tiştê li van salan li İraqê li ser dîroka Kurdî hatîye nivîsandin û belav kirin her ji bo hindê bûye û wan core kesan jibo parastina destkeftîyên xweyên taybetî ew gunehên kirîn,eger mirov xwe bi kurd bizane çawa dê di van core têkdanên dîroka gelê xwe da beşdar be ku tenê di berjewendîya dagîrkeran da ye? Lê supas ji

Bo lapere 42

# CEJNA ROJNAMEVANÎYA KURDÎ

Rojnamevanîya Kurdî tim pêşenga xebatê bû ye. Çerxê (sedsala) Nozdê qûnaxeka mezin bû di xebata gelên jêr destelatdarîya dewleta Osmanlîda, çi li rojhelata navîn da û çi li nîv dorgeha (şibih cezîre) Belqan da. Pir ji wan gelan karîn bi xebata poletîkî yan bi xebata çekdarî xwe rizgar bikin wekî Yewnanî, Elbanî, Bulgar û vangelan dewletên xweyên serbixwe da mezrandin. Egerên roxandinê giyanê İmberatorîyê di hejandin û ew bê hêz dikir, êdî çi bihane ji mana wê ra tunebûn, nemaze ku reftara wê bi gelan ra li ser hîmên zor û zordarî û dere begayetîyê yên çerxên navînî bûn. Eve ji layekî ve û ji layê din ve rûdana şoreşa pîşesazî li Ewrupa û peydabûna bîrûbawerîyên azadî û demokrasîyê, nemaze piştî komona parîs û têkşikandina leşkerê Osmanlî li hember leşkerê Rosî, û li gel peydabûna hezaran sûxir û ajanên İngilîzî û Elemanî û Firansewî, her wisa hemî hoyên navxweyî û yên derveyî di berjewendîya mana İmberatorîyeta Osmanlî nebûn. Ji lewra ku gelên din yên jêr dest jî daxwaza mafên netewayetî kirin û dest bi girêdana peymanan û wergirtina harîkarîyan kirin bi dewletên Ewrupa ra. Wisa İmberatorîyeta pan û berîna Osmanlî kete destên İngilîzî û Firensa, yên ku dilşewitîyên xêr û bêrên deverê û zengînîyên erdê wê, û nemaze ku nîşanên erkyolocî hebûna deryayeka bêbin ji pitrolê dida xuya kirin, ku jêra digotin zêrê reş, Û jibilî armancên din jî yên poletîkî û sitratîjîk. Û wekî gurên har û birçî çavên wan li dû delîvekê bûn.

Kurdistan jî yek ji wan welatên bindestê İmberatorîyeta Osmanlî bû, û ji mêje bû ku gelê kurd ji zordarî û dirindeyîya van kolîdarên dagîrker bêzar bûbû. Her ji ber hindê bi dehan serhildanên li dijî wan çêkirîn û bi deyan helbest û nivîsandin û tiştên folklorî yên wî demî hene ku wekî neynikê (xwedîkê) jan û derdên gelê kurd nîşan didin, bi taybetî helbestên Hacî Qadir Koyî ku ne her qala êş û janên gelê kurd xuya kirîne lê gelê handay ji bo hevgirtinê û xebata çekdarî li dijî koledaran. Bêguman ji mêje bû rojnamevanî li Ewrupa peydabûyî, bi şoreşa pîşesazîyê ra, lê derxistina rojnameyekê ji bo neteweyekî bindest û bêçareyê wekî kurda şoreşeka poletîkî û çandeyîya mezin bû, û destpêkeka nû bû ji bo xebata rizgarîxwaza neteweyê kurd. Her ji ber hindê derxistina rojnameyekê bi navê "KURDİSTAN" yek ji mezintirîn çekên xebatê bû. Rojnameya Kurdistan, ku yekemîn jimara wê li 22ê Nîsanê li sala 1898ê li derbederîyê. li Qahîre, derketî, rolekî jêhatî di handan û huşyar kirina netewayetîya kurdan da gêrand. Piştî yekemîn şerê cîhanî gelek rojnameyên din yên kurdî li dervey welatî û li nav kurdistanê jî derketin, ji teva jî giringtir rojnameya hikometa Kurdistana jêrî bû bi navê "ROJÎ KURDİSTAN" ku sala 1922 derketî, û li ser hindêra ku tenê çend jimare jê derketin jî. lê rolekî baş di xebata netewayetî da gêrand û bi deyan rojnamevanên dilsozên wekî Refîq Hilmî û Şêx Nûrî Şêx Salih têda kar dikirin. Piştî rojnama Rojî Kurdistan rojnameya JİN, ku Pîremêrdê nemir derdixist, derket û rojnamevanîya kurdî kete qûnaxeka nûtir ji jiyana xwe û karî rolekî mezintir bibîne di tomarkirin û parastin û geşkirina çand û dîroka meya netewayetî da. Û ya giringtir jî pakkirina ziman û nivîsandina kurdî ji zimanên biyanî. Heya damezrandina Komara Demokratîk a Mehabadê rojnamevanîya kurdî bi vî rengî bû. Lê ronakbîrên Komara Mehabadê karîn rojnamevanîya kurdî bêxin qûnaxeka nûtir di xebata îdolojîkî da di rêya rizgarî û azadî û demokrasîyê da li seranserî xaka Kurdistanê. Rojnameya Kurdistan nimoneyek bû ji rojnamevanîya kurdî ku serokê komarê bi xwe serperestîya wê dikir, ji bilî rojnameya LAWAN Û ZAROKAN, û her di wî demî da govarên GELAWÊJ û HAWAR derdiketin,

# JI RAPORTA POLÊTÎKÎ YA PARTÎ DEMOKRATÎ GELÎ KURDISTAN

## PÊWÎSTÎYA BEREYÊ NÎSTIMANÎ YÊ KURDISTANÎ

Birastî helbûna şoreşê li Gulana I976ê û geşbûnên paş wê hatîn,û berdewamîya şoreşê bi her awayekî,kênceka mezin li ser wireya "Me'newîyat" gelê me hebû. Û bi rastî sinorek ji bo wire-berdanê û bê omêdîyê, ya ku li pey şikestina 1975 ê peyda bûy , danî . Lê bi nêrîna me ew tengasîya ku ji ber şkestinê çêbûy bi awayekî rast nehatîye çareser kirin.Hêzên rastrew"Yemînî" hinek cihên xwe di şoreşê da bidest ve anîneve û perçebûn di nava rêzên hêzên bikar di şoreşê da rewşeka xirab û bêbawerîyê di nava rêzên cemawerî da peyda dike.

Civandina hêzan ji demê şkestinê heya niha ya berdewame û nemaze di van du salan da. Em vê civandinê bi giştî bi kireka qenc dizanîn,lê divê kar bikîn ji bo guherandina wan bo civandina hêzên demokratîkên şoreşgêr di rêzekê da û pêşve bibîn.berew damezrandina rêkxistina pêşeng a Kurdistanê, û her wisa kar bikîn ji bo yekîtîya hêzên niştimanî di bereyekî da û dupatkirina pêwîstîya dûrxistina hêzên rastrew û paşverû.

Hebûna hêzên çekdarên destekên poletîkîyên cihê cihê pêwîstîyeka bi kiryar li ser pêwîstîyên damezrandina bereyekî niştimanîyê Kurdistanî zêde dike.

Piştî rêkketina II/Avdar/I970 Tevgera Kurdî di sîstemê tevgereka gelêrî ya fireh da li jêr rêberîya serokekî niştimanperwer da , ku Mistefa Barzanî bû, yekgirt"bû yek".Bi nêrîna me ew sîstem bi wî demî ra derbazbû û kes nikare careka din wî sîstemî vegerîne,lê niha sîstemê bi kêrhatî bereyeke ku hemî hêzên niştimanî bi şêweyekî wekîhev têda beşdar bibin . Serketina karê bereyî li Kurdistanê rê xweş dike ji bo bereyê niştimanî yê ..... li Iraqê, û civandina refên gel bi awayekî demokratîk û pêşverû, û pêşdabirina kira şoreşgerîyê di hemî waran da li Kurdistanê,cihê şoreşgêr û azadîxwazan û penageha wan kesên ku ji zordarîya faşîyan revîn.

Û damezrandina bereyê niştimanîyê Kurdistanî rêya girêdana kongireya Kurdistanî ya giştî hêsan dike, û pêwîstîyeka giringe ji bo rûberûkirina dirumên Rojhelata Navî û rûdanên wê,yên ku herdem tên guherîn,û gelek rê û asoyên başên têda ji bo pêşdabirina Tevgera Rizgarîxwaza Kurdi û pêkanîna serketinan di rêya bidestve anîna mafên rewayên gelê me.

### SILAV BO PARTÎYA ME, P.D.G.K,

Roja 26/7/I985 ê bîrhatina çarêye a damezrandina partîya me,Partî Demokratî Gelî Kurdistan.Bi vê helkeftinê Desteka Nivîskarên govara Pêşeng pêxoşe gerimtirîn silav û rêzên şoreşgêrî pêşkêş bike ji bo serokatî,endam û pêşmerge û hemî tagirên partîyê.Û ji bo wan,û ji bo canê şehîdên partîya xwe Nûrî Şaweys, Gundî,Kawe,Faris,Cengo,Şemoy û hemî hevalên wan yên qareman,ewên ku bi xwîna xwe ya pîroz alayê xebata partîya me bilindtir kirî,sozê dide ku govara Pêşeng her dem xetîrek be di rêya xebatkarên şoreşgêr da ji bo belavkirina bîr û bawerîyên pêşverû,û herwisa her peyveka wê gulleyek be di sîngê dijminên gel û welatê me ra.

Bijît partîya me,partîya karker û rêncber û roşenbîrên şoreşgêrên Kurdistanê.

DESTEKA NIVÎSKARÊN GOVARA PÊŞENG

# NERAZÎBÛNÊN CEMAWERÎ Lİ SER TÎRBARAN KİRİNA HEVALÊN ME

